١٠





# زمان و ئەدەبی کوردی

## پۆلی دەیەمی ئامادەیی

- زۆرترین ڕونکردنەوە بۆ سەرجەم بابەتەکان
- زۆرترین هەڵبژاردە خراوەتەڕوو لە (ئەدەب + ڕێزمان)
- شیکارکردنی سەرجەم ڕاهێنانەکان


ئامادەکردنی:

م. ئاراس جەوهەر    م. ئارام جەوهەر



DAIK PRINTING & COPY
0770 5416678 0748 154 1212

بسم الله الرحمن الرحیم

# ئامـــــــــــرازی بانگکردن

ئامرازی بانگکردن :- ئەو ئامرازەیە کە بۆ بانگکردن و وریا کردنەوەی کەسی دوویێنراو بەکاردەهێنرێت،گرنگترین ئامرازەکانی بانگکرنیش ئەمانەن:- (ئەی –هەی – هۆ – ێ – ە - ئادەی – ئا –ئەرێ – ئۆ – هێ – ئەها).

* لە کرمانجی ژووروودا ئەم ئامرازانە بۆ بانگکردن بەکاردێن:-

ئۆ: بۆ نێر و مێ وەکو :- ( ئـــۆ ئازاد ، بابێ تە هات )

ێ،هێ: هەردووکی بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردیت وەکو:- (کچـــێ فێری زانست ببە )

هۆ : بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت وەکو:- ( هـــۆ شڤان پەزێ خۆ باش بچەرینە )

*دەشێت بانگکراوەکە ناوێکی تاک بێت وەکو :-

ئادەی ئاری قەڵەمەکەم بۆ بهێنە.

ئـــەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان.

( ئادەی ، ئەی ) ئامرازی بانگکردنن

( ئاری ، ڕەقیب ) هەردووکیان ناوی تاکن و بانگکراون

*دەشێت بانگکراوەکە ناوێکی کۆ بێت وەکو :-

ئادەی هەڤاڵان هێرش ببەن. کورینە کوردستان بپارێزن.

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوە ( هەڤاڵان ، کورینە ) هەردووکیان ناوی کۆن و بانگکراون ،،، لە کورینەدا ( ان ) نیشانەی کۆ گۆڕاوە بۆ ( ین )

*دەشێت بانگکراوەکە گرێیەکی ناوی بێت وەکو:-

ئەی برای کوردم بە یەکگرتن سەردەکەون. هۆ کاکەی شوان گوێم لێیە لەو بن دارە ئەوەی ئەیلێی ئایلێیتەوە دووبارە.

لێرەدا ( برای کورد ، کاکەی شوان ) هەردووکیان گرێی ناوین و بانگکراون،،، ( ئەی ، هۆ ) ئامرازی بانگکردنن

*دەشێت بانگراوەکە جێناوێکی سەربەخۆ بێت وەکو :-

ئادەی تـــۆ پەرتووکەکەم بۆ بهێنە.

ئامرازی بانگگردن جێناوی سەربەخۆیە و بانگکراوە

تێبینی ١ :- ئەگەر ناوێکی کۆ بە ئامرازی بانگکردنی ( ە )وریا کرایەوە ئەوا ( ان)ی نیشانەی کۆ دەگۆڕێت بۆ( ین ) ئینجا ( ە )ی ئامرازی بانگکردنی دەخەینە سەر وەکو .        ( کوڕینـــە، بۆ سەرخستنی نیشتمان تێبکۆشن.)

لێرەدا ( ان ) گۆڕاوە بۆ ( ین ) کە لە ئەسڵا ناوەکە ( کوڕان ) بووە کاتێک ئامرازەکەی چووەتە سەر ( ان ) گۆڕاوە بۆ  ( ین ) .

تێبینی ٢ :- هەموو ئامرازە بانگکردنەکان دەکەونە پێش ناوە بانگکراوەکەوە جگەلە ئامرازەکانی ( ە ، ێ ) کە دەکەونە دوای ناوە بانگکراوەکەوە. وەکو

ئەی شەهیدان ئامرێ ئاو و نیشانتان.
ئامرازی بانگکردن    بانگکراو

خوشکـــێ ئانەکەت بخۆ .
بانگکراو    (ێ) ئامرازی بانگکردن

کـورینـــە بخوێنن.
گکراو    (ە) ئامرازی بانگکردن

تێبینی ٣ :- دەکرێ دوو ئامرازی بانگکردن لە ڕستەیەکدا هەبێت لەگەڵ بانگراوێک. وەکو:-

ئـــادەی کوڕینـــــە بۆ سەرخستنی نیشتیمان تێبکۆشن.
ئا. بانگکردن    بانگکراو    ئامرازی بانگکردن

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

تێبینی :-   زۆرجـار  مامۆستا لە کـاتی تـاقیکـردنـەوە پرسیارێک ئەهێنێتـەوە و پێت ئەڵــێ  ( (ە) لە چوار ڕستەدا بەکـار بهێنـە بە مەرجێک لە یەکەمیاندا ئامرازی پەیوەندی بێت و لە دووەمیاندا ئامرازی بانگکردن بێت و لە سێیەمیاندا جێنـاوی لکـاو بێت و لە چوارەمیاندا کاری ناتەواو بێت )

ڕەنگە ئەمە بۆ خوێندکـار گران بێت بۆیە ئێمە لێرەدا ڕستەکان بە ئـامادەکراوی ئەنووسین و خوێندکـاریش ئەتوانـی ئەم ڕستانە لەبەر بکات .

تێبینی ئەمە گرنگە .

١- منداڵـــەکـە دەچێتــە باخچەی ساوایان .        بۆ ئامرازی پەیوەندی

٢- بـــاوکـــە ، دیاریەکـم بۆ بکرە .        بۆ ئامرازی بانگکردن

٣- وانــەکـە بنووســـە .        بۆ جێنــــاوی لکــــاو

٤- منداڵـــەکـە جـوانــە .        بۆ کــاری نـاتــــەواو

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٩

ئامرازی بانگکردن لەم ڕستانەی خوارەوە دەربهێنە .

| ڕستە | ئامرازی بانگکردن |
|---|---|
| ١-ئەژداهاک :ئەی دێوی لە (بیر ) زراو چوو ئەی ناشتای مارانت بە مێشک کردووە. | ئەی ، ئەی |
| ٢-هەی سوار سواری ،هەر تفەنگ چی ،دەست باتە تفەنگ هەی ژنی جوان، ئارایشتی خۆی کا ،بۆ ئاهەنگ | هەی ، هەی |
| ٣-ئەسرین ،ئەی ئەستێرەی بەیان ئەی جوان ، ئەی شادەستەی جوانان. | ئەی ، ئەی ، ئەی |
| ٤-هۆ مام بایز ، وەرە بۆ ئێرە . | هۆ |

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ٩

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەم ئامرازانەی بانگکردن پڕ بکەرەوە. ئامرازەکان ( ئە ، ئادەی ، ئەی ، ئەها ، ێ ، ە )

١-ئەی مانگ من و تۆ هەردووک هاودەردین. ٢- ئادەی بابچین بۆ سەیران. ٣- پوور ێ نانەکەت بخۆ.

٤- ئەها کەپرەکە ڕووخا. ٥- کوڕ ە بەسەر شۆستەکەدا برۆ.

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ١٠

لەم ڕستانەی خوارەوەدا بانگکراوەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دەست نیشان بکە .

| ڕستـــــــــــــــــــــە | بـــــانـــــــگکراو | جۆری بانـــــگکراوەکە |
|---|---|---|
| ١-ئەی نەوجەوانانی وەتەن سا پێشکەون ئازا برۆن. | نەوجەوانانی وەتەن | گرێی ناوی |
| ٢-خەڵکە من بۆ خوا،واپێتان ئەڵێم ئەمە وەسیەتە،وا من لەسەر ڕێم. | خەڵک | ناو |
| ٣-ئادەی ئاری ئەو گۆڤارەم بۆ بهێنە . | ئاری | ناوێکی تاکە |
| ٤-خوشکێ ژ ئاخافتنا دایکا خۆ دەرنەکەڤە. | خوشک | ناوێکی تاکە |
| ٥-ئا کوڕی باش ئەو پیاوەم بۆ بانگ بکە. | کوڕی باش | گرێی ناوی |

# ئامـــــــــرازی لێکدەر

**ئامرازی لێکدەر** :- ئەو ئامرازەیە کە دوو وشە یان دوو گرێ یان دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێت، کە هەریەکەیان بۆ گەلێک مەبەست بەکاردێن مەبەستەکانیش ئەمانەن. ١- بۆ ئەوەی ڕستەکان دووبارە نەبنەوە ٢- بۆ ئاسان دەربڕین ٣- بۆ ڕەوانبێژی .

## گرنگترین ئامرازە لێکدەرکانیش ئەمانەن :-

( کە ، و ، تا ، بەڵام ، یاخود ، کەچی ،کو ، جگە، بێجگە ، لەگەڵ ،نەک ،نەوەک ، مەگەر، لەدوایدا ، لەپاشدا ، چونکە، ئەوسا ، هەتا، ئینجا)

*ئامرازی لێکدەر دەتوانێت دوو وشە بەیەکەوە ببەستێتەوە وەکو:-

ئازاد و نەوزاد هاتن. — وشە / ئامرازی لێکدەر / وشە

ئاشتی و ئازادی هیوای گەلانە. — وشە / ئامرازی لێکدەر / وشە

*ئامرازی لێکدەر دەتوانێت دوو گرێمان بۆ بەیەکەوە ببەستێتەوە وەکو :-

پیاوی بەجەرگ و خوێندکاری زیرەکم خۆشدەوێت. — گرێی ناوی / ئامرازی لێکدەر / گرێی ناوی

*ئامرازی لێکدەر دەتوانێت دوو ڕستەمان بۆ بەیەکەوە ببەستێتەوەو لە ڕستەیەکدا ڕێکیان بخات. وەکو:-

سەرمای زستان نەما کە بەهار هات. — ڕستە / ئامرازی لێکدەر / ڕستە

هەنارەکان ترشن بەڵام سێوەکان مزرن. — ڕستە / ئامرازی لێکدەر / ڕستە

چەند نموونەیەک لەسەر ئامرازە لێکدەرەکان :-

| ئامرازەکان | نموونەی ڕستە |
|---|---|
| و | گەل تامی ئازادی و سەربەخۆیی چەشتووە. |
| مەگەر | ڕێوی بە فێل ناوەستێ مەگەر تەڵە پێی ببەستێ. |
| چونکە | خوێدکارەکە نەهات بۆ خوێندنگە چونکە نەخۆش بوو. |
| ئەگەر | ئەگەر چوویت بۆ ڕاو ئاگادارم بکەرەوە . |
| نەوەک | تۆ لێرە دانیشە نەوەک ئەوان لە پڕ بێن . |
| نەک | گورج و گۆڵم نەک گێژم بۆیە نەمام ئەنێژم. |
| ئەگەر | ئەگەر چوون بۆ دەرەوە ئاگادارم بکەنەوە . |
| ئەگینا | زۆر مەخۆن ئەگینا نەخۆش ئەکەون. |
| تا | تا تۆ لێرەبیت ، من ناڕۆم. |
| کە | کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە . |

## ڕاهێنانی( دووەم ) لاپەڕە ١٤

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئامرازی لێکدەر دەربهێنە.

| ڕستە | ئامرازی لێکدەر |
|---|---|
| ١-پیرەمێرد دەڵێ : لە دەربەندیخان هەتا کەلیخان ئەو ناوە یەکسەر شێواوەو وێران<br>شیو و هەرد و بەرد تا لوتکەی بەرزان پڕ لە وەیشوومە ، بە گەلا ڕێزان | هەتا ، و ،<br>و ، و ، تا ، |
| ٢-ئەگەر لە زستاندا بەفرو باران نەبارێت بەنداوەکان ئاویان کەم دەبێت. | ئەگەر ، و |
| ٣-کارزان لەگەڵ هاوڕێکانیدا زۆر کۆشش دەکات،چونکە دەترسێت،کە لە تاقیکردنەوەکاندا دەرنەچێت. | لەگەڵ ، چونکە ، کە |
| ٤-بێکەس دەڵێت<br>ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە<br>عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فەرمانە<br>فەرقی نێر و مێ نیە بیزانە<br>هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە<br>سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە | <br>و<br>و<br>و<br>تا |

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ١٤

بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە (سێ ) گرێ دروست بکە لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە بەمەرجێک ١- بکەر ٢- بەرکار ٣- تەواوکەری بەیاریدەی کار

١-بکەر :- . وەکو ئازاد و نەوزاد هاتن. ( و ) ئامرازی لێکدەرە لەهەردوو ڕستەکەدا زانست و زانیاری گەل پێشدەخەن .

گرێی ناوی ( بکەرە ) گرێی ناوی ( بکەرە )

٢-بەرکار:- وەکو ئازاد و نەوزادم بینی. ئازادی و یەکسانیمان دەوێت.

گرێی ناوی ( بەرکارە) گرێی ناوی ( بەرکارە)

٣-تەواوکەری بەیاریدەی کار:- وەکو نامەکەم بە ئازاد و نەوزاد دا نارد. بە ئاشتی و ئازادی سەردەکەوین.

گرێی ناوی ( تەواوکەری بەیاریدە) گرێی ناوی ( تەواوکەری بەیاریدە)

ئامادەکردنی : ئاراس جوهر ٠٧٥٠٣٤٢٩٩٥٥ و م. ئارام جوهر ٠٧٥٠١٠٩٩٥٩٨

## ڕاهێنانی ( چوارەم ) . لاپەڕە ١٥

لەم ڕستانەی خوارەوە ئامرازی پەیوەندی و لێکدەر و بانگکردن جیا بکەرەوە :-

| ڕستە و هۆنراوە | ئامرازی پەیوەندی | ئامرازی لێکدەر | ئامرازی بانگکردن |
|---|---|---|---|
| ١-کە زۆر هات ، قەواڵە بەتاڵە | .................. | کە | .................. |
| ٢-کوردینە ، یەکبگرن . | .................. | .................. | ( ە ) |
| ٣-ئاسۆ و نەبەز ، لە دوای ئێمەوە گەیشتنە هەولێر. | ( لە - وە ) ،( ە ) | و | |
| ٤-ئەی خوێندکاری ژیر،لە وانەکانتدا کۆشش بکە. | ( لە - دا ) | | ئەی |
| ٥-حەمدی دەڵێ: | | | |
| کە ڕۆیشتی بە جارێ دڵ و جەرگ و هەناوم کەوت | | کە ، و ، | |
| کە چوویتە (تانە) تانە سەر گلێنەی هەردوو چاوم کەوت | ( ە ) | کە | |
| ئەڵێن هاتوویتە (کوێت) بڵێ قوربانی کوێتی کەم ؟ | ( ە ) | | |
| کە نۆبەت بەر سەری نەحسی شکاوی بێ کڵاوم کەوت | | کە | |

**پرسیار:-** چ کاتێک ( ە ) بزوێنی کورت دەبێتە ئامرازی پەیوەندی ؟

**وەڵام //** هەر کاتێک ( ە ) بزوێنی کورت کەوتە کۆتایی کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و ( داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆیەکەی ) ئەوا ( ە ) دەبێتە ئامرازی پەیوەندی و شوێنی ئامرازە پەیوەندییەکانی ( بە ، بۆ ) دەگرێتەوە . وەکو:-

**بۆ کاری ڕابردوو :-** ئێمە چووینە قوتابخانە — کەلە بنەڕەتدا ڕستەکە ئاوایە — ( ئێمە چووین بۆ قوتابخانە )

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە

**بۆ کاری ڕانەبردوو :-** ئێمە دەچینە قوتابخانە — لە بنەڕەتدا ڕستەکە ئاوایە — ( ئێمە دەچین بۆ قوتابخانە )

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە

**بۆ کاری داخوازی :-** منداڵەکان ببەنە خوێندنگە — لە بنەڕەتدا ڕستەکە ئاوایە — ( منداڵەکان ببەن بۆ خوێندنگە )

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ( ە ) ی ئامرازی پەیوەندی شوێنی ( بۆ ) ی ئامرازی پەیوەندی گرتووە و کەوتۆتە کۆتایی کارەوە بۆیە ( ە ) بووە بە ئامرازی پەیوەندی ، بەڵام لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ( ە ) شوێنی ( بە ) ی ئامرازی پەیوەندی دەگرێتەوە و بە هەمان شێوە دەبێتە ئامرازی پەیوەندی وەکو .

شیرەکە دەبێتە ماست — لە ئەسڵا بەم شێوەیە — ( شیر دەبێت بە ماست )

ئامرازی پەیوەندی — ئامرازی پەیوەندی

>

## ڕاهێنانی ( پێنجەم ) لاپەڕە ١٥

ئەم ڕستانە شی بکەرەوە:-

١-تا ئارەق نەڕێژیت ،شیرینی ناچێژیت.

تا // ئامرازی لێکدەرە

ئارەق // ناوە ، تاکە ، بەرجەستەیە ، بەرکارە

نەڕێژیت // کارێکی ڕانەبردووی تێپەڕی دانانییە ، نەرێیە

یت // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک ، بکەرە

شیرینی // ناوێکی واتاییە ، بەرکارە

ناچێژیت // کارێکی ڕانەبردووی تێپەڕی ڕاگەیاندنە ، نەرێیە

یت // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک ، بکەرە

٢- بەپەلە هاتم ،کەچی ئاری ڕۆیشتبوو.

بەپەلە // هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە

هات // کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی تێنەپەڕە

م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە

کەچی // ئامرازی لێکدەرە

ئاری // ناوە ، تاکە ، تایبەتییە ، نێرە ، بکەرە

ڕۆیشتبوو // کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنە ، تێنە پەڕە

## جێنـــــــــاوی لێکدەر

**جێناوی لێکدەر :-** وشەیەکە لە جیاتی ناوی کەسێک یان شتێک بەکاردەهێنرێت کە پێشتر ناوەکە گوترابێت ، هەروەها دوو ڕستەش پێکەوە گرێ دەدات و لە ڕستەیەکدا ڕێکیان دەخات . جێناوە لێکدەرەکانیش ئەمانەن ( کە ، کو )

١- ( کە ) بۆ کرمانجی خواروو ( سۆرانی ) : وەکو

ئەو دایکەی کە منداڵی خۆی باش پەروەردە دەکات ، ڕۆشنبیرە.     ئەو مامۆستایەی کە پێشمەرگەبوو ، شەهید کرا.

( گەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین دەبینین هەر یەکێک لەم ڕستانە ڕستەی ناوێتەن واتە دوو ڕستەن و لە ڕستەیەکدا ڕێکخراون )

ئەرکی ( کە ) لەم ڕستانەدا دەبێتە جێناوی لێکدەر چونکە شوێنی ناوێکی گرتۆتەوە لە ڕستەی دووەمدا ، وە هەمیشە جێناوی لێکدەر دەکەوێتە دوای ئەو ناوەی کە لەڕستەی دووەمدا دووبارە ناکرێتەوە و ( کە ) شوێنی دەگرتۆتەوە .بۆ نموونە ئەر ڕستەکانی سەرەوە بگێڕینەوە باری ئاسایی خۆیان ئەوا بەم شێوەیەیان لێ دێت .

ئەو دایکە منداڵی خۆی باش پەروەردە دەکات . (ڕستەی یەکەم)     ئەو دایکە ڕۆشنبیرە (ڕستەی دووەم)

ئەو مامۆستایە پێشمەرگەبوو (ڕستەی یەکەم)     ئەو مامۆستایە شەهید کرا ( ڕستەی دووەم)

گەر سەیری ئەم ڕستانە بکەین کاتێک دەیان گەڕێنینەوە باری ئاسایی خۆیان ئەوا ناوێک لە ڕستەکاندا دوو جار دووبارە دەبێتەوە ، لە ڕستەی یەکەمدا (ئەو دایکە ) و لەڕستەی دووەمدا ( ئەو مامۆستایە ) بەڵام لە ڕستە ئاوێتەکەدا واتە ڕستەکەی یەکەمجار یەکجار ئەم ناوانە هاتوون.چونکە لەو ڕستانەدا (کە ) ی جێناوی لێکدەر هاتووە کە یارمەتیمان دەدات ناوەکان دووبارە نەکەینەوە ، وە هەمیشە ( کە ) ی جێناوی لێکدەر دەکەوێتە دوای ئەو ناوەی کە لە ڕستەی دووەمدا شوێنی دەگرێتەوە. بەم شێوەیە

لە ڕستەی یەکەمدا کەوتۆتە دوای ( ئەو دایکە ) ، لە ڕستەی دووەمدا کەوتۆتە دوای ( ئەو مامۆستایە )

بۆیە ئەرکی ( کە ) لەم جۆرە ڕستانەدا سەرەڕای ئەوەی کە دوو ڕستەمان بۆ لێکدەدات شوێنی ناوێکیش دەگرێتەوە لە ڕستەکەدا بۆیە پێی دەگوترێت ( جێناوی لێکدەر ) واتە لەشوێنی ناوێک بەکاردێت و ڕستەشمان بۆ لێکدەدات .

( کە ) ی جێناوی لێکدەر زۆر بەی کات ئاوا دێت لە ڕستەدا

( ناو یان گرێی ناوی + کە + بەشێک لە ڕستەکە ، بەشەکەی تری ڕستە ) وەکو

بۆ ناو ( پرشنگ کە باوکی هاتەوە ، ئەچێت بۆ شەقڵاوە ) ، بۆ گرێی ناوی ( ئەو ئەسپەی کە بەزینەکەوە فرۆشتم ، هی خۆم بوو )

ناو ↓ جێناوی لێکدەر ↓     گرێی ناوی ↓ جێناوی لێکدەر ↓

تێبینی // هەندێک جار پێش ( کە ) ی جێناوی لێکدەر ( ی ) دێت واتە بەم شێوەیە ( ی کە ) ئەوا ئە ( ی ) یە بەشێکە لە جێناوە لێکدەرەکە و هیچ ئەرکێکی تری نیە ، وە دەشکرێت دەرنەکەوێ ، وەک لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە .

( پرشنگ کە باوکی هاتەوە ، ئەچێت بۆ شەقلاوە ) ، ( ئەو ئەسپە ی کە بەزینەکەوە فرۆشتم ، هی خۆم بوو )

(کە) بەتەنها هاتووە ، ( ی کە ) بە یەکەوە هاتووە ، هەردووکیان هەر یەک شتن

٢-( کو ) بۆ کرمانجی ژوورو واتە ( بادینی ) وەکو

ئەڤ کتێبا کو لسەر مێزێیە ، یا منە .     ئەڤ پارێ کو تە بلاڤ دکەی سامانێ میلەتییە.

ئەم ڕستانە ڕستەی ئاوێتەن و هەریەکەیان لە دوو ڕستەی سادە پێک هاتووە، وە ( کو ) ئەرکی بەیەکەوە بەستنی ڕستەکان و جێگرتنەوەی ناوێکی پێ سپێردراوە لەم ڕستانەدا بۆیە بە ( کو ) دەگوترێت جێناوی لێکدەر ، ڕستەکان لە ئەسڵا بەم شێوە بوون پێش ئەوەی بکرێن بە ڕستەی ئاوێتە ،

ئەڤ کتێبا لسەر مێزێیە   ڕستەی یەکەم   ئەڤ کتێبا یا منە   ( ڕستەی دووەم )

ئەڤ پارێ تو بلاڤ دکەی   ڕستەی یەکەم   ئەڤ پارێ سامانێ میلەتییە   ( ڕستەی دووەم )

پرسیار :- جیاوازی و لێکچواندن چییە لە نێوان جێناوی لێکدەر و ئامرازی لێکدەری ( کە ، کو )، یان چۆن ( کە ، کو ) جیا بکەینەوە کە ئایا جێناوی لێکدەرە یان ئامرازی لێکدەر .

| جێناوی لێکدەر | ئامرازی لێکدەر |
|---|---|
| ١-جێناوی لێکدەر هەمیشە ڕستەی ئاوێتەمان بۆ دروست دەکات وەکو // ئەو خوێندکارەی کە زیرەک بوو ،خەلاتکرا .<br><br>٢-جێناوی لێکدەر بەشێکە لە ڕستە ئاوێتەکەو هەرکاتێک ڕستەکان بگێرینەوە باری ئاسایی خۆیان دەبێت ئاماژە بەو ناوە بکەین کە (جێناوە لێکدەرەکە لە ڕستەکەدا شوێنی گرتووەتەوە وەکو //<br>ئەو خوێندکارەی کە زیرەک بوو ،خەلاتکرا . بەم شێوەیەی لێدێت<br>ئەو خوێندکارە زیرەک بوو.<br>ئەو خوێندکارە خەلاتکرا .<br>لێرەدا گرێی ( ئەو خوێندکارە ) دوو جار دووبارە بووەتەوە ، بەلام لە ڕستە ئاوێتەکەدا ( کە ) شوێنی ناوێکی گرتووەتەوە بۆیە لەوێ دووبارە نەبووەتەوە . | ١-ئامرازی لێکدەر وشەی لێدراو و گرێی لێکدرا و ڕستەی لێکدراو مان بۆ دروست دەکات، وەکو<br>سەرمای زستان نەما کە بەهار هات.<br>٢-ئامرازی لێکدەر سەر بە هیچ کام لە بەشەکانی ڕستە نیە و بەلابردنی ڕستەکان دەگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان وەکو<br>سەرمای زستان نەما کە بەهار هات .<br>سەرمای زستان نەما.<br>بەهار هات .<br>لێرەدا هیچ ناوێک دووبارە نەبووەتەوە کەواتە ( کە ) ئامرازی لێکدەرە ) |

*خالی هاوبەشی نێوانیان تەنها بەستنەوەی ڕستەکانە .

**تێبینی :-** ( کە ، کو ) تەنها دوو ئەرکیان هەیە یان ئامرازی لێکدەرە یان جێناوی لێکدەرەرە. وەکو

**پرشنگ کە باوکی هاتەوە ، ئەچێت بۆ شەقلاوە**

**ئەڤ کتێبا کو لسەر مێزێیە ، یا منە**

جێناوی لێکدەر

**سەرمای زستان نەما کە بەهار هات**

**تە بیستییە، کو دلۆڤانێ خوێندنا خۆ تەواو کرییە.**

ئامرازی لێکدەر

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ١٩

ئەو ڕستانە دیاری بکە کە جێناوە لێکدەرەکان پێکەوەی بەستوون:-

| ڕستە ی ئاوێتە | جیا کردنەوەی ڕستەی ئاوێتە بۆ ڕستەی سادە |
|---|---|
| ١-ئەو کەسەی کە منداڵی خۆی باش پەروەردە دەکات ،نیشتمان پەروەرە. | آ-ئەو کەسە منداڵی خۆی باش پەروەردە دەکات.<br>ب- ئەو کەسە نیشتمان پەروەرە. |
| ٢-ئەو ڕەزێ کو تە کێلای ، یێ بابێ منە . | آ-ئەو ڕەزە تە کێلای .<br>ب-ئەو ڕەزە یێ بابێ منە. |
| ٣-مامۆستایان کە ڕەنجی فێرکردن پێشکەش بە هاونیشتمانیان دەکەن، پێشەوای گەلن. | آ- مامۆستایان ڕەنجی فێرکردن پێشکەش بە هاونیشتمانیان دەکەن.<br>ب-مامۆستایان پێشەوای گەلن. |
| ٤-ئەڤ پارێ کو تو بلاڤ دکەی، سامانێ میللەتیە. | آ- ئەڤ پارێ تو بلاڤ دکەی.<br>ب-ئەڤ پارێ سامانێ میلەتییە. |
| ٥-ئەو مامۆستایێ کو وە دیتی ، پسپۆرێ ئەندازێیە. | آ- ئەو مامۆستایێ وە دیتی.<br>ب-ئەو مامۆستایێ پسپۆرێ ئەندازێیە. |

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ١٩

ئەم ڕستانە شی بکەرەوە.

| ١-ئەو خوێندکارێ کو مە دوهێ دیتی ، خارزایێ تە یە. | ٢- ئەو گەلەی کە بەئازادی بژێێت سەرفرازە. |
|---|---|
| ئەو .... ێ // هاوەڵناوی نیشانەیە ، دیارخەری ناوە.<br>خوێندکار // ناوە ناسراوە گشتییە ، دوولایەنە ، دیارخراوە .<br>ئەو خوێندکارێ // گرێی ناوییە ، بەرکارە.<br>کو // جێناوی لێکدەرە.<br>مە // جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە کرمانجی ژووروودا، بکەرە.<br>دوهێ // هاوەڵکاری کاتییە ، تەواوکەری کارە.<br>دیتی // کاری ڕابردووی تێپەڕە.<br>خارزا // ناوە ، گشتییە ، دوولایەنە ، دیارخراوە.<br>ێ // ئامرازی خستەنە سەرە بۆ ڕەگەزی نێر.<br>تە // جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاک ، دیارخەری ناوە .<br>خارزایێ تە // گرێی ناوییە و تەواوکەری کاری ناتەواوە.<br>ی // ناوبەندە .<br>( ە ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا | ئەو .... ە // هاوەڵناوی نیشانەیە ، دیارخەری ناوە.<br>گەل ، ناوە ، دیارخراوە.<br>ئەو گەلە // گرێی ناوییە ، بکەرە .<br>بە // ئامرازی پەیوەندییە .<br>ئازادی // ناوی واتاییە ، تەواوکەری بەیاریدەیە.<br>بژێێت // کاری ڕانەبردووی دانانی تێنەپەڕە.<br>ێت // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.<br>سەرفرازە // هاوەڵناوێکی چۆنیەتییە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە.<br>( ە ) کاری ناتەواوە. |

## چەند شێوازێکی پرسیار لەسەر بابەتەکانی ( ئامرازی بانگکردن و ئامرازی لێکدەر و جێناوی لێکدەر)

پرسیار// بە هۆی ئامرازی بانگکردنی ( ئا ) ناوێکی تاک وریا بکەوە.

وەڵام //   ئـا ئەیوب پەرتووکەکەم بۆ بهێنە.

پرسیار // بەهۆی ئامرازی بانگکردنی ( هۆ ) گرێیەکی ناوی وریا بکەوە.

وەڵام //   هـۆ برای کوردم بەیەکگرتن سەردەکەوین.

پرسیار // بەهۆی ئامرازی بانگکردنی ( ئادەی ) جێناوێکی سەربەخۆ وریا بکەوە.

وەڵام //   ئادەی تۆ دەفتەرەکەتم بۆ بهێنە.

پرسیار// بزوێنی کورت (ە) لە دوو ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک لە یەکێکیاندا ئامرازی بانگکردن بێت و لەوەی تریان ئامرازی پەیوەندی بێت.

وەڵام//   کچینە یارمەتی دایکتان بدەن . (بانگکردن) ،،،   منداڵەکە هاتە قوتابخانە ( ئامرازی پەیوەندی)

پرسیار // لە ئامرازی بانگکردندا چ کاتێک نیشانەی (ان) دەگۆڕێت بۆ ( ین) بەنموونەوە.

وەڵام// هەرکاتێک ناوێکی کۆ بە ئامرازی بانگکردنی ( ە) وریا کرایەوە یان بانگکرا ئەوا نیشانەی کۆ ( ان ) دەگۆڕێت بۆ ( یـن ) وەکو ( کچینە بخوێنن)

پرسیار // ئامرازی بانگکردنی ( ە ) چووبێتە سەر ناوێکی کۆی نێر.

وەڵام   //   کوڕینـە وڵات بپارێـزن .   لە بنەڕەتدا ( کوڕان)ە .

پرسیار// جیاوازی نێوان ئامرازی لێکدەر و جێناوی لێکدەر چییە بەنموونەوە .

وەڵام   پێناسەکانیان جیاوازیەکانیانە.

پرسیار //· لە ڕستەی ( ئەو کەسەی کە پەیڕەوی یاسا بکات ڕۆشنبیرە )   ١- ( کە) چییە ؟   ٢- دواتر ( کە ) لە ڕستەیەکی تردا بەکار بهێنە پێچەوانەی ئەم ئەرکەی ئەم ڕستەیە بێت .

وەڵام //   ١- ( کە ) جێناوی لێکدەرە .   ٢- کەبەهار هات دەچینە سەیران .   ( کە ئامرازی لێکدەرە)

پرسیار // ( کـو ) لە دوو ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک لە یەکەمیاندا جێناوی لێکدەربێت لە دووەمیاندا ئامرازی لێکدەربێت.

وەڵام // ئەڤ پەرتووکا کو لسەر مێزێیە یـامنە.   ( جێناوی لێکدەر )   ،،،،،   ئەتبیستییە کو سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیرییە.   ( ئامرازی لێکدەر)

پرسیار // بەهۆی ئامرازی لێکدەر ( و ) گرێیەکی ناوی دروست بکەو لە ڕستەدا بەکاری بهێنە بەمەرجێک ١ – بکەر   ٢- بەرکار   ٣- جێگری بکەر

وەڵام // ئازاد و نەوزاد ( گرێی ناوی )

١- بکەر : ئازاد و نەوزاد هاتن .   ٢- بەرکار :   ئازاد و نەوزادم بینی .   ٣- جێگری بکەر :   ئازاد و نەوزاد بینران.

پرسیار // بەهۆی ئامرازی لێدەری ( و ) دوو گرێی ناوی بەیەکەوە ببەستەوە و بەمەرجێک ئەرکیان بەرکار بێت .

وەڵام // پیاوی بەجەرگ ، خوێندکاری زیرەک

پیاوی بەجەرگ و خوێندکاری زیرەکم خۆش دەوێت . ( پیاوی بەجەرگ و خوێندکاری زیرەک : گرێی ناوی بەرکار)

پرسیار // ((باپیرە ، کەلوپەلەکانم کۆکردەوە)) .

لەم ڕستەیەدا ( ە ) چییە ؟ دواتر ( ە ) لە دوو ڕستەی تردا بەکاربهێنە بەمەرجێک جیاواز بن لەم ئەرکەی لەم ڕستەیەدا هەیەتی دواتر بانگکراوەکە دەست نیشان بکە و ناوە بانگکراوەکە بخە ڕستەیەکی ترەوە بەمەرجێک ئەرکی بەرکار بێت .

وەڵام // ( ە ) ئامرازی بانگکردنە

١- خوێندکارەکە زیرەکە . ٢- لانە دەچێتە ڕانیە .

( باپیر ) ناوی بانگکراوە ( باپیرم بینی )

ئەمانە چەند شێوازێکی پرسیارن کە لە تاقیکردنەوەکاندا دێتەوە و لەم شێوانە بەدەر نییە ، بۆیە پێویستە بەباشی فێری ئەم شێوازە پرسیارانە ببیت .

## ڕستــــــەی ئــــــاوێتە

**ڕستەی ئاوێتە:-** ئەو ڕستەیەیە کە لە دوو ڕستەی سادە یان زیاتر پێک دێت بەیارمەتی وشەی لێکدەر ( ئامرازی لێکدەر ، جێناوی لێکدەر )ی ( کە ، کو ) دەدرێنە پاڵ یەکتر.

ڕستەی ئاوێتە لە دوو بەش پێکدێت: ١- شاڕستە   ٢- پاڕستە

**١- شاڕستە :-** ئەو بەشەی ڕستەی ئاوێتەیە کە بنجی و سەربەخۆیە و واتای سەربەخۆی خۆی هەیە.هیچ وشەیەکی لێکدەر ( ئامرازی لێکدەر ، جێناوی لێکدەر )ی ( کە ، کو ) لە پێشەوە نییە.وەکو

نەت بیستووە،کە هێز لە یەکگرتندایە.     کە باران باری ،لافاوەکە هەستا .

لێرەدا لە ڕستەی یەکەمدا( نەت بیستووە ) شاڕستەیە چونکە واتای سەربەخۆی خۆی هەیە،وە هیچ وشەیەکی لێکدەر( ئامرازی لێکدەر ،جێناوی لێکدەر )ی ( کە ، کو )ی لە پێشەوە نییە.

وە لە ڕستەی دووەمدا( لافاوەکە هەستا ) شا ڕستەیە چونکە واتای سەربەخۆی خۆی هەیە و هیچ وشەیەکی لێکدەر ( ئامرازی لێکدەر ، جێناوی لێکدەر )ی ( کە ، کو )ی لە پێشەوە نییە.

**٢-پاڕستە :-** ئەو بەشەی ڕستەی ئاوێتەیە کە بنجی و سەربەخۆنییە و واتای سەربەخۆی خۆی نیە،واتاکەی بەندە بە شاڕستەوە ، وە هەمیشە وشەیەکی لێکدەر ( ئامرازی لێکدەر ، جێناوی لێکدەر )ی ( کە ، کو ) لە پێشەوە یە.وەکو

کە باران باری ،لافاوەکە هەستا     پرشنگ کە باوکی هاتەوە ، دەچێت بۆ سلێمانی .

لە ڕستەی یەکەمدا ( کەباران باری ) پاڕستەیە و واتاکەی ڕوون نیە ، وە ئامرازی لێکدەری ( کە ) ی لە پێشەوە هاتووە . بۆیە بە ئاسانی ئەتوانین جیای بکەینەوە لە شاڕستە.

لە ڕستەی دووەمدا ( کە باوکی هاتەوە ) پاڕستەیە ، ئەگەر سەیری پاڕستەکە بکەین دەبینین واتاکەی ڕوون نیە و واتاکەی بەندە بە واتای شا ڕستەوە، وە جێناوی لێکدەری ( کە ) لە پێشە .

پرسیار:- چۆن شارستە لە پارستە جیا بکەینەوە ؟

وەڵام :- شارستە هەمیشە واتای سەربەخۆی هەیە، هیچ وشەیەکی لێکدەر( ئامرازی لێکدەر ، جێناوی لێکدەر )ی ( کە ، کو )ی لە پێشەوە نییە. بەهۆی ئەمەوە بە ئاسانی لە پارستەی جیا ئەکەینەوە. بۆ نموونە

ئەو سێوەی کە ئێوارە کڕیم ، باش نەبوو .

ئاشکرایە ،کە پەتی درۆ کورتە.

ئەگەر سەیری ئەو نموونانەی سەرەوە بکەین دەبینین شارستە ئەوەیە کە هیچ وشەیەکی لێکدەر( ئامرازی لێکدەر ، جێناوی لێکدەر )ی ( کە ، کو )ی لە پێشەوە نییە و واتای سەربەخۆی هەیە. بۆیە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە شارستەی ڕستەکانی سەرەوە ئەمانەن

ئەو سێوە باش نەبوو ⟵ شارستە

ئاشکرایە ⟵ شارستە

ئەگەر سەیری ڕستەی یەکەم بکەین دەبینین شا ڕستەکە دوو بەشە ، بەشێکی لە سەرەتا و بەشێکی لە کۆتای دا هاتووە هۆ کاری ئەوەش ئەوەیە کە (کە) جێناوی لێکدەر هەیە، وە ( ئەو سێوە ) بە تەنها مانای تەواو نیە بۆیە دەبێت بەشێکی تری لەگەڵ بێت بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە چونکە شارستە واتای سەربەخۆی هەیە،

بەڵام پارستە واتای سەربەخۆی خۆی نیەو واتاکەی بەندە بە شارستەوە وە هەمیشە وشەی لێکدەر( ئامرازی لێکدەر ، جێناوی لێکدەر )ی ( کە ، کو )ی لە پێشەوەیە.بۆ نموونە.

ئەو سێوەی کە ئێوارە کڕیم ، باش نەبوو .

ئاشکرایە ،کە پەتی درۆ کورتە.

لەم ڕستانەدا پارستەکان بریتین لە ( کە ئێوارە کڕیم ) پارستەی ڕستەی یەکەم وە ( کە پەتی درۆ کورتە ) پارستەی ڕستەی دووەمە ، لێرەدا گەر سەیری ڕستەکان بکەین هیچ کامیان واتاکانیان ڕوون نین بەڵکو واتاکانیان بەندە بە شارستەکەوە . وە ( کە ) بەشێکە لە پارستەکە بەلابردنی هەڵە لە دیاریکردنی پارستەکە دروست دەبێت .

پرسیار :- چ کاتێک وشەی لێکدەری ( کە ، کو ) دەبێتە جێناوی لێکدەر ؟ وە چ کاتێک دەبێتە ئامرازی لێکدەر ؟

وەڵام // ئەگەر هاتوو وشەی لێکدەری ( کە ، کو ) لە ڕستەی ئاوێتەدا لە شوێنی ناوێک بەکار هاتن و کەوتنە دوای ئەو ناوەی کە لە ڕستەی دووەمدا دووبارە نابێتەوە ئەوا پێیان دەگوترێت ( جێناوی لێکدەر ) وەکو

ئەو مامۆستایەی کە پێشمەرگە بوو ، شەهید کرا .
جێناوی لێکدەرە

ئەڤ کتێبا کو لسەر مێزێیە ، یا منە .
جێناوی لێکدەرە

بۆ ئەوەی بە ئاسانتریش جیای بکەیتەوە ئەوا سەیری پارستەکە بکە ئەگەر پارستەکە کەوتە ناوەڕاست ئەوا زۆر بەی کات ( کە ، کو ) دەبنە جێناوی لێکدەر .

بەڵام ئەگەر ( کە ، کو ) بە تەنها دوو ڕستەیان بەیەکەوە بەستبووەوە شوێنی هیچ ناوێکیان نەگرتەوە لەڕستەدا ئەوا ( کە ، کو ) دەبنە ئامرازی لێکدەر وەکو :

نەت بیستووە ، کە حاجیاوا دەکرێتە قەزا.
( کە ) ئامرازی لێکدەرە

کە بەهار هات ، گژوگیا سەوز دەبێت.
( کە ) ئامرازی لێکدەرە

لێرەدا گەر سەیری ئامرازەکە بکەین دەبینین کە شوێنی هیچ ناوێکی نەگرتۆتەوە ، کەوابوو بەس ئەرکی بەستەوەی ڕستەکانی گرتۆتە ئەستۆ بۆیە پێی دەگوترێت ئامرازی لێکدەر.

## شوێنی پارستە لە ڕستەی ئاوێتەدا

پارستە دەکەوێتە ( سێ ) شوێنەوە لە ڕستەی ئاوێتەدا .

١- سەرەتای ڕستەی ئاوێتە. وەکو کە بەهار هات ، گژوگیا سەوز دەبێت
پارستەکە کەوتۆتە سەرەتا

٢-ناوەڕاستی ڕستەی ئاوێتە.وەکو کەرکوک کە لە مێژوودا بە (ئارابخا ) ناسراوە ، شارێکی خۆشە.
پارستەکە کەوتۆتە ناوەڕاست

تێبینی// هەرکاتێک پارستەکە کەوتە ناوەڕاستەوە ئەوا زۆربەی کات ( کە ، کو ) ئەرکی جێناوی لێکدەر دەبینن.

٣-دەکەوێتە کۆتایی رستەی ئاوێتەوە وەکو : گژوگیا سەوز دەبێت ، کە بەهار هات .
پارستەکە کەوتۆتە کۆتاییەوە

پرسیار// شارستەو پارستەی ئەم ڕستانەی خوارەوە جیابەرەوە پاشان ئەرکی ( کە و کو ) دیاری بکە.

| ڕستە | شارستە | پارستە | ئەرکی (کە ، کو ) |
|---|---|---|---|
| ١-کە دەرمانەکەم خوارد، لەشم سوک بوو. | لەشم سووک بوو | کە دەرمانەکەم خوارد | ( کە ) ئامرازی لێکدەرە |
| ٢-ئەو دزەی کە لەپشت دەرگاکە بوو ،گرتم. | ئەو دزەم گرت | کە لەپشت دەرگاکە بوو | (کە)جێناوی لێکدەرە |
| ٣-کە زەنگەکە لێدرا ، خوێندکارەکان چوونە ژوورەوە. | خوێندکارەکان چوونە ژوورەوە | کە زەنگەکە لێدرا | (کە)ئامرازی لێکدەرە |
| ٤-ئەو پیاوەی کە ڕاوەستاوە ، باوکمە . | ئەو پیاوە باوکمە | کە ڕاوەستاوە | (کە) جیناوی لێکدەرە |
| ٥-گەل کە یەکبوو ، بەسەر دووژمنیدا زاڵ دەبێت. | گەل بەسەر دووژمنیدا زاڵ دەبێت | کە یەکبوو | (کە ) جێناوی لێکدەرە |
| ٦-پیاوەکەم دیت، کە دەشەلی. | پیاوەکەم دیت | کە دەشەلی | (کە ) جیناوی لێکدەرە |

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٢٢

ئەمانە لە ڕستەی ئاوێتەدا بەکار بهێنە.

| پارستە | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|
| ١-کە شاعیرێکی مەزن بوو | ١-دڵدار کە شاعیرێکی مەزن بوو ،سرودی ئەی ڕەقیبی نووسیوە. |
| ٢-کە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە . | ٢-ئەو کەسانەی کە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە ، نیشتمان پەروەرن . |
| ٣-کو تە فرۆشی.. | ٣-ئەو پەرتووکەی کو تە فرۆشی ، یا منە .. |
| ٥-کو سالار ب دویڤ زانستێ دگەڕێت. | ٥-نەتزانیوە، کو سالار ب دویڤ زانستێ دگەڕێت. |
| ٦-کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ پرۆژێن مەزن ڤەدکەت. | ٦-ئەم دزانین. کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ پرۆژێن مەزن ڤەدکەت. |
| ٧-کە گوندێکی خۆش بوو. | ٧-گۆپتەپە کە گوندێکی خۆش بوو ، کیمیا باران کرا. |

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ٢٢

وشەی ( کە ، کو ) هەردووکیان لە دوو ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک جارێکیان جێناوی لێکدەر و جارێکیان ئامرازی لیکدەر بن ،

| ( کە ، کو ) وەکو ئامرازی لێکدەر | ( کە ، کو ) وەکو جێناوی لێکدەر |
|---|---|
| ١- کە بەهار هات ، دەچینە سەیران. | ١-ئەو خوێندکارەی کە زیرەک بوو ، خەڵاتکرا . |
| ٢- نەتزانیوە، کو سالار ب دویڤ زانستێ دگەڕێت. | ٢-ئەڤ کتێبا کو لسەر مێزێیە ، یا منە . |

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ٢٢

١- ئەو کوردەی کە خەباتی کردووە ، شایانی ڕێزلێنانە.

ئەو ...... ە // هاوەڵناوی نیشانەیە و دیارخەری ناوە
کورد // ناوە ، تاکە ، گشتییە ، دیارخراوە
ئەو کوردە // گرێی ناوی ، بکەرە
کە // جێناوی لێکدەرە
خەبات // ناوی واتاییە و دیارخراوە
ی // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە
کردووە // کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕە
شایان // ناوە ، دیارخراوە
ی // ئامرازی خستنەسەرە
ڕێزلێنان // چاوگە، دیارخەرە
شایانی ڕێزلێنان // گرێی ناوی ، تەواوکەری کاری ناتەواو
ە // کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا
ئەو کوردە شایانی ڕێزلێنانە ( شارستەیە)
کە خەباتی کردووە ( پاڕستەیە)
تێبینی ( ی ) ی دوای ئەو کوردە هیچ ئەرکێکی نیە بەڵکو بەشێکە لە جێناوە لێکدەرەکە ، ئەمە لە زۆر سەرچاوە باسکراوە .

٢-ئەو تولاّزێ کو دوهێ هاتی ، پسمامێ تە بوو.

ئەو .... ێ // هاوەڵناوی نیشانەیە و دیارخەری ناوە
تولاّز // ناوە ، دیارخراوە. ( واتە گەنج)
ئەو تولاّزێ // گرێی ناوی ، بکەرە
کو // جێناوی لێکدەر
دوهێ // هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کارە
هات // کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی تێنەپەڕە
ی // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کرمانجی ژووروودا
پسمام // ناوە ، دیارخراوە ، ( واتە ئامۆزای کوڕ )
ێ // ئامرازی خستنەسەرە بۆ ڕەگەزی نێر
تە // جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاک ، دیارخەرە
پسمامێ تە // گرێی ناوی ، تەواوکەری کاری ناتەواو
بوو // کاری ناتەواوە
ئەو تولاّزێ پسمامێ تە بوو ( شارستەیە )
کو دوهێ هاتی ( پاڕستەیە )

تێبینی // تولاّز واتە گەنج مەبەستی گەنجی کوڕە

## نــــــاوی واتــــــایی

ناو لەڕووی هەبوونەوە دوو جۆرە   ١- ناوی واتایی   ٢-ناوی بەرجەستە

١-ناوی واتایی :- ئەو ناوەیە کە بوونێکی سەربەخۆی نییە ،بەڵکو لە هزر و خەیاڵدا هەستی پێدەکرێت وە کێش و قەبارەشی نییە ،وە بەر هیچ کام لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت وەکو ( هێز ، شەرم ، ترس ، زیرەکی ، ئارامی ، ڕووناکی ، .... هتد )

٢-ناوی بەرجەستە :- ئەو ناوەیە کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە و بەر یەکێک لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت ، وە کێش و قەبارەشی هەیە. وەکو ( بەرد ، دار ، پێنووس ، پەرتووک ، دەرگا ، پرتەقاڵ ... هتد )

تێبینی // کێش و قەبارە باشترین ڕێگەیە بۆ جیاکردنەوەی ناوی واتایی لە ناوی بەرجەستە، چونکە ڕەنگە کەلێک کەس هەبێت کە بڵێن ( تاریکی ) دەبینرێت ، بینینیش یەکێکە لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ کەواتە ( تاریکی ) ناوێکی بەرجەستەیە . بەڵام ئەو بیرکردنەوانە هەڵەیە و دوورە لە ڕاستی چونکە ئێمە شتێکمان نیە لەم دوونیایەدا پێی بگوترێت تاریکی بەڵکو تەنها نەبوونی ڕووناکییە بۆتە هۆی دروست کردنی تاریکی ، وە ئەگەر سەیر کەین (تاریکی ) کێش و قەبارەی نیە بۆیە لەم ڕێگەیەوە بە ئاسانی لە ناوی بەرجەستەی جیا ئەکەینەوە ، کەواتە تاریکی ناوێکی واتاییە.

ناوی واتایی لەڕووی دروست بوونەوە دوو جۆرە :   ١- ناوی واتایی بنجی   ٢- ناوی واتایی دروست کراو .

١-ناوی واتایی بنجی : ئەو ناوانەن کە لە بنەڕەتدا واتاین وەکو . ( هێز ، شەرم ، هیمەت، زانست ... هتد )

٢-ناوی واتایی دروست کراو : ئەو ناوانەن کە لە بنەڕەتدا واتایی نین بەڵکو بەهۆی پاشگرەکانەوە دەیانکەین بە ناوی واتایی . وەکو (برایەتی،زیرەکی ، جوانی ، ڕوناکی ، تاریکی ، کوردایەتی ،).

### ناوی واتایی دروست کراو بەم جۆرە دروست دەکرێت.

١-( ناو + پاشگر ) بەزۆری پاشگرە بەکار هاتووەکان ئەمانەن ( ی ، ەتی ، یەتی ، ایەتی ، ێتی ، ێنی ، اتی ، یی ) نموونە بۆ هەموو پاشگرەکان وەکو ( منداڵی ، پیاوەتی ، برایەتی ، کوردایەتی ، باخەوانێتی ، کچێنی ، دۆستاتی ، مامۆستایی ).

٢-(هاوەڵناو + پاشگر ) بە زۆری پاشگرە بەکارهاتووەکان ئەمانەن ( ی ، یەتی ، ێتی ، ایی ، ە ، اتی ، ا ) نموونە بۆ هەموو پاشگرەکان . وەکو ( گەرمی ، ئازایەتی ، سپێتی ،ڕەشایی ، چاکە ، گەرما ).

ئەم پاشگرانەش دەخرێنە سەر :

آ-هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگر   وەکو ( ڕەشی ، ڕەشایی ، باشی ، بڵندی ، جوانی ، نەرمی ..... هتد).

ب-هاوەڵناوی بکەری دارژاو+ پاشگر   وەکو ( سەرپەرشتیاری ، دانایی ، زانایی ... هتد )

ج-هاوەڵناوی بکەری لێکدراو + پاشگر   وەکو : ( گەشبینی ، گیانبازی )

٣-ڕەگی کار لەگەڵ پاشگری ( ە ) . وەکو : ( پرسە ، کۆکە ، ناڵە ، تەقە ، گریە ، وەڕە .... هتد )

٤-جاری وا هەیە رەگی کار خۆی بە تەنها دەبێتە ناوی واتایی وەکو ( ترس ، خەو ، جەنگ ، رەنج ) ئەمانە رەگی کاری ئەم چاوگانەن ( ترسان ، خەوتن ،جەنگان یان جەنگین ، رەنجان )

٥-قەدی چاوگ لەگەڵ پاشگری ( ار ) . وەکو ( کردار ، مردار ( مرار ) دیدار ، رەفتار ، بریار ، پرسیار )

تێبینی// ( دیدار ، رەفتار ) هەردووکیان لە چاوگی فارسییەوە وەرگیراو ئەگینا لە کوردیدا هیچ چاوگێکمان نیە قەدەکەی ( دید ، رەفت ) بێت . بەڵکو ئەمانەی کە لە کتێبەکەیا هاتوون فارسین ، چاوگەکەیان لە زمانی فارسی بەم شێوەیەیە ( دیدن ) واتە بینین ، (رەفتن ) واتە رۆشتن ) کە لە زمانی فارسیشدا بە لێکردنەوەی ( ن ) ی چاوگ قەدی چاوگت دەست دەکەوێ.

٦-هەموو چاوگەکان وەکو ناوی واتایی بەکاردێن . ئینجا چاوگەکە ( سادە ، دارِژاو ، لێکدراو ) بێت جیاوازی نییە. وەکو

( خوێندن ، خواردن ، هەڵگرتن ، دانیشتن ، سەرکەوتن ، بانگکردن ).

٧-ناوی واتایی وەک هەر ناوێکی تر هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت کە ئەمانەن ( بکەر ، بەرکار ، نیهاد ، دیارخەری ناو ، تەواوکەری بەیاریدە ، تەواوکەری کاری ناتەواو ، جێگری بکەر )

ئێمە لێرەدا نموونە بۆ چاوگ وەکو ناوی واتایی و ناوی ئاسایش دەهێنینەوە وەک لەم خشتەیەدا رِوونکراوەتەوە.

| ( ئازادی ) وەکو ناوی واتایی لە رستەدا بۆ هەموو ئەرکەکان | (خوێندن ) کە چاوگە ، وەکو ناوی واتی بەکاری دەهێنین بۆ ئەرکەکان |
|---|---|
| ١-بکەر : ئازادی گەل پێشدەخات. (ئازادی ) بکەرە.<br>٢-بەرکار : ئازادیمان دەوێت . (ئازادی) بەرکارە.<br>٣-نیهاد : ئازادی هیوای گەلانە . ( ئازادی ) نیهادە.<br>٤-تەواوکەری بەیاریدە : بە ئازادی پێش دەکەوین. ( ئازادی ) تەواوکەری بەیاریدەیە.<br>٥-دیارخەری ناو : بەرهەمی ئازادی پێشکەوتنە . ( ئازادی ) دیارخەری ناو<br>٦-تەواوکەر کاری ناتەواو : ئەوە ئازادییە. ( ئازادی ) ت.کاری ناتەواو<br>٧-جێگری بکەر :<br>یاسای بکەر نادیار بۆ رابردوو.<br>( رەگی کار + را ) ئازادی بە دەست هێنرا. ( ئازادی ) جێگری بکەرە.<br><br>یاسای بکەر نادیار بۆ رانەبردوو.<br>( دە + رەگی کار + رێ )<br>ئازادی بەدەست دەهێنرێ. ( ئازادی ) جێگری بکەرە. | ١-بکەر : خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە. ( خوێندن ) بکەرە<br>٢-بەرکار : خوێندنمان دەوێت . ( خوێندن ) بەرکارە<br>٣-نیهاد : خوێندن بەسودە . ( خوێندن ) نیهادە<br>٤-تەواوکەری بەیاریدە : بە خوێندن پشدەکەوین .<br>( خوێندن ) تەواوکەری بەیاریدەیە<br>٥-دیارخەری ناو : بەرهەمی خوێندن دیارە. ( خوێندن ) دیارخەری ناو<br>٦-تەواوکەری کاری ناتەواو : ئەوە خوێندنە. ( خوێندن ) ت.ک.ناتەواو<br>٧- جێگری بکەر :<br>یاسای بکەر نادیار بۆ رابردوو.<br>( رەگی کار + را ) سەرکەوتن بە دەست هێنرا. ( سەرکەوتن ) جێگری بکەرە.<br><br>یاسای بکەر نادیار بۆ رانەبردوو.<br>( دە + رەگی کار + رێ )<br>سەرکەوتن بەدەست دەهێنرێ. ( سەرکەوتن ) جێگری بکەرە. |

## ڕاهێنانی یەکەم   لاپەڕە   ٢٧

لەم دێڕە هۆنراوانەدا ناوە واتاییە دروستراوەکان نیشان بکە و جۆری دروستکردنەکەشیان دیاری بکە.   ئێمە بنجییەکانیش دیاری دەکەین.

| هۆنراوە | ناوی واتایی | چۆنیەتی دروست بوونی |
|---|---|---|
| ١-بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ<br>بە پیریش لە زەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ. | منداڵی<br>پیری | ١-ناو + پاشگر<br>هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگر |
| ٢-لێ هیڤی دکەم ژ موستە عیدان<br>حەرفان نەگرن ژ موستە فیدان<br>ئەڤ نامە ئەگەر خراپە و گەر قەنج<br>کێشایە مە دگەل وی دووسەد ڕەنج | ڕەنج | ناوی واتایی بنجییە |
| ٣-جوامێری و هیمەت و سەخاوەت<br>مێرینی و غیرە و جەلادەت<br>ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلی ئەکرا | | جوامێری ( ناو + پاشگر)<br>، ( هیمەت ) بنجی<br>(مێرینی ) لە ( ناو + پاشگر |

تێبینی :- ( خراپە ) لە ڕستەی دووەمدا ناوی واتایی نییە بەڵکو ( خراپ ) هاوەڵناوە و (ە) کاری ناتەواوە . ڕستەکە بە شێوەزاری سۆرانی بەم شێوەیەیە ( ئەو نامەیە ئەگەر خراپە و ئەگەر بچوک ( جوان ) کێشاومانە لەگەڵی سەد ڕەنج ) واتا وەک ئەوە وایە بڵێی ( ئەو نامەیە خراپە ) .

## ڕاهێنانی   دووەم   لاپەڕە   ٢٨

ئەم ناوە واتاییە دروستکراوانە چۆن دروست کراون دەستوری دروستکردنەکەیان بنووسە.

( خۆشەویستی ، کرێتی ، کۆخە ، برسییەتی ، تەقە ، دۆستاتی ، مرۆڤێنی ، کوڕێنی ، گەرما )

| ناوی واتای | | چۆنیەتی دروستکردنیان |
|---|---|---|
| ١-خۆشەویستی | | ١-هاوەڵناوی لێکدراو + پاشگری ( ی ) |
| ٢-کرێتی | تێبینی کرێتی واتە ( ناشرین ) بادینییە | ٢-هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگری ( یَتی ) |
| ٣-کۆخە | | ٣-ڕەگی کار + پاشگری ( ە ) |
| ٤-برسییەتی | | ٤-هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگری (ەتی ) |
| ٥-تەقە | | ٥-ڕەگی کار +پاشگری ( ە) |
| ٦-دۆستاتی | | ٦-ناو + پاشگری (اتی ) |
| ٧-مرۆڤێنی | | ٧-ناو +پاشگری (ێنی ) |
| ٨-کوڕێنی | | ٨-ناو + پاشگری ( ێنی) |
| ٩-گەرما | | ٩-هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگری ( ا ) |

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەرە ۲۸

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە :-

۱-جیاوازی لە نێوان ناوی بەرجەستەو ناوی واتایی چییە؟

۲-پێنج چاوگی دەنگی بهێنەوەو ناوی واتاییان ی دروست بکە.

وەڵامی پرسیاری یەکەم//

۱--ناوی واتایی : ئەو ناوەیە کە بوونێکی سەربەخۆی نییە ،بەڵکو لە هزر و خەیاڵدا هەستی پێدەکرێت وە کێش و قەبارەشی نییە ،وە بەر هیچ کام لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت وەکو ( هێز ، شەرم ، ترس ، زیرەکی ، ئارامی ، ڕووناکی ، .... هتد )

۲-ناوی بەرجەستە : ئەو ناوەیە کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە و بەر یەکێک لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت ، وە کێش و قەبارەشی هەیە. وەکو ( بەرد ، دار ، پێنووس ، پەرتووک ، دەرگا ، پرتەقاڵ ... هتد )

وەڵامی پرسیاری دووەم //

| چاوگی دەنگی سروشتی | ناوی واتایی |
| --- | --- |
| ۱-تەقین | ۱- تەقە |
| ۲-وەڕین | ۲-وەڕە |
| ۳-ناڵین | ۳-ناڵە |
| ٤-کۆکین | ٤-کۆکە |
| ٥-گرماندن | ٥-گرمە |
| ٦-گریان | ٦-گریە |

## ڕاهێنانی چوارەم لاپەرە ۲۸

ئەو وشانەی هێڵیان بە ژێردا هاتووە شیبکەرەوە.

۱-زانایی سەرچاوەی کامەرانییە.

زانایی // ناوی واتایی دروست کراوە ، نیهادە.

کامەرانیی // ناوی واتایی دروستکراوە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

۲-کار بە ناڵە و گریە چارەسەر ناکرێت.

ناڵە و گریە // ناوی واتایین ، لێکدراوە ، لە چاوگی دەنگی سروشتی وەرگیراون ، تەواوکەری بەیاریدەیە.

۳-ئەم کێشەیە ئارامی دەوێت .

ئارامی // ناوی واتایی دروستکراوە ، بەرکارە.

٤-ئاخافتنا زۆر بۆ مرۆڤی گرێتییە.

ئاخافتن // چاوگە و ناوی واتاییە ، نیهادە ،. گرێتی // ناوی واتایی دروستکرو ، تەواوکەری کاری ناتەواوە. ( گرێتی واتە ناشرین)

## چەن پرسیارێک دەربارەی بابەتەکانی ( ڕستەی ئاوێتە و ناوی واتایی )

پرسیار // لە ڕستەی ( شانیا ، کە باش دەخوێنێت، هەموو ساڵ بەیەکەم دەردەچێت) وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە.

١- شاڕستە و پاڕستەی ئەم ڕستەیە دیاری بکە. ٢- بکەری ڕستەکە دیاری بکە. ٣- پەیڤی ( باش ) چییە و ئەرکی چییە؟

١- وەڵام . شاڕستە ( شانیا هەموو ساڵێک بەیەکەم دەردەچێت) ،،،، پاڕستە ( کە باش دەخوێنێت)

٢- ( کە : جێناوی لێکدەرە) ،، ٣- بکەری ڕستەکە ( شانیا)

٤- باش : هاوەڵکاری چۆنیەتییە و تەواوکەری کارە.

پرسیار // لە ڕستەی ( ئەت بیستووە کە هێز لە یەکگرتندایە) وەڵامی ئەمانە بدەرەوە.

١- ( کـــە ) چییە؟ ٢- ڕستەکە لە ڕووی دارشتنەوە چ جۆرێکە ؟ ٣- شاڕستە و پاڕستە جیابکەرەوە

وەڵام // ١-کە: ئامرازی لێکدەرە. ٢- ڕستەکە لە ڕووی دارشتنەوە ڕستەیەکی ( ئـــاوێـتەیە)

٣- شاڕستە : ( ئەت بیستووە) ،،،،،،،، پاڕستە ( کە هێز لە یەکگرتندیە).

پرسیار// ناوێکی واتایی دروست کراو لە ( چاوگی دەنگی ) ئەرکەکەی جێگری بکەر بێت.

وەڵام // ناوی واتایی دروست کراو ( تـەقە ) نموونە : تەقە لە یاریزانەکان کراوە.

پرسیار // ئایا ڕەگی کار بە تەنها دەتوانێت ببێت بە ناوی واتایی ؟

وەڵام // بەڵێ وەکو ( خەو ، جەنگ )

پرسیار // بە پێی ئەم یاسایانە ناوی واتایی دروست بکە ( ناوی واتایی بنجی ، هاوەڵناو+ پاشگر ، ناو + پاشگر)

وەڵام // ( هێز ، گەرمی ، برایەتی )

پرسیار // جیاوازی نێوان ئەم دوو ناوە واتاییە چییە ؟ کۆکـــە ، چـــاکە

وەڵام // کۆکە لە ڕووی پێکهاتنەوە بەم شێوەیە پێک هاتووە . (ڕەگی کار + پاشگر(ە) ) بەڵام ( چاکە ) لە ( هاوەڵناو + پاشگری (ە))
پێکهاتووە.

پرسیار : ناوی واتایی لە ڕووی دروست بوونەوە چەن جۆرە؟

وەڵام// دووجۆرە

١ -ناوی واتایی بنجی : ئەو ناوانەن کە لە بنەڕەتدا واتاین وەکو . ( هێز ، شەرم ، هیمەت، زانست ... هتد )

٢-ناوی واتایی دروست کراو : ئەو ناوانەن کە لە بنەڕەتدا واتایی نین بەڵکو بەهۆی پاشگرەکانەوە دەیانکەین بە ناوی واتایی . وەکو (برایەتی،زیرەکی ، جوانی ، ڕوناکی ، تاریکی ، کوردایەتی ،)

پرسیار // جیاوازی نێوان ناوی واتایی بنجی و ناوی واتایی دروست کراو چییە؟

وەڵام // پێناسەکانیان وەڵامەکەیە.

پرسیار // جیاوازی چییە لە نێوان هەردوو ناوی واتایی ( چاکە ، کۆکە )
وەڵام // ناوی واتایی ( چاکە ) بە یاسای ( هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگر(ە) ) دروست بووە .
ناوی واتایی ( کۆکە ) بە یاسای ( رەگی کار + پاشگر (ە) ) دروست بووە .

پرسیار // جیاوازی چییە لە نێوان هەردوو ناوی واتایی ( سەرما ، گەرما )
وەڵام // ناوی واتایی ( سەرما ) ناوێکی واتایی بنجییە و هیچ یاسایەک نییە بۆ دروست کردنی چونکە بنجییە .
ناوی واتایی ( گەرما ) ناوێکی واتایی دروستکراوە و بە یاسای ( هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگر ) دروست بووە .

پرسیار // بەهۆی پاشگری ( ە ) دوو ناوی واتایی دروست بکە بە دوو رێگەی جیاواز و دواتر یەکێک لە ناوەکان لە رستەدا بەکار بهێنە بە مەرجێک بێت بە ( بەرکار ) .
وەڵام // پرسە ( رەگی کار + پاشگری ( ە ) . پرسەکەمان تەواوکرد
چاکە ( هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگری (ە)

پرسیار // جیاوازی چییە لە نێوان هەردوو ناوی واتایی ( پرسە ، پرسیار )
وەڵام // پرسە ( رەگی کار + پاشگری (ە) )
پرسیار ( قەدی چاوگ + پاشگری (ار)

پرسیار // لە رستەی ( خوای گەورە کە تاوانبار دەبەخشێت ، پاداشتی مرۆڤی چاکەکەریش ئەداتەوە )
( کە ) چییە ؟ دواتر ( کە ) کە رستەیەکی تردا بەکار بهێنە بەمەرجێک جیاواز بێت لەم ئەرکەی لەم رستەیەدا هەیەتی
وەڵام // کە // جێناوی لێکدەرە
کە زستان هات ، بەرگی ئەستور ئەپۆشین

## هاوەڵناوی ژمارەیی

### ١- هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی

هاوەڵناوی ژمارەیی دەکرێت بە سێ بەشەوە. ١-هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی ٢-هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن ٣- ژمارەی کەرتی

هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی: هاوەڵناوێکە ناوەکەی دوای خۆی واتە ناوە تەواوکراوەکە بەژمارە دەست نیشاندەکات و سنورێک بۆ ژمارەکە دادەنێت. وەکو .

دوو پێنووسم کڕی. ( دوو )هاوەڵناوی ژمارەیی بنجییە).

*هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی دوو جۆرە:-

١-هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سادە:- ژمارەیی بنجی سادە لە ژمارە ( یەک ) تا ژمارە ( نۆ ) دەگرێتەوە ، وە بە ژمارەکانی ( دە ، بیست ، سی ، چل ، سەد ، ....هتد ) دەگوترێت سەرە گرێ.

٢-هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێکدراو:- هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێکدراو بە چوار ڕێگە دروست دەکرێت. کە ئەمانەن.

آ-بەتێکەڵ کردنی دوو ژمارەی بنجی سادە. وەکو ( یازدە ، سێزدە . پازدە .... تا نۆزدە ) دەگرێتەوە.

ب-لە دوو ژمارەی بنجی سادە یان زیاتر کە بەهۆی ئامرازی لێکدەری ( و ) درابنە پاڵ یەکتری ، وەکو

بیست و دوو ، چل و حەوت ، سەد و بیست و یەک ، بیست و دوو هاوڕێم هەیە.

ج-لە دوو ژمارەیی بنجی سادە بەبێ یارمەتی ئامرازی ( و ) درابنە پاڵ یەکتری . وەکو

چوار پێنج ، دوو سێ ، شەش حەوت .. دوو سێ قەلەمم کڕی.

د-بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤی دەست نیشانکردنی بڕی ناوەکە کە دەخرێتە پێش ناوەکە. وەکو

دوو سەر مەڕم کڕی. سێ دەست جلوبەرگم هەیە.

### چەند تێبینییەک دەربارەی هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی .

١-ئەگەر هاتوو دوو ژمارەی بنجی سادە بە دوای یەکتردا هاتن و گومان لە ژمارەکە هەبوو ، ئەوا ئامرازی لێکدەری ( و ) لە نێوانیاندا بەکار ناهێنرێت ،چونکە دەشێ ژمارەکە زیاتر بێت یان کەمتر بێت . وەکو

سێ چوار خوێندکار نەهاتوون . ( لێرەدا دەشێ ژمارەی خوێندکارە نەهاتووەکان زیاتر بێت وە یان کەمتر بێت ، بۆیە گومان هەیە لە ژمارەکە )

٢-هەر سێ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سادەی ( هەشت و نۆ و دە ) دەتوانن بەدوای یەکدا بێن و ئامرازی لێکدەریشیان پێویست نییە. وەکو

هەشت نۆ دە کەسم بینی . ( لە زمانی کوردیدا تەنها ئەم سێ ژمارەیە دەتوانن بەدوای یەکتردا بێن بە بێ ئامراز)

٣-لە ژمارە ( بیست ) بەو لاوە کە گومان لە ژمارەکە هەبوو سەرە گرێکان بەکاردەهێنین . وەکو

سی چل مامۆستا لەم خوێندنگەیە دەوام دەکەن . چل پەنجا خوێندکار لەم پۆلەدان .

٤-ژمارە ( دە ) و دەجارەکانی وەکو ( دە ، سەد ، هەزار ) دەتوانرێت نیشانەی کۆیان بخرێتە سەر و بگوترێت .

دەیان کەس خەڵاتکران . سەدان کەس سزا دران . هەزاران کەس بە بێ تاوانی لە سێدارە دران .

٥-هەر دوو پەیڤی ( ئەوەندە - هەندە ) هاوەڵناوی ژمارەیی نادیارن و لە ژمارە ( سێ تا نۆ ) دەگەیەنن. وەکو
بیست و ئەوەندە ساڵەیە کورد حکومڕانی خۆی دەکات. چوار هەندەی تۆ زیرەکم .
٦-هەمیشە ئەو ناوەی بەدوای هاوەڵناوە ژمارە بنجیبەکەوە دێت سادە بێت یان ئاسادە دەبێت تاک بێت. وەکو
سێ خوێندکار نەهاتوون . ( خوێندکار ) ناوێکی گشتییە بەڵام تاکە . چونکە (ان ) ی پێوە نییە کە نیشانەی کۆیە .

بەڵام کە دەگوترێت ( منداڵە چواردە ساڵانەکە هات ) ئەوا ( چواردە ساڵان ) دەبێتە گرێی هاوەڵناوی چونکە وەسفی ناوی منداڵەکەی کردووە وە ناوەکەی دوای ژمارەکە ناوێکی کۆیە ( ساڵان ) کە ( ان ) ی نیشانەی کۆی پێوەیە ، بۆیە ( چواردە ساڵان ) هیچ کاتێک نابێتە ژمارەی بنجی ،

وە یا دەگوترێت ( بە شەش ڕۆژان کارەکەم تەواوکرد ) ئەوا ( بە شەش ڕۆژان ) گرێی هاوەڵکارییە چونکە وەسفی کاری ڕستەکەی کردووە کە ( تەواوکردنە ) بۆیە دەبێتە گرێی هاوەڵکاری ، وە هیچ کاتێک نابێتە هاوەڵناوی ژمارەی بنجی ، وە ئەگەر سەیری ناوەکەی دوای ژمارەکە بکەین دەبینین کۆیە و ( ان ) ی نیشانەی کۆی پێوەیە ، ( ڕۆژ+ان = ڕۆژان ) کۆکراوەتەوە.

٧-هاوەڵناوی ژمارەی بنجی بەبێ یارمەتی دەخرێتە پێش ناوە تەواوکراوەکەوە، بەڵام ئەگەر ( ی ) ئامرازی دانەپاڵ ( خستنەسەر) خرایە نێوانیانەوە ئەو کاتە هەردووکیان پێکەوە دەبنە (گرێی هاوەڵکاری کاتی) وەکو.

شۆڕشی کورد لە یازدەی ئەیلول بەرپابوو. ( ی ) ئامرازی دانەپاڵە ( خستنەسەرە)

ڕاپەڕین لە پێنجی ئازار دەستی پێکرد. ( ی ) ئامرازی دانەپاڵە ( خستنەسەرە)

٨-ئەگەر دوو ژمارەی بنجی لە یەک خانەدا بن ( یەکان ، دەیان ، بیستان ، سییان .....هتد ) ناوە ژمێردراوەکە دەکەوێتە دوای هەردووکیانەوە وەکو
چوار پێنج پیاو هاتن. ( چوار ، پێنج سەربەیەک خانەن کە خانەی یەکانن ) ناوەژمێردراوەکەیە.
چل و دوو چل و سێ خوێندکاری زیرەکمان هەیە. ( چل و دوو ، چل و سێ هەدووکیان خانەی چلانن ) . ( خوێندکار.) ناوە ژمێردراوەکەیە.

بەڵام ئەگەر هاتوو دوو ژمارە بنجییەکە سەر بەیەک خانە نەبوون و هەریەکەیان سەربەخانەیەکی جیاواز بوو ئەوا پێویستە لەدوای هەریەکەیان ناوە ژمێراوەکە باس بکرێت . وەکو
نۆزدە پیاو بیست پیاو هاتن . لێرەدا ( نۆزدە و بیست خانەکانیان جیاوازە ) ( نۆزدە خانەی دەیانە ) ، ( بیست خانەی بیستان ) کەواتە دەبێت دوو جار ناوە ژمێراوەکە بنووسین ، ناوە ژمێراوەکەش ( پیاو )ە.

٩-ژمارەی بنجی لەگەڵ وشەی تردا بەکاردێت و ئەوکاتە هاوەڵناوی لێکدراو دروست دەکات. وەکو
مانگی چواردە شەوە ( چواردە شەوە)
گندۆرەی سێ مانگی ( سێ مانگی )
منداڵی یەک ساڵە ( یەک ساڵە)

١٠-هەر کاتێک بمانەوێت بڕی شتێک دەست نیشان بکەین وشەیەک دەهێنین کە ئەو بڕە دەست نیشان بکات و لە دوای ژمارەکەوە بەکاری دەهێنین و ناوە ژمێراوەکەی پێ دەکەین بە ناوێکی لێکدراو. وەکو سێ کیلۆ شەکرم کڕی پێنج جەواڵ گەنمی بۆ ناردم هەندێکی تر لەو پەیڤانەش ئەمانەن ( نەفەر ، سەر ، دەست ، بەرگ ، چاوە ، پارچە ، بن ، جووت .......هتد)

## ڕاهێنانی دووەم لاپەرە ۳۵

لەم ڕستانەدا هێڵ بەژێرداهاتووەکان شی بکەرەوە.

| ڕستە | شیکردنەوەی هێڵ بەژێرداهاتووەکە |
|---|---|
| ۱-دوهێ ئازادی سی دانە قەلەم کرین. | سێ دانە: هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لێکدراوە، دیار خەری ناوە |
| ۲-من بیست برادەر و تۆ یازدە برادەرت هەیە. | بیست : هاوەڵناوی ژمارەی بنجی سادەیە (سەرەگرێیە) ، ئەرکی دیارخەری ناوە . یازدە : هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لێکدراوی تێکەڵە ، ئەرکی دیارخەری ناوە. |
| ۳-وێ چار پێنج خانی ل دهۆکێ فرۆتن . | چار پێنج : هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لێکدراوە ، ئەرکی دیارخەری ناوە. |
| ٤-هەزاران سەرباز لە جەنگدا بەژدار بوون . | هەزاران : هاوەڵناوی ژمارەی بنجی کۆکراوەیە ، دیارخەری ناوە. |
| ٥-وان دوو کافرێن قەلەو قەکوشت. | دوو : هاوەڵناوی ژمارەی بنجی سادەیە ، ئەرکی دیارخەری ناوە |

تێبینی // هاوەڵناوی ژمارەیی تەنها یەک ئەرکی هەیە ئەویش ( دیارخەری ناوە )

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ۳٦

۱-جیاوازی لەنێوان ژمارەی بنجی لێکدراو بەهۆی ئامرازی لێکدەر و ژمارەی لێکدراو بە بێ ئامرازی لێکدەر چییە؟ بەنموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

وەلام// ئەگەر هاتوو دوو ژمارەی بنجی بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری ( و ) درانە پاڵ یەکتری ئەوا هیچ کاتێک گومان لە ژمارەکە نییە . بیست و سێ خوێندکار دەرچوون. لێرەدا ژمارەکە زیادوکەم ناکا و گومانی تێدا نیە .

بەلام ئەگەر دوو ژمارەی بنجی بە بێ ئامرازی لێکدەری ( و ) درانە پاڵ یەکتری ئەوا هەمیشە گومان لە ژمارەکە هەیە.

سێ چوار خوێندکار نەهاتوون . لێرەدا ( سێ چوار ) بێ ئامراز خراونەتە پاڵ یەکتر کە گومان لە ژمارەکە هەیە دەشێ کەمتر بێت یان زیاتر بێت .

۲- جیاوازی لە نێوان پەیڤە هێل بە ژێرداهاتووەکانی ئەم دوو ڕستەیە چییە .

آ-لە ڕۆژی پێنجی ئازاردا گەلی کورد ڕاپەڕی. ب- تەمەنی لەزگینی برام پێنج ساڵە.

لەڕۆژی پێنجی ئازاردا // گرێیەکی هاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کارە.وەسفی کاری ڕستەکەی کردووە.

پێنج ساڵە// گرێیەکی هاوەڵناوییە. تەواوکەری کاری ناتەواوە. سیفەتێکی داوەتە پاڵ نیهادەکە.

## هاوەڵناوی ژمارەیی

### ٢-هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن

هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن:- بەو هاوەڵناوە دەگوترێت کە پلەی ژمێراوەکانی خۆی ( واتە ئەو شتە هاوڕەگەزانەی کە دەیان ژمێرێت) بە شێوەی ڕیکخستن یان ڕیزبەندی ڕادەگەیەنێت، هەمیشە ئەرکی دیارخەر دەبینێت.

### چەند تێبینیەک دەربارەی هاوەڵناوی ژمارەی ڕیکخستن.

١-هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن ئەگەر هاتوو کەوتە دوای ناوەکەوە ئەوا پێویستە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) لە نێوان ناوەکەو ژمارەکە دابنێین بەم شێوەیە. ( ناو + ی (ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن) .

نموونە// خوێندکار ی دووەم خوێندکاری ئامادەیی سەردەمە.

( ی ) ئامرازی خستنە سەرە    (دووەم) هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن

بەڵام ئەگەر هاتوو هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستنەکە کەوتە پێش ناوەکە ئەوا پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نیە. وەکو

دووەم خوێندکار خوێندکاری ئامادەیی سەردەمە.

(دووەم) هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن . لێرەدا پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) نییە چونکە کەوتۆتە پێش ناوەکەوە.

تێبینی ٢-لە کرمانجی خواروودا پاشگرەکانی ( ەم-هەم)،(ەمین-هەمین) دەچنە سەر هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی و هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن دروست دەکەن . وەکو//

| هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی+ پاشگری ڕیکخستن | | هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن |
|---|---|---|
| حەوت +( ەم- هەم-هەمین —ەمین) | | حەوتەم-حەوتەمین |
| بیست+( ەم- هەم-هەمین —ەمین) | | بیستەم-بیستەمین |
| دوازدە+( ەم- هەم-هەمین —ەمین) | | دوازدەهەم-دوازدەهەمین |
| دە +( ەم- هەم-هەمین —ەمین) | | دەیەم-دەیەمین |
| نۆ+( ەم- هەم-هەمین —ەمین) | | نۆهەم-نۆهەمین |
| دوو+( ەم- هەم-هەمین —ەمین) | | دووەم-دووەمین |

تێبینی ٣-ئەگەر هاتوو ژمارە بنجییەکە کۆتایی بە پیتی ( نەبزوێن ) هاتبوو ئەوا ڕاستەوخۆ پاشگرەکانی ڕیکخستن (ەم-هەم ،ەمین-هەمین) دەخەینە سەرو هاوەڵناوی ژمارەی ڕیکخستنمان بۆ دروست دەبێت. وەکو

حەوت+ەم ⟵ حەوتەم ( لێرەدا پیتی کوتایی ژمارە بنجییەکە ( ت ) کە پیتێکی نەبزوێنە.

چوار+ەمین ⟵ هەشتەمین ( لێرەدا پیتی کۆتایی ژمارە بنجییەکە ( ر ) کە پیتێکی نەبزوێنە.

تێبینی ٤// بەڵام ئەگەر هاتوو ژمارە بنجییەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتە بزوێنەکانی ( ا ، ە ، ێ ، ی ،ۆ ) ئەوا پیتی (یـ )ناوبەند دەخەینە نێوان ژمارە بنجییەکە و نیشانەکانی ڕیکخستنەوە بەم شیوەتە

پەنجا+ یـ+ەم = پەنجایەم    دە+ یـ+ەم = دەیەم    سێ+ یـ+ەم=سێیەم

سی+ یـ+ەم = سییەم    نۆ+ یـ+ ەم = نۆیەم

تێبینی ٥ // ئەگەر هاتوو ژمارە بنجییەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی بزوێنی ( وو ) ئەوا پیتی ( و ) ناوبەندی بۆ زیاد دەکەین، پیتی دەبڵ ( وو ) ی بزوێن یەکێکیان لەناو دەچێ. وەکو دوو+و +ەم = دەبێتە دووەم .

تێبینی ٦// ئەگەر هاتوو هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیکخستن بەهۆی پاشگرەکانی (ەمین-هەمین) دروستکرابوو ئەوا وا باشترە بکەوێتە پێش ناوەکەوە، ئەگەر بکەوێتە دوای ناوەکەشەوە هەر دروستە، وەکو

دوازدەهەمین خوێندکار ئامۆزامە.

بەلام ئەگەر هاتوو هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن بەهۆی پاشگرەکانی (ەم-هەم)دروست ببوو ئەوا باشترە بکەوێتە دوای ژمارەکەوە ئەگەر بکەوێتە پێش ناوەکەشەوە هەر دروستە. وەکو

خوێندکاری دووەم زیرەکە.

تێبینی ٧// گرنگە. لە هەموو هاوەڵناوە ژمارەییەکاندا تەنها هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن دەتوانێت لە پێش و لە دوای ناوەکەوە بێت ، ئەویش تەنها لە کرمانجی خواروو دا دەتوانێت ،

## هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن لە کرمانجی ژووروودا

هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن ل کرمانجی ژووروودا هەمیشە دەکەوێتە دوای ناوەکەوە وە بەهۆی پاشگرەکانی ( ێ – ا ) هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن لە کرمانجی ژووروودا دروست دەبێت.

تێبینی ١ // لە کرمانجی ژووروودا لە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستندا هەمیشە ئامرازی خستنە سەرمان پێویستە . ئامرازە خستنە سەرەکانیش لە کرمانجی ژووروودا ئەمانەن . ( ا ، ێ ) وەکو (ا ) ئامرازی خستنە سەرە بۆ ڕەگەزی مێ

١-( ا ) بۆ ڕەگەزی مێ// وەکو خوێندکارا ئێکێ زیرەکە.

( ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین کە ئامرازی (ا) ی خستنەسەر بۆ ڕەگەزی مێیە ، کەوایە خوێندکارە زیرەکەکە کچە،ئەم ئامرازە هیچ پەیوەندییەکی بە پاشگری ڕێکخستنی ( ێ ) وە نیە کە بە ژمارەکەوەیە ، بە ئارەزووی خۆت دەتوانی پاشگر بەکار بهێنیت بۆ ژمارەکە .

٢-( ێ ) ئامرازی خستنە سەرە بۆ ڕەگەزی نێر// خوێندکارێ ئێکێ برایێ مەیە.

( ێ ) ئامرازی خستنەسەرە بۆ ڕەگەزی نێر

تێبینی // لە کرمانجی ژووروودا ئەگەر هاتوو ناوە ژمێراوەکە لە ڕستەیەکدا باس کرابوو بەلام بە ئاشکرا ناوی نەهاتبوو ئەوا بۆ ڕەگەزی مێ جێناوی هەیی ( یا ،ئا ) بەکار دەهێنین . وەکو

خوێندکارا ئێکێ دەرچووی زانکۆی سلێمانییە ، یا سێیێ دەرچووی زانکۆی هەولێرە.

( ا ) ئامرازی خستنە سەرە — (یا ) جێناوی هەییە بۆ ڕەگەزی مێ

لێرەدا (ا)ئامرازی خستنە سەرە بۆ ڕەگەزی مێ (یا ) جێناوی هەییە بۆ ڕەگەزی مێ لەکرمانجی ژووروودا لە شوێنی ناوی (خوێندکار بەکار هاتووە لە ڕستەی دووەمدا ، بۆیە ( یا ) بەکار هاتووە چونکە ئامرازە خستنەسەرەکە ( ا ) کە بۆ ڕەگەزی مێیە بۆیە دەبێت جێناوە هەییەکەش هی ڕەگەزی مێ بێت .

بەلام بۆ ڕەگەزی نێر جێناوی هەیی (یێ ،ئێ ) بەکار دەهێنین ، بەهەمان شێوەی ئەوەی سەرەوە. وەکو

خوێندکارێ ئێکێ دەرچووی زانکۆی سلێمانییە ، یێ سێیێ دەرچووی زانکۆی هەولێرە.

تێبینی ٣ // ناکرێت لەجیاتی هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی بەکار بێت بە مەبەستی دەربڕینی واتای هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن . وەکو

خوێندکاری دووەم زیرەکە — خوێندکاری دوو زیرەکە

(دووەم) هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنە و گونجاوە بۆ ڕستەکە — (دوو) هاوەڵناوی ژمارەی بنجییە گونجاو نیە بۆ ڕستەکە

تێبینی ٤ // هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن لەگەڵ ناوەکەی پێش خۆی یان دوای خۆی یەکدەگرێت و گرێیەکی ناوی دروست دەکات ، گرێ ناویەکەش دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت، ئەرکەکانیش ئەمانەن ( بکەر-بەرکار-نیهاد-جێگربکەر-تەواوکەری بەیاریدە-تەواوکەری کاری ناتەواو-دیارخەری ناو)

لێرەدا نموونە بۆ هەموو ئەرکەکان دەنووسین ،

١-بکەر // خوێندکاری دووەم هات — دووەم خوێندکار هات

(خوێندکاری دووەم ) گرێی ناوییە و ئەرکی بکەرە — ( دووەم خوێندکار ) گرێی ناوییەو ئەرکی بکەرە

٢-بەرکار // خوێندکاری دووەمـــم بینی — دووەم خوێندکار م بینی

گرێی ناوییە ، ئەرکی بەرکارە — گرێی ناوییە ،ئەرکی بەرکارە

٣-نیهاد // خوێندکاری دووەم زیرەکە — دووەم خوێندکار زیرەکە

گرێی ناوی، نیهادە — کاری ناتەواو — گرێی ناوی ،نیهادە — کاری ناتەواوە

٤-تەواوکەری بەیاریدە // پەرتووکەکەم بۆ خوێندکاری دووەم برد — پەرتووکەکەم بە دووەم خوێندکاردا نارد

گرێی ناوی،تەواوکەری بەیاریدە — گرێی ناوی تەووکەری بەیاریدە

٥-تەواوکەری کاری ناتەواو // پێشکەشکارەکە خوێندکاری دووەمە — پێشکەشکارەکە دووەم خوێندکارە.

گرێی ناوی،تەواوکەری کاری ناتەواو — گرێی ناوی ،تەواوکەری کاری ناتەواو

٦-دیارخەری ناو // برای خوێندکاری دووەم هات — برای دووەم خوێندکار هات .

گرێی ناوی ،دیارخەری ناوە — گرێی ناوی،دیارخەری ناوە

٧-تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو // دیاریەکە بۆ خوێندکاری دووەمە — دیاریەکە بۆ دووەم خوێندکارە.

گرێی ناوی ،تەواوکەری کاری ناتەواو — گرێی ناوی ،تەواوکەری کاری ناتەوا

ی بکەر // یاسای بکەر نادیار بۆ ڕابردوو ( ڕەگی کار + را )

خوێندکاری دووەم بینرا — دووەم خوێندکار بینرا

گرێی ناوی ،جێگری بکەر — گرێی ناوی، جێگری بکەر یاسای بکەر

خوێندکاری دووەم دەبینرێ — دووەم خوێندکار دەبینرێبکەر نادیار بۆ ڕانەبردوو ( دە + ڕەگی کار + رێ )

## هاوەڵناوی ژمارەیی

### ٣-هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی

**هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی** :- ئەو هاوەڵناوەیە بە شێک لە ژمارە تەواوەکە پیشان دەدەت واتە ئەندازەی کەرتەکە ڕادەگەیەنێت، ئەو ئەندازەیەش بریتییە لە چەندێتی هەردوو بەشی کەرتەکە ، ئەو پیشاندانەش بەهۆی ئامرازەکانی خستنەسەر (دانەپاڵ)ی ( ی ، ا ، یَ ) وە جێبەجی دەکرێت ، ناوە وەسفکراوەکەش هەمیشە لە دووای ژمارە کەرتییەکەوە دێت، ئەم جۆرە هاوەڵناوە ژمارەییە هەمیشە لێکدراون .

### چەند تێبینیەک دەربارەی هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی

١-ئەگەر هاتوو سەرەی کەرتەکە ژمارە( یەک ) بوو ژێرەی کەرتەکەش ژمارە (سێ ) بەوولاوە بوو ئەوا لە گوتندا ژێرە دەگوترێت و (یەک یان ئێک ) ی دەدوا دا دێت ، یان سەرەتا ژێرە دەڵێین دواتر سەرە. وەکو ------- ------- ------ . که ئەمانە بەم شێوەیە دەخوێنرێنەوە-$\frac{4}{1}$ب

چوار یەک ... نموونە     چوار یەکی زەویەکەم فرۆشت.

هەشت ئێک ... نموونە     هەشت یەکی خوێندکارەکان زیرەک نین .

تێبینی ٢// ئەگەر هاتوو سەرەی کەرتەکە ژمارە (دوو ) یان زیاتر بوو ئەوا لە گوتندا بەم شێوەیە دەگوترێ، سەرەتا سەرەی کەرتەکە دەڵێین دواتر ژێرەی کەرتەکە لە پاشان ژمارە ( یەک ، ئێک ) ی بۆ زیاد دەکەین بۆ خۆمان ، ——— ——— ——— بەم شێوەیە

سێ هەشت یەک ...... نموونە     سێ هەشت یەکی خوێندکاران ئامادەی تاقیکردنەوەکەبوو.

دوو پێنج یەک.........نموونە     دوو پێنج یەکی مامۆستاکان بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد ،

سێ بیست یەک ... نموونە     سێ بیست یەکی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی ڕێزمانی کوردی دەرنەچوون .

ئەم کەرتانەی سەرەوە دەکرێت بەم شێوەیەش بخوێنرێنەوە .

سێ لەسەر هەشت ، دوو لەسەر پێنج ، سێ لەسەر بیست .

تێبینی ٣ // ژمارە ——— ناکەوێتە بەر دەستوری خوێندنەوەی کەرتەکانی تر بەڵکو بە نیوە یان نیڤە دەخوێنرێتەوە . بەم شێوەیە.

——— نیوەی خوێندکاران هاتوون بۆ ئاهەنگەکە.

تێبینی ٤ // ——— ، ——— ، ——— ، ئەم کەرتانە ناتوانرێ پێیان بگوترێ نیوە.

تێبینی ٥ // کەرتەکانی     بەم شێوەیە دەخوێنرێنەوە.

لە دەیا هەشت

لە سەدا سی و پێنج

لە هەزارا سەد و پەنجا و دوو .

\

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٤٨

جیاوازی هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن لەگەڵ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی دا چییە؟ ١- لە ڕووی پێکهاتن دا ٢- لە بەکارهێناندا

وەڵام // ١- لە پێکهاتندا

| هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی | هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن |
| --- | --- |
| هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی دوو جۆرە.<br>١- سادە : لە ژمارە ( یەک تا نۆ ) دەگرێتەوە.<br>٢- لێکدراو دەکرێت بە چوار جۆر .<br>آ- لە دوو ژمارەی بنجی سادە بە تێکەڵ کردن وەک( یازدە ، دوازدە ، نۆزدە)<br>ب- لە دوو ژمارەی بنجی سادە کە بەهۆی ئامرازی ( و ) درانە پاڵ یەکتر.<br>ج-لە دوو ژمارەی بنجی سادە بە بێ ئامراز وەکو ( دوو سێ پیاو هاتن)<br>د-بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤی دەست نیشانکردنی بڕی ناوەکە دەکرێت بکەوێتە پێش ناوەکەوە وەکو<br>دوو جوت پێڵاوم کڕی. | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی + پاشگرەکانی ( ەم ، هەم ، ەمین ، هەمین)<br>٢-لە زاری کرمانجی ژووروودا<br>هاوەڵناوی ژمارەی بنجی + پاشگری (ێ ، ا ) |

٢- لە بەکارهێناندا:-

هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن ئەگەر هاتوو کەوتە دوای ناوەکەوە ئەوا پێویستە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) لە نێوان ناوەکەو ژمارەکە دابنێین بەم شێوەیە. ( ناو + ی (ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن) .

نموونە// خوێندکار ی دووەم خوێندکاری ئامادەیی سەردەمە.

( ی ) ئامرازی خستنە سەرە (دووەم) هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن

بەڵام ئەگەر هاتوو هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنەکە کەوتە پێش ناوەکە ئەوا پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نیە. وەکو

دووەم خوێندکار خوێندکاری ئامادەیی سەردەمە.

هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن . لێرەدا پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) نییە چونکە کەوتۆتە پێش ناوەکەوە

بەڵام هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی تەنها دەکەوێتە پێش ناوەکەوە و هەمیشە ئەو ناوە ی لە دوایەوە دێت ناوێکی تاکە

وەکو دوو خوێندکار هاتن .. لێرەدا (خوێندکار ) ناوێکی تاکە بەڵام گشتیە . ( واتا تاک و کۆ لەگەڵ گشتی و تایبەتی جیاوازە).

٢- ئەو ژمارە بنجییانەی کە کۆتاییان دێت بە بزوێنی ( ە ، ا ، ۆ ، ێ ) چۆن دەکرێت بە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن .

ئەگەر هاتوو ژمارە بنجییەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتە بزوێنەکانی ( ا ، ە ، ێ ، ی ، ۆ ) ئەوا پیتی (یـ )ناوبەند دەخەینە نێوان ژمارە بنجییەکە و نیشانەکانی ڕێکخستنەوە بەم شێوەیە.

پەنجا+ یـ+ەم = پەنجایەم . دە+ یـ+ەم= دەیەم سێ+ یـ+ەم= سێیەم

سی+ یـ+ەم = سییەم نۆ+ یـ+ ەم = نۆیەم .

## ڕاهێنانی سێیەم

هێڵ بەژێرداهاتووەکان شی بکەرەوە :-

١-چارێ // هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنە و دیارخەری ناوە.    ٢- نیۆەکا // هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی و دیارخەری ناو

٣-هەشتەمین // هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنە و دیارخەری ناوە    ٤-سێیەکی // هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی و دیارخەری ناو

## چەن پرسیارێک دەربارەی بابەتەکانی هاوەڵناوی ژمارەیی ( بنجی + ڕێکخستن + کەرتی )

پرسیار // ئایا دەکرێت لە هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سێ ژمارە بەدوای یەکدا بێت بەبێ ئامراز ؟

وەڵام : بەڵێ دەکرێت سێ ژمارەی بنجی سادە بەبێ هیچ ئامرازێک بەدوای یەکدا بێن وەکو ( هەشت نۆ دە پیاو هاتن )

پرسیار // لە ناو هاوەڵناوە ژمارەیەکاندا کام جۆری هاوەڵناوی ژمارەیی دەتوانێت لە پێش و لە دوای ناوەکەوە بێت ؟

وەڵام : لە هاوەڵناوە ژمارەیەکاندا تەنها هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن دەتوانێت لە پێش و لە دوای ناوەکەوە بێت. وەکو

دووەم خوێندکار هات .    خوێندکاری دووەم هات .

پرسیار // چ کاتێک لە هاوەڵناوی ژمارەیی دا ئامرازی خستنەسەری ( ی ) دەگۆڕێت بۆ ( ە ) ی خستنەسەر ؟

وەڵام ئەگەر هاتووە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن کەوتە دوای ناوەکەوە و ناوەکە ناسرابوو ئەوا ئامرازی خستنەسەری ( ی ) دەگۆڕێت بۆ ( ە ) وەکو

خوێندکارە دووەمەکە هات.    یاساکەی ( ناو + (ە) ی ئامرازی خستنەسەر+ هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن + ەکە ( نیشانەی ناسراوی)

پرسیار // هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێکدراو چییە ؟ چەن ڕێگا هەیە بۆ دروست کردنی ؟

وەڵام . پێناسەکەی + چوار ڕێگا هەیە بۆ دروست بوونی.

آ- لە دوو ژمارەی بنجی سادە بە تێکەڵ کردن وەک( یازدە ، دوازدە ، نۆزدە)

ب- لە دوو ژمارەی بنجی سادە کە بەهۆی ئامرازی ( و ) درانە پاڵ یەکتر.

ج-لە دوو ژمارەی بنجی سادە بە بێ ئامراز وەکو ( دوو سێ پیاو هاتن)

د-بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤی دەست نیشانکردنی بڕی ناوەکە کە دەکرێت بکەوێتە پێش ناوەکەوە وەکو

دوو جوت پێڵاوم کڕی

پرسیار // کام هاوەڵناوە ژمارەییە لە ڕووی دروست بوونەوە هەمیشە لێکدراوە ؟

وەڵام : هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی هەمیشە لێکدراوە    ( نیوەی خواردنەکەم دا بە هاوڕێکەم )

## هــاوەڵناوی نادیار

هاوەڵناوی نادیار: هاوەڵناوێکە جۆر و چۆنیەتی ، یا ژمارە و بڕی ناوەکە بەشێوەیەکی نادیار دەست نیشاندەکات ، یان دەخرێتە پێش ناوەکە یان جێناوەکە ئەوکاتە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر ( دانەپاڵ )ی ( ی ) نابێت، یان دەخرێتە دوای ناوەکە یان جێناوەکە ئەوکاتە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) دەبێت. وەکو

چەند خوێندکارێک زیرەکن.

ڕۆژگار هەموو مرۆڤێک دەردەخات.

هەندێک لە هاوەڵناوە نادیارەکانیش ئەمانەن :-

(چەند ، هەندێ ، هەندک ، هەر ، هەموو ، دیکە ، دی ، تر ، دن ، فڵان ، فیسار ، چەندین ، ئەوەندە ،هەندە ، هندە، وەها،وەهە،وا ، وەسا ، وەتوف ، چ ، هین ، گەلێک ، گەلەک ، زۆر ، کەم ، کێم ،بڕێ ،پیچەک ،هەمی )

*نموونە بۆ هاوەڵناوی نادیار کاتێک کەوتۆتە پێش ناوەکە و پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) نیە .

ڕۆژگار هەموو مرۆڤێک دەردەخات .

هەندێ خویندکار هاتوون.

*نموونە بۆ هاوەڵناوی نادیار کاتێک دەکەوێتە دوای ناوەکەوە و پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) هەیە . وەکو

کتێبێکی تر دەخوێنمەوە . گۆفارێکی دن دەکرم کچێکی وا م بینی . دیمەنی وەهام نەدیوە. ( ی ) لەهەموویاندا ( ئا.خستنەسەرە)

( تر ، دن ، وا ، وەها ) هەموویان هاوەڵناوی نادیارن وەسفی ناوەکەی پێش خۆیان کردووە . بۆ نموونە کە دەڵێ ( کچێکی وا م بینی ) ئەوا ( وا ) هاوەڵناوە و وەسفی کچی کردووە ، ئەشێ کچەکە زۆر زیرەک بێت کە ئەو دیویەتی یان زۆر جوان بێ ، ئەمانەش هەمووی وەسفن ( وا ) لە شوێنی ئەم وەسفانە بەکار هاتووە بۆیە ئەویش هاوەڵناوە بەڵام بە نادیاری . وە ( ی ) پێش ئەم هاوەڵناوانە ( ئامرازی خستنەسەرە ) .

تێبینی ١ // هاوەڵناوی نادیار زۆر بەی کات ئەرکی لە ڕستەدا ( دیارخەری ناوە ) بکەوێتە پێش ناو یان دوای ناو کاریگەری لەسەر ئەرکەکەی نیە ، بۆ نموونە . ڕۆژگار هەموو مرۆڤێک دەردەخات . کتێبێکی دی دەکرم .

(هەموو)هاوەڵناوی نادیارە وەسفی ناوی (مرۆڤی کردووە ) ئەرکی دیارخەری ناوە

ی) ئامرازی خستنەسەرە ( دی ) هاوەڵناوی نادیارە ، دیارخەری ناوە

تێبینی ٢ // لە ناو هاوەڵناوە نادیارەکاندا تەنها هاوەڵناوی نادیاری ( هەر ) هەمیشە هەر بە هاوەڵناوی دەمێنێتەوەو نابێت بە جێناوی نادیار بەڵام هاوەڵناوەکانی تر بە پێی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا ئەرک و ڕۆڵیان دەگۆڕێت . بۆ نموونە

هەر خونچەیە و دەبیت بە گوڵ.

هەر هاوەڵناوی ناودیارە و دیارخەری ناوە.

تێبینی ٣ // وشەکانی ( زۆر ، گەلێک ، هەندێک ، کەمێک ) هەندێک جار دەبن بە هاوەڵناوی نادیار و هەندێک جار دەبن بە هاوەڵکار ، وەکو

زۆر کورد بە ناهەق لە سێدارە دران .          هەندێک خوێندکار نەهاتوون .

( لەم دوو رستەیەی سەرەوەدا هەر دوو وشەی ( زۆر ، هەندێک ) هەردووکیان هاوەڵناوی نادیارن ، هەر یەکەیان وەسفی ناوێکی کردووە بەشێوەیەکی نادیار بۆیە بەم وشانە دەگوترێت هاوەڵناوی نادیار ، وەئەرکیان دیارخەری ناوە ).

بەڵام لەم رستانەدا هەر دوو وشەی ( زۆر ، هەندێک ) هەر دوکیان دەگۆڕێن بۆ هاوەڵکار . وەکو

کرێکارەکان نان زۆر دەخۆن          ئاوی رووبارەکە کەمێک دێت.          خوێندکارەکان زۆر قسەدەکەن

(زۆر)هاوەڵکارە ، ئەرکی تەواوکەری کارە          (کەمێک)   هاوەڵکارە ، ئەرکی تەواوکەری کارە

تێبینی ٤ // هەموو پەیڤەکانی تر دەکرێت بە بێ ناو بەکار بێن و ببن بە جیناوی نادیار ، بۆ نموونە (هەموو خویندکارەکان هاتوون )

لەم رستەیەدا ( هەموو ) هاوەڵناوی نادیارە ، ئەرکی دیارخەری ناوە ، وەسفی ناوی خوێندکاری کردووە ، ئەگەر بمانەویت ( هەموو ) وەکو جێناو بەکار بهێنین لەم رستەیەدا دەبێ ناوە وسفکراوەکە لابەین تا ( هەموو ) شوێنی ناوەکە بگرێتەوەو ئەرکی ناوەکە جیبەجی بکات بە شێوەیەکی نادیار ، بەم شێوەیە          ( هەموو هاتوون )

کە لێرەدا ( هەموو ) جێناوی نادیارە ،چونکە وەسفی هیچ ناوکی نەکردووە ، وە ئەرکێکی بەجێ گەیاندووە ، بۆیە ( هەموو ) لەم رستەیەدا ئەبێتە جێناوی نادیار ئەرکی بکەری رستەکەی پێدەسپێردرێت ،

هەموو خوێندکارەکان هاتوون          هەموو هاتوون.

هاوەڵناوی نادیارە ، دیارخەری ناوی خویندکارە          جێناوی نادیارە . بکەرە

تێبینی ٥ // دەکرێت دوو هاوەڵناوی نادیار بەدوای یەکتردا بێن .   وەکو

هەر هەموو خوێندکارەکان هاتوون .

تێبینی ٦ // دەکرێت هاوەڵناوی نادیار وەسفی جیناوی نادیار بکار لە رستەدا ، وەکو

هەندێک کەس ڕاستی بەخوار تێئەگەن          دووژمنی گەلیش بە دۆست تێئەگەن .

هەندێک هاوەڵناوی نادیارە          کەس جێناوی نادیارە

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٥١

ئەم دێڕە هۆنراوانە بخوێنەرەوەو هەر هاوەڵناوێکی نادیاریان تێدایە دەریان بهێنە.

| هۆنراوە | هاوەڵناوی نادیار |
|---|---|
| ١-عالەم هەموو وەک تەیرە ،تەمەع دانە ، ئەمەل داو<br>سەییادی ئەجەل ،ساحەتی دونیا قەفەسێکە. | هەموو |
| ٢-ئەڤ رۆم و عەجەم بووان حەسارن<br>کرمانج هەمی لە چار کەنارن | هەمی |
| ٣-نا ئەسرین بەسە باسی ئێستەمان<br>هیچ دادی نیە فرمێسک رژان | هیچ |
| رۆییو ،رۆییوە ،ئێستاش ئاوایە<br>دوا رۆژیش لەدەست من و تۆ دایە. | |
| ٤-ئەوەی مێژووی کورد بخوێنێتەوە<br>ئەڵقەی زیرینی بهۆنێتەوە | هیچ |

تێبینی ، ئێمە گوتمان هەرکاتێک هاوەڵناو بکەوێتە دوای ناوەوە ئەوا پێویستی بە ( ی ) دانە پاڵ دەبێ ، بەڵام لە ڕستەکانی سەرەوە کەوتووەتە دوای ناوەکەشەوەو پێویستی پیی نەبوە . ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە شیعردا یاسا ڕێزمانییەکان تا ڕادەیەک لەناو دەچن ، ئەسڵی ڕستەکەی سەرەوە ئاوایە ( مەبەستمان نموونەی نا ڕاهێنانی یەکەمە یەکەم دێڕ و دووەم دێڕ)
( هەموو عالەم .......) یان ( هەمی کرمانج ..... ) ڕستەکان ئاوان لە ئەسڵا ، بەلام بۆ تێک نەچوونی وەزن و قافیە شاعیر هەموو شتێک دەکات.

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ٥٢

ئەم هاوەڵناوە نادیارانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە ( پیچەک ، هیچ ، هەندێ ، هەمی ، هەر ، دن )

| هاوەڵناوی نادیار | ڕستە |
|---|---|
| ١- پیچەک | پیچەک نانم خوارد |
| ٢- هیچ | هیچ خواردنێک ناخۆم |
| ٣- هەندی | هەندێ میوەم کڕی . |
| ٤- هەمی | هەمی خوێندکارەکان دڵسۆزن. |
| ٥- هەر | هەر خونچەیە و دەبێتە گوڵ. |
| ٦- دن | ئازاد چیرۆکێکی دن دنڤیسی . |

## ڕاهێنانی سێیەم     لاپەڕە ٥٢

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەرەوە .

| ١- چەند کتێبیکم کڕی | ٢-دیمەنی وەهام نەدیتووە. |
|---|---|
| چەند // هاوئناوی نادیارە ، دیارخەری ناوە | دیمەن // ناوە، دیارخراوە، بەرکارە، |
| کتێب // ناوە ، تاکە ، دیارخراوە، بەرکارە | ی // ئامرازی خستنەسەرە |
| یک // نیشانەی نە ناسراوییە | وەها // هاوەڵناوی نادیارە ، دیارخەری ناوە |
| چەند کتێبێک // گرێی ناوییە ، بەرکارە | دیمەنی وەها // گرێی ناوییە ، بەرکارە |
| م // جیناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە | م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە |
| کڕی // کارێکی رابردووی تێپەری سادەیە. | نەدیتووە // کارێکی رابردووی تەواوی تێپەڕی نەرێیە، |

# جێنـــــــاوی نادیار

**جێناوی نادیار** : ئەو وشەیەیە کە لە بری ناوی مرۆڤێک یان گیانلەبەرێک یان هەر شتێکی تر بەکار دەهێنرێن ، کە ئەو ناوە بە ئاشکرا دیار نییە کە کێیە یان چییە.

جێناوە نادیارەکانیش ئەمانەن ( هەموو ، گشت ، فلان ، هەندێک ، هەندەک ،هین، خڕ ، زۆر ، گەلێک ، هەمییا ، هەمێ ، یەکیک ، هەمی ، تەڤ ، گەلەک ، هند ، هندە ، ئەودی ).

*سەرەتا با لەوەوە دەست پێ بکەین چۆن جیاوازی بکەین لە نێوان ( جێناوی نادیار و هاوەڵناوی نادیار ).

وەلام :- هاوەڵناوی نادیار هەمیشە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات بەشێوەیەکی نادیار ،ئەگەر کەوتە پێش ناوەکەوە پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵی ( ی ) نابێت ، بەلام ئەگەرکەوتە دوای ناوەکەوە ئەوا پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵی ( ی ) دەبێت ، وە ئەرکی دیارخەری دەبینێت لە هەردوو بارەکەدا ، وەکو

رۆژگار هەموو مرۆڤێک دەردەخات.  گۆڤارێکی دی دەخوێنمەوە .

( لێرەدا ( هەموو ، دی ) هاوەڵناوی نادیارن و هەریەکەیان وەسفی ناوێکی کردووە ، ئەرکیان دیارخەرە .

بەلام جێناوی نادیار هەمیشە لە شوێنی ناوێک بەکاردێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێت و هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت ، وە وەسفی هیچ ناوێک ناکا. بەم شێوەیە

تایبەتمەنییەکانی ناو

١-نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی ( هین ) .... هینەکە ، هینێک ، هینەک ، هینێ

٢-نیشانەی کۆی ناسراوی ( ەک+ان ) ( هین +ەکە+ان ) ( هینەکان )

وەکو .... ( هین هات ) لەم ڕستەیەدا ( هین ) جێناوی نادیارە چونکە لە جیات ناوی کەسێک بەکارهاتووە بەلام کەسەکە نادیارە ، بۆیە بە ( هین ) دەگوترێت جێناوی نادیار ، چونکە شوێنی ناوێکی گرتووەتەوە بە نادیاری . وە ئەرکێکی بەجێهێناوە کە ئەوێش ئەرکی ( بکەر)ە .

## ئەرکی جێناوی نادیار لە ڕستەدا

١-بکەر

هین هات . — (هین ) جێناوی نادیارە و بکەرە

فلان بۆ بازاڕ چوو. — ( فلان ) جێناوی نادیارەو بکەرە

٢-بەرکار

هینم بینی — (هین ) جێناوی نادیارە و بەرکارە

هوین هەمێ دزانن — ( هەمێ ) جێناوی نادیارەو بەرکارە

کابرام لە بازاڕ بینی — (کابرا ) جێناوی نادیارە و بەرکارە

٣-نیهاد

هین زۆر زانە — (هین ) جێناوی نادیارە و نیهادە

فلان زیرەکە — ( فلان ) جێناوی نادیارەو نیهادە

٤-تەواوکەری بەیاریدە      نامەکەم بە هیندا نارد      پێنووسەکەم لە فلان وەرگرت .

(هین ) جێناوی نادیارە و تەواوکەری بەیاریدەیە      ( فلان ) جێناوی نادیارەو تەواوکەری بەیاریدەیە

٥-دیارخەری ناو      برای هین زیرەکە .      کوڕی فلان هات .

(هین ) جێناوی نادیارە و دیرخەری ناوە      ( فلان ) جێناوی نادیارەو دیارخەری ناوە

٦-تەواوکەری کاری ناتەواو      ئەوە هینە      ئەوە فلانە

(هین ) جێناوی نادیارە و تەواوکەری کاری ناتەواوە      ( فلان ) جێناوی نادیارەو تەواوکەری کاری ناتەواوە

٧-تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو      نامەکە بۆ هینە      قەڵەمەکە بە هین بوو      نامەکە بۆ فلان بوو .

(هین ) جێناوی نادیارە و تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە      ( فلان ) جێناوی نادیارەو تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە

٨- جێگری بکەر ...   یاسای بکەر نادیار بۆ رابردوو ،   ( رەگی کار + را )

فلان لە بازاڕ بینرا      هین بۆ دەرەوەی وڵات نێرراوە .

(فلان ) جێناوی نادیارە وجێگری بکەرە      ( هین ) جێناوی نادیارەو جێگری بکەرە

یاسای بکەر نادیار بۆ ڕانەبردوو      ( دە + ڕەگی کار + رێ )

فلان دەبینرێ      هین بۆ دەرەوەی وڵات دەنێردرێ .

فلان ) جێناوی نادیارە وجێگری بکەرە      هین ) جێناوی نادیارەوجێگری بکەرە

تێبینی // لە ڕستەی ( هین بۆ دەرەوەی وڵات نێرراوە )   ئەو ( وە ) یە نیشانەی ڕابردووی تەواوە ، چووەتە سەر کارە بکەر نادیارەکە ، نەک بە ( ە ) کۆتایی بلێێ (کاری ناتەواو ) چونکە ئەوکاتە هەڵە دەبێت ، کاری ناتەواو ناچێتە سەر کاری تەواو.

تێبینی // بۆ ئەوەی خوێندکار بە ئاسانی ئەرکەکانی ڕستە دروست بکات ئەوا ئێمە لێرەدا چەند تێبینییەکی ئاسان بە خوێندکار ئەدەین کە ئەکرێ سودی لی وەربگرێ بۆ هەندێک حاڵەت .

ئەگەر بمانەوێت وشەیەک ئەرکی ( بەرکار ) ی پێ ببەخشین ئەوا وشەکە ئەهێنین و ( م ) پێوە ئەخەین و دوای ئەویش کاری ( بینی ) بۆ زیاد دەکەین . وەکو

هینم بینی      فلانم بینی      کابرام بینی      مامۆستاکەم بینی      خوێندکارەکەم بینی

ئەگەر بمانەوێت وشەیەک ئەرکی ( بکەر ) ی پێ ببەخشین ئەوا وشەکە ئەهێنین و کاری ( هات ) ی بۆ زیاد دەکەین و وشەکە ئەرکەکەی ئەبێتە ( بکەر ) . وەکو

هین هات      فلان هات      کابرا هات      مامۆستاکە هات      خوێندکارەکە هات

ئەگەر بمانەوێت وشەیەک ئەرکی ( تەواوکەری بەیاریدە ) ی پێ ببەخشین ئەوا دەبێت یەکێک لەم ئامرازە پەیوەندییانە ( بە ، لە ، بۆ ) لە پێش ناوەکەوە دادەنێین و دواتر چۆن ڕستەکەت بۆدەربڕدرا ئاوا بینووسە و دروست ئەبێ . وەکو

نامەکەم بە هێن دا نارد      دیاریەکە بۆ فلان هان      پێنووسەکەم لە کابرا وەرگرت      گوڵەکەم بۆ مامۆستا برد      خواردنەکەم بە خوێندکارەکە دا .

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٥٦

ئەم جێناوانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکار بهێنە.

| ڕستە | جێناو |
|---|---|
| گشت هاتوون | گشت |
| هەندێک دەرچوون | هەندێک |
| کەس نەهاتووە | کەس |
| تۆ چ دەخۆیت | چ |
| هەرامەم کری | هەرامە |
| وانەکم لێ کەوتووە | وانەک |

## ڕاهێنانی دووەم

جێناوی نادیاری فلان لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت .

وەلام // ١- بکەر // فلان هات

٢- بەرکار// فلانم بینی

٣- ئیهاد // فلان زیرەکە

٤-تەواوکەری بەیاریدە /// نامەکەم بەفلاندا نارد

٥-دیارخەری ناو // کوڕی فلان زیرەکە.

٦- تەواوکەری کاری ناتەواو // ئەوە فلانە ئەوە فلان بوو

٧- جێگری بکەر // فلان بینرا

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ٥٦

لەم ڕستانەی خوارەوەدا جێناوە نادیارەکان دەربهێنەو ئەرکەکانیان دیاری بکە .

| ڕستە | جێناوی نادیار | ئەرکەکەی |
|---|---|---|
| ١- خەڕ هاتبوون | خەڕ | بکە ر |
| ٢-مە چ نەکرییە | چ | بەرکار |
| ٣-تۆ هینت بۆ کوێ نارد | هین | بەرکار |
| ٤-یەکێک لە هاوڕێکانم زۆر زیرەکە | یەکێک | ئیهاد |
| ٥-ئەم هەمیێ دزانین | هەمیێ | بەرکار |
| ٦-ئەمە فلان بوو. | فلان | تەواوکەری کاری ناتەواو |
| ٧-بلا کەس نەهێتە گرتن ( بلا) واتا ( با ) | کەس | جێگری بکەر ( لە کرمانجی ژووروودا بکەر نادیار ئاوایە ( کاری یاریدەدەر + چاوگ) ( هاتە ، دهێتە ،نەهێتە + چاوگ ( گرتن) |

## ڕاهێنانی چوارەم لاپەرە ٥٧

ئەم ڕستانە شی بکەوە:-

| ١- یەکێ لە کتێبەکانم بە کابرا بەخشی | ٢- شڤانی چ نەنڤیسییە |
|---|---|
| یەکێ // جێناوی نادیارە ، بەرکارە<br>لە // ئامرازی پەیوەندی<br>کتێبەکان // ناوێکی کۆی ناسراوە ، تەواوکەری بەیاریدەیە<br>م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە<br>بە // ئامرازی پەیوەندی<br>کابرا // جێناوی نادیار ، تەواوکەری بەیاریدە<br>بەخشی // کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی تێپەڕ | شڤان // ناوە ، تایبەتە ، بکەرە<br>ی // نیشانەی ڕەگەزی نێرە لە کرمانجی ژووروودا کاتێک کاری ڕستەکە (ڕابردووی تێپەڕ بێت) یان لەگەڵ ( ناوی تایبەتدا) دێت .<br>چ // جێناوی نادیارە ، بەرکارە<br>نەنڤیسییە// کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕی نەرێکراوە. |

## ڕاهێنانی پێنجەم لاپەرە ٥٧

جیاوازی نێوان هاوەڵناوی نادیار و جێناوی نادیار چییە ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەوە.

وەڵام // هاوەڵناوی نادیار هەمیشە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات بەشێوەیەکی نادیار ،ئەگەر کەوتە پێش ناوەکەوە پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵی ( ی ) نابێت ، بەڵام ئەگەرکەوتە دوای ناوەکەوە ئەوا پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵی ( ی ) دەبێت ، وە ئەرکی دیارخەری دەبینێت لە هەردوو بارەکەدا ، وەکو

ڕۆژگار هەموو مرۆڤێک دەردەخات. گۆڤارێکی دی دەخوێنمەوە .

( لێرەدا ( هەموو ، دی ) هاوەڵناوی نادیارن و هەریەکەیان وەسفی ناوێکی کردووە ، ئەرکیان دیارخەرە .

بەڵام جێناوی نادیار هەمیشە لە شوێنی ناوێک بەکاردێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێت و هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت ، وە وەسفی هیچ ناوێک ناکا. بەم شێوەیە

وەکو .... ( هین هات ) لەم ڕستەیەدا ( هین ) جێناوی نادیارە چونکە لە جیات ناوی کەسێک بەکارهاتووە بەڵام کەسەکە نادیارە ، بۆیە بە ( هین ) دەگوترێت جێناوی نادیار ، چونکە شوێنی ناوێکی گرتووەتەوە بە نادیاری . وە ئەرکێکی بەجێهێناوە کە ئەوێش ئەرکی ( بکەر)ە .

ب// ئەم وشانە جارێک وەکو هاوەڵناوی نادیار و جارێک وەکو جێناوی نادیار بەکاربهێنە.

| وشە | ڕستە بۆ هاوەڵناوی نادیار | ڕستە بۆ جێناوی نادیار |
|---|---|---|
| هیـــچ | هیچ خوێندکارێک دوانەکەوتووە | هیچم نەخواردووە |
| هەمـــی | هەمی وانەکانم ئامادەکردوو | هەمی ڕۆشتن |
| گشـــت | گشت هاورێکانم خۆشدەوێت | گشت دەرچوون |
| چ | چ یارییەک دەکەیت | من چ نەخارییە |
| هین | گوڵە هینەکە بۆنی خۆشە | هین ڕۆیشت |

## چەن پرسیارێک دەربارەی بابەتەکانی هاوەڵناوی نادیار و جێناوی نادیار

پرسیار // جیاوازی هێڵ بە ژێرداهاتووەکان چییە لەم دوو ڕستەیەدا

١- منداڵەکە زۆر گریا ٢- قسەکردنی زۆر بۆ مرۆڤ ناشرینە.

وەڵام // لە ڕستەی یەکەمدا ( زۆر ) هاوەڵکاری چەندێتییە ، تەواوکەری کارە

لە ڕستەی دووەمدا ( زۆر ) هاوەڵناوی نادیارە و دیارخەری ناوە.

پرسیار // لەم ڕستانەدا هاوەڵناوی نادیار و جێناوی نادیار دەربهێنە.

١- فلان کەس زیرەکە . ٢- براکەی فلان وریایە . هیچ کەس وەک من زانا نیە.

وەڵام // هاوەڵناوی نادیار ( فلان ، فلان ، هیچ ) جێناوی نادیار ( کەس ، کەس )

پرسیار // ئەم وشانە بە پێی داواکاریەکانیان لە ڕستەدا بەکار بهێنە.

١- هەموو ( بکەر ) بێت . ٢- ( هەموو ) دیارخەری ناو بێت . ٣- هەموو ( نیهاد ) بێت ، ٤- هین جێگری بکەر بێت

وەڵام // هەموو هاتن هەموو خوێندکارەکان هاتن هەموو زیرەکبوون هین بینرا

پرسیار // لە ناو هەموو هاوەڵناوە نادیارەکاندا کام هاوەڵناوە هەمیشە بە هاوەڵناوی دەمێنێتەوە؟

وەڵام// لەناو هەموو وشەکاندا تەنها ( هەر ) هەمیشە بە هاوەڵناوی دەمێنیتەوە وەکو ( هەر کوردێک دڵسۆزی خاکەکەی نەبێت خیانەتکارە)

پرسیار// هاوەڵناوی نادیار چ کاتێک پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نیە ؟

وەڵام // ئەگەر هاتوو هاوەڵناوە نادیارەکە کەوتە پێش ناوەکەوە ئەوا پێویستی بە (ی ) دانەپاڵ ( خستنەسەر ) نیە

وەکو ( هەندێک میوانمان هات ) ( گشت گوڵەکانم ئاودا )

پرسیار // جیاوازی نێوان هاوەڵناوی نادیار و جێناوی نادیار چییە بەنموونەوە ؟

وەڵام: پێناسەکانیان جیاوازیەکانیانە .

پرسیار // ڕستەیەک هاوەڵناویکی نادیار بووبێتە دیارخەری جێناوێکی نادیار ؟

وەڵام // هەندێک کەس ڕاستی بەخوار تێدەگەن .

پرسیار // جیاوازی چییە لە نیوان هێڵ بەژێر داهاتووەکانی ئەم دوو ڕستەیە

١- هەندێک لە خوێندکارەکان نەهاتوون . ٢- هەندێک خوێندکار نەهاتوون .

وەڵام // ( هەندێک ) ی یەکەم هاوەڵکاری چەندێتیە و تەواوکەری کارە .

( هەندێک ) ی دووەم هاوەڵناوی نادیارە و دیارخەری ناوە .

## کـــــــاری دارِژاو

### کــــــار بەم شێوەیە دابەش دەبێت

- لەڕووی دروست بوونەوە
  - (کاری سادە ← (هات
  - کاری ناسادە)
    - کاری دارِژاو ← ڕاهات
    - کاری لێکدراو) ← سەرکەوت
- لە ڕووی کاتەوە
  - (کاری ڕابردوو ← (خوارد
  - کاری ڕانەبردوو) ← دەخۆم)
- لە ڕووی هێزەوە
  - (کاری تێپەڕ ← (خوارد
  - کاری تێنەپەڕ) ← هات)
- لەڕووی تەواوی و ناتەواوییەوە
  - (تەواو ← (خوارد )
  - ناتەواو) ← ( ە.بوو،دەبێت)

**کــــــاری دارِژاو :-** کارێکی ناسادەیە لە کارێکی سادەی واتادارو پاشگرێک یان پێشگرێکی بێ واتا یاخود لەگەڵ هەردووکیان پێکدێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

※ سێ ڕێگامان هەیە بۆ دروست کردنی کاری دارِژاو کە ئەوانیش ئەمانەن

### ١-( پێشگر + کاری سادە = کاری دارِژاو ) وەکو

هەڵ+دا= هەڵدا ، هەڵدڕی ، هەڵچوو ، هەڵخست ، هەڵکرد ، هەڵگرت ، هەڵبڕی ، هەڵمژی

دا+نیشت= دانیشت ، دادا ، داکرد ، داتەپی ، داچوو ، داخست ،

ڕا +کێشا= ڕاکێشا ، ڕاخست ، ڕاکرد ، ڕاپەڕی ، ڕاگرت ، ڕاماڵی ، ڕابوو

تێبینی // ئەم پێشگرانە بەگشتی هیچ واتایەکیان نییە. بەپێش کارە سادەکەوە دەلکێن و هەریەکەیان مانایەکی هەیە پێشگری ( هەڵ) واتای بەرزی بۆ سەرەوەیە ، پێشگری (دا) واتای بۆ خوارەوەیە ، پێشگری ( ڕا ) بزووتنەوەیەکی ڕاستەوخۆ نیشاندەدات ، پێشگری ( وەر ) گەڕانەوە و شوێن گۆڕین دەردەخات ، پێشگری (ڕوو) بزووتنەوەیە بۆ خوارەوە.

### ٢- ( پێشگر + کاری سادە + پاشگر = کــــاری دارِژاو)

هەڵ + دا + یـ + ەوە = هەڵـــدایەوە (تێبینی ( یــ ) ناوبەندە هەندێکجار بۆی زیاد دەبێت و هەندێکجار زیاد نابێت بەپێی شوێنی بزووێنەکانە)

هەڵ+گرت+ەوە = هەڵگرتەوە .. لێرەدا ( یــ) ناوبەند زیاد نەبوو چوونکە پێویستی نیە .

هەڵ + خست + ەوە = هەڵخستەوە ، هەڵدایەوە ،، دادایەوە ،، داکردەوە ، وەرگرتەوە ، هەڵچووەوە.

### ٣- کاری ســـــادە + پاشگر ( ەوە ، اندن ، ڤە)

خوارد+ ەوە = خواردەوە    چوو+ەوە = چووەوە    چوو+ڤە= چووڤە

تێبینی // پاشگری (اندن ) یان دەچێتە سەر ڕەگی کار یان قەدی چاووگی تێنەپەڕ و لەوکاتەشدا چاوگەکە لە تێنەپەڕەوە دەکات بە پێپەڕ.

ڕژان // بە لابردنی ( ن) چاوگ قەدی چاوگ دروست دەبێت ، ( ڕژا + اندن = ڕژاندن ) بەلابردنی (ن) کاری دارڕژاو دروست دەبێ ( ڕژاند)

سوتان بە لابردنی ( ن) چاوگ قەدی چاوگ دروست دەبێت ، ( سوتا + اندن = سوتاند) بەلابردنی (ن) کاری دارڕژاو دروست دەبێ(سوتاند)

بەڵام لێرەدا جیاوازە و ڕەگی کار وەردەگرین وەکو

مردن ڕەگی کارەکەی ( مر )ە ( مر + اندن = مراندن ) بەلابردنی (ن) کاری دارڕژاو دروست دەبێ ( مراند)

کەوتن ڕەگی کارەکەی ( کەو)ە ( کەو + اندن = کەواندن ) بەلابردنی (ن) کاری دارڕژاو دروست دەبێ (کەواند)

تێبینی // هەندێک کاری سادەمان هەیە کە بە تەنها واتایان نیە بەڵکو کاتێک پاشگری (ەوە) دەچێتە سەر واتای بۆ دروست دەبێت وەکو

حەسا + ی ( ناوبەند) + ەوە = حەسایەوە ... کە لە بنەڕەتدا کاری سادەی (حەسا) هیچ واتایەکی نیە بەتەنها

دۆزی + (ی ) ناوبەند + ەوە = دۆزییەوە ... دۆزی لە بنەڕەتدا کارێکی سادەیەو واتای نیە بە تەنها. ( کولایەوە ، لەرایەوە)

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەرە ٦٤

لەم دێڕە هۆنراوەی خوارەوە هەر کارێکی دارڕژاو هەیە دەری بهێنەو لەڕووی پێکهاتنیەوە دەست نیشانی بکە.

| هـــۆنراوە | کاری دارڕژاو | چۆنەتی دروست بوونی کاری داڕاو |
|---|---|---|
| ١-سبەینێ کە جەنگ دامرکایەوە<br>ئاگری هەراو شەڕ کوژایەوە | دامرکایەوە<br>کوژایـــەوە | پێشـگر + کاری سادە + ی (ناوبەند)+ پاشگر (ەوە)<br>کاری سادە + ی (ناوبەند)+ پاشگری (ەوە) |
| ٢-گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ،ئاخۆ<br>مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر | ڕابـــوارد | پێشـــگر + کاری سادە |
| ٣-چەند جار سوتام و هەڵگەڕامەوە<br>بووم بە خۆڵەمێش دامرکامەوە | هەڵگەڕامەوە<br>دامرکامەوە | پێشگر + کاری سادە +(م.جێناوی لکاو)+پاشگری (ەوە)<br>پێشگر + کاری سادە +(م.جێناوی لکاو)+پاشگری (ەوە) |
| ٤-شەتری و تاتێن سوورەزەرد<br>بایێ نەسیم لێدا سەحەر | لێـــدا | پێشگر + کاری سادە |
| ٥-لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون<br>لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی روون | دەربـــڕم<br>هەڵوەرێنم | پێشگر + ڕەگی کاری (بڕین) + جێناوی لکـــاو)<br>پێشگر + ڕەگی کار + جێناوی لکاو. |
| ٦-گوڵێ جانێ تە ئەز برم<br>ژدنیایێ ئەز دەرکرم | دەرکـــــر | پێشگر + کاری سادە |

تێبینی // لەو کارانەی کە ڕانەبردوون دەتوانی ڕاستەوخۆ کارەکە وەرگری بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ ڕەگی کار بکەی واتا بەم شێوەیە

هەڵوەرێنم // پێشگر + کاری سادە. واتا بەم شێوەیەش هەر دروستە بەشێوەی ڕاهێنانەکەش هەر دروستە. بەڵام هی ڕاهێنانەکە زیاتر ورد کراوەتەوە.

## ڕاهێنانی دووەم   لاپەڕە ٦٥

واتای ئەم پێشگرو پاشگرانەی خوارەوە دیاری بکەو لەگەڵ هەریەکێکیان دووکاری داڕژاو دروست بکەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە .

| پێشگر+پاشگر | واتای پێشگر + پاشگر | کاری داڕژاو | ڕستە |
| --- | --- | --- | --- |
| ١-هەڵ | بۆ سەرەوو | هەڵواسی . هەڵکرد | وێنەکەم هەڵواسی ، چراکەم هەڵکرد |
| ٢- وەر | شوێن گۆڕین دەردەخات | وەرگرت ، وەرپێچا | دیاریەکانم وەرگرت |
| ٣-ڤە | دووبارەبوونەوە | ڤەکرد ، ڤەچوو | دەرگاکەم ڤەکرد |
| ٤-دا | بۆ خوارەوە | داکرد ، داخست | بەرماڵەکەم داخست |
| ٥- ەوە | دووبارە بوونەوە | خواردەوە ، کردەوە | ئاوەکەم خواردەوە |

## ڕاهێنانی سێیەم   لاپەڕە ٦٥

ئەم ڕستانە شی بکەوە.

| ١- ئالای کوردستان لە هەموو شوێنێک دەشەکێتەوە. | ٢- لاپەڕەکانی گۆڤارەکەم لەسەر خۆ هەڵدەدایەوە. |
| --- | --- |
| ئالا // ناوە . تاکە . گشتییە، دیارخراوە<br><br>ی // ئامرازی خستنەسەرە<br><br>کوردستان // ناوە ، تایبەتییە ، دیارخەری ناوی ئالایە<br><br>ئالای کوردستان // گرێی ناوی ، بکەرە<br><br>لەهەموو شوێنێک //گرێی هاوەڵکاری شوێنییە، تەواوکەری کارە<br><br>دەشەکێتەوە// کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕە ، داڕژاوە. | لاپەڕەکان // ناوە ، گشتییە ، کۆی ناسراوە ، دیارخراوە.<br><br>ی // ئامرازی خستنەسەرە.<br><br>گۆڤارەکە// ناوە ، ناسراوە ، گشتییە ، دیارخەری ناوە .<br>لاپەڕەکانی گۆڤارەکە // گرێی ناوییە ، بەرکارە.<br>م// جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە<br>لەسەرخۆ // هاوەڵکارێکی چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە .<br><br>هەڵدایەوە// کارێکی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی تێپەری داڕژاوە. |

| ٣- وی   پەنجەرەک ڤەکرد | ٤-مەمۆی ئاگرێ نەورۆزی هەڵکرد |
| --- | --- |
| وی // جێناوی سەربەخۆیە بۆکەسی سێیەمی تاک بۆ ڕەگەزی نێر ، بکەرە.<br><br>پەنجەرەک // ناوە ، نەناسراوە ، گشتییە ، بەرکارە.<br><br>ڤەکرد //   کارێکی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی داڕژاوی تێپەڕە. | مەمۆ // ناوە ، تایبەتە ، بکەرە .<br>ی // نیشانەی ڕەگەزی نێرە لە کرمانجی ژووروودا کاتێک کارەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت .. وەکو .. ( ئازادی پەز دۆشی ) یان ( شیرینێ پەز دۆشی)<br>ئاگر// ناوە ، گشتییە ، دیارخراوە .<br>ێ // ئامرازی خستنەسەرە.<br>نەورۆز // ناوە ، دیارخەری ناوە.<br>ئاگرێ نەورۆز // گرێی ناوی ، بەرکارە .<br>ی // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک ، بۆ بکەردەگەڕێتەوە. |

## کـــــاری لێکدراو

کاری لێکدراو :- ئەو کارەیە کە لە چاوگێکی لێکدراو دروستکراوە لەناو ڕستەدا وەکو وشەیەکی سەربەخۆ ئەرکی خۆی دەبینێت ، چاوگی لێکدراو لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت .

※ بە چوار ڕێگا دەتوانین کاری لێکدراو دروست بکەین ، وە هەر ڕێگایەکیش چەند لقێکی لێ دەبێتەوە . وەکو

آ- ( ناو + چاوگ)    ب- ( هاوەڵناو + چاوگ)    ج-(هاوەڵکار +چاوگ )    د-(وشەیەک واتای سەربەخۆی نیە +چاوگ)

وەکو گوتمان هەریەکێک لەم ڕێگایانە چەند لقێکی لێ دەبێتەوە.

### آ- (( نـــــاو + چـــاوگ))

سەرەتا با سەیری یاساکان بکەین دەبینین لە هەموو یاساکاندا تەنها بەشی یەکەمیان گۆڕاوە واتە بەشی یەکەمی کارەکە ( ناو ،هاوەڵناو ، هاوەڵکار ، وشەی بێواتایا ) یە ، بەڵام بەشی دووەمیان لەهەموویاندا هەر (چاوگە) یان ( کارەکەیە) ، کەواتە ئێمە دێین باسی چۆنیەتی جیاکردنەوەی ئەو بەشی یەکەمی کارانە دەکەین لەگەڵ یەکتری واتا چۆن ناو لە هاوەڵناو جیا بکەینەوە ،

※ سەرەتا باسی ناسینەوەی ناو دەکەین لە کاری لێکدراودا . چۆن بزانین بەشی یەکەمی کارەکە ناوە هاوەڵناو نییە .

بۆ ئەوەی بزانین کە بەشی یەکەمی کارەکە ناوە و هاوەڵناو نیە ئەوا نیشانە تایبەتیەکانی ناو دەخەینە سەر بەشی یەکەمی کارەکە ئەگەر گونجا ئەوا بەدڵنیاییەوە ناوە کە نیشانەکانیش ئەمانەن ( ەکـە ، ەک ، یـک ، ێ) وە هەر وشەیەک ئەمانەمان هەڵدایە سەرو واتای هەبوو ئەوا ئەو وشەیە ناوە

جا ئەگەر ناوەکە لە تەنها وشەیەک پێک هاتبێت ئەوا ناوێکی سادەیە بەڵام ئەگەر لە وشەیەکی واتادارو زیادەیەک پێکهاتبێت ئەوا ناوێکی دارڕێژاوە وە ئەگەر لە دوو وشەی واتادار پێکهاتبێت ئەوا ناوەکە ناوێکی لێکدراوە.

١-( ناوی سادە + چاوگی سادە)

وەکو ( دەست کەوتن ، ڕێز بوون ، یارمەتیدان ، ئاودان ، سواربوون ، سوارکردن)

ئەگەر ئەو تێبینیەی سەرەوە لەگەڵ ئەم وشانە جێبەجێ بکەین بە دڵنیاییەوە وەک ئەوەی گوتمان ناوا دەردەچـــن وەکو

دەست + ەکە ، ەک ، ێ = دەستەکە ، دەستەک ، دەستێ ، هەموو ئەمانە واتایان هەیە کەواتە (دەست ) ناوێکی سادەیە چونکە هیچ زیادەی پێوە نیە.

ڕیز + ەکە ،ەک ، ێ ، یک ، =ڕیزەکە ، ڕیزێک ، ڕێزەک ، ڕێزێ ، هەموو ئەمانە گونجاون و واتا دارن کەواتە ( ڕێز ) ناوە.

٢-( ناوی دارڕێژاو + چاوگی سادە)

وەکو ( ڕێـــگا گرتن ، گەرمـــا بوون ، جێگـــە بوون )

ڕێگا + ەک ،یک ، ەک ، ێ = ڕێگاکە ، ڕێگاییێک ، ڕێگایێ ، کەواتە ئەمانەش واتایان هەیە بۆیە ( ڕێگا ) ناوە بەڵام دارڕێژاوە چونکە لە وشەیەکی واتادارو زیادەیەک پێکهاتووە،  ( ڕێ + گا= ڕێگا)

٣- ( ناوی لێکدراو + چاوگی سادە)

وەکو ( ناڵەناڵ کردن ، ماڵئاوایی کردن )

ماڵئاوایی + ەکە ، ەک ،یێک ،یێ = ماڵئاواییەکە ، ماڵئاواییێک ، ماڵئاواییێ . کەواتە دەگونجێ بۆیە ( ماڵئاوایی ) ناوی لێکدراوە وە لە دوو وشەی واتادارو سەربەخۆ پێکهاتووە بۆیە بە ناوی لێکدراو دادەنرێت ( ماڵ + ئاوایی = ماڵئاوایی ) کە دەبێتە ناوێکی واتایی

٤- ( ناوی سادە + چاوگی دارِژاو )

وەکو ( دەست هەڵبرین ، چاو لێبوون ، چاوپێکەوتن ، دەستقەکرن ، دەست پێکردن )

٥- ( گرێـــی ناوی + چاوگی سادە)

وەکو ( لەهۆش چوون ، بەخێوکردن ، بەکرێ دان ، لە بیرچوون ، لەبیرکردن ، بەدەست هێنان )

ئەمانە بەهۆی (پێشگرەکانەوە بناسەوە کە نەیان توانیوە وشەی تازە دابهێنن ) یاساکەی سەرەوە گرێی ناوی ناگرێتەوە.

٦- ( گرێی ناوی + چاوگی دارِژاو)

وەکو ( بەبیرهاتنەوە ، بەکرێدانەوە ، لەیاد چوونەوە ، بەبیرهێنانەوە )

## ب // ( هاوەڵناو + چاوگ)

بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە (هاوەڵناوە ) پەیرەوی ئەم یاسایە دەکەین و بە دڵنیاییەوە بە پەیرەوکردنی سەرکەوتوو دەبی هەر شتێک کە پێمان گوت هاوەڵناو دەبێت تایبەتمەندیەکانی هاوەڵناو وەربگرێت واتا هەر شتێک ئەو تایبەتمەندییانەی وەرنەگرت هاوەڵناو نیە .
تایبەتمەندیەکانیش ئەمانەن ( تـــــر ، تریــــــن) بەم شێوەیەکی خوارەوە

١- ( هاوەڵناوی سادە + چاوگی سادە )

وەکو ( بڵند کردن ، خۆش کردن ، گەش کردن ، گەرم کردن ، پرِکردن ، گەورەبوون )

بڵند + تر ،ترین = بڵندتر ،بڵندترین . کەواتە بڵند هاوەڵناوێکی سادەیە چونکە لە تەنها وشەیەک پێکهاتووە.

پرِ +تر،ترین = پرِتر ، پرِترین . لەبەر ئەوەی واتای هەیەو دەتوانین بە ئاسانی بیخەینە رِستەوە کەوتە ( پرِ ) هاوەڵناوێکی سادەیە.

٢- ( هاوەڵناوی دارِژاو + چاوگی سادە)

وەکو ( بەهێز کردن ، نەخۆش کەوتن )

بەهێز + تر ،ترین = بەهێزتر ،بەهێزترین . کەواتە ( بەهێز ) هاوەڵناوی دارِژاوە ( بە +هێز= بەهێز )

* رِەنگە بڵێی ( نەخۆش ) هەم ( تر ،ترین ) هەم ( ەکە ،یێک ، ەک ) وەردەگرێ ، بەڵام ئەوە جیاوازە . کاتێک (نەخۆش) ( ەکە ،یێک ) وەرگرت ئەوا وەکو ناو بەکارهاتووە هیچ کات نابێتە کاری لێکدراو وەکو لەم دوو رِستەیەدا روونم کردۆتەوە .

١- نەخۆشەکە هات . لێرەدا نەخۆشەکە کەسێکە . وە کارەکەش کارێکی سادەیە

٢- منداڵەکە نەخۆش کەوت . لێرەدا کارەکە لێکدراوە ( نەخۆش کەوتن ) کەواتە قسەی ئێمە لەسەر ئەوەی دووەمە ، واتە وشەکە لە تەنیشت کارەکەوە بێت .

٣-هاوەڵناوی لێکدراو + چاوگی سادە)

وەکو ( دڵخۆشکرد ، ڕووڕەش کردن ، دڵساردکردن ، دڵشاد بوون )

دڵخۆش + تر ،ترین = دڵخۆشتر ، دڵخۆشترین ،  کەواتە دڵخۆش هاوەڵناوێکی لێکدراوە ،  ( دڵ + خۆش = دڵخۆش)

٤- ( هاوەڵناوی سادە+ چاوگی دارِژاو)

وەکو ( نوێ کردنەوە ، تیژکردنەوە ، شین بوونەوە ، گەرمکردنەوە ، گەش کردنەوە ، پاک کردنەوە)

٥- هاوەڵناوی دارِژاو + چاوگی دارِژاو

وەکو ( بەئاگا هاتنەوە ، بەهێزکردنەوە ، بەهێزبوونەوە )

٦-هاوەڵناوی لێکدراو + چاوگی دارِژاو )

وەکو ( دڵساردکردنەوە ، دڵخۆش کردنەوە ، دڵشاد بوونەوە ،

پرسیار // یاسای دروست بوونی ئەم کارە لێکدراوانە بنووسە . ( ئاودان ، نەخۆش کەوتن ، سەرشۆڕکردن ، لەبیرچوون)

وەڵام // ئاو +ەکە ،ێک ،ەک = ئاوەکە ،ئاوێک ،ئاوەک . کەواتە ( ئاو ) ئاوێکی سادەیە چوونکە هیچی پێوە نیە

( ئاودان =  ناوی سادە +چاوگی سادە)

نەخۆش +تر ،ترین = نەخۆشتر ، نەخۆشترین ، کەواتە دروستە ، (نەخۆش) هاوەڵناوی دارِژاوە ( نە + خۆش= نەخۆش)

( نەخۆش کەوتن =  هاوەڵناوی دارِژاو + چاوگی سادە)

دڵخۆش +تر ، ترین = دڵخۆشتر ،دڵخۆشترین . کەواتە دڵخۆش هاوەڵناوێکی لێکدراوە ( دڵ +خۆش = دڵخۆش)

دڵخۆشکردن =  هاوەڵناوی لێکدراو+ چاوگی سادە)

لەبیر = هیچ کام لە تایبەتمەندییەکان وەرناگرێ بەڵام ( لە ) لە پێشە بۆ ئەوەی بیناسینەوە کە گرێیە

لەبیرکردن = گرێی ناوی +چاوگی سادە

## ج// ( هاوەڵکار +چاوگ )

بۆ هاوەڵکار هیچ تایبەتمەندییەک نیە جگە لە ئەوەی وەسفی کار دەکەن هەمیشە . وە هەردوو وشەی( زۆر ،کەم ) هاوەڵکارن هەرچەندە (تر ، ترین ) وەردەگرن ، هاوەڵکار شوێن ، کات ، چەندێتی تێدایە .

١- ( هاوەڵکاری سادە+ چاوگی سادە) وەکو ( کەم کردن ، زۆر کردن ، کەم بوون )

لێرەدا ( زۆر ، کەم ) هەردووکیان چەندێتی ڕوودانی کارەکە دەردەخەن بۆیە دەبنە هاوەڵکار .

٢- ( هاوەڵکاری سادە + چاوگیی دارِژاو ) وەکو ( کەم کردنەوە ، زۆرکردنەوە ، کەم بونەوە ،

٣- هاوەڵکاری دارِژاو + چاوگی سادە) وەکو ( لەناڤ چوون ، لەناوبردن ، لەناوتان )

لێرەدا هاوەڵکارەکان ( لەناڤ . لەناو ) شوێنیان تێدایە کەواتە هاوەڵکارن وە لە وشەیەکی واتادار زیاتر پێکهاتوون بۆیە دەبنە هاوەڵکاری دارِژاو.

د// وشەیەک واتای سەربەخۆی نیە + چاوگی سادە) وەکو

( نقووم بووم ، وازهێنان ، پەککەوتن ، فرێدان ، هاندان ، فێربوون ، تاقیکردنەوە ، فێرکردن ، پەیداکردن )

ئەم وشانە تایبەتمەندیەکانی ( ناو ، هاوەڵناو ، هاوەڵکار ) وەرناگرن و بە تەنهاش واتایان نیە . بەلام لەگەڵ چاوگێک دەتوانن کاری لێکدراو دروست بکەن .

تێبینی // هەندێک کاری کێکدراومان هەیە کە لە ڕستەدا بە دوو بەشی جیا دێت وەکو ،

دزەکان ڕێگایان لە کاروانەکە گرت .   کە لە ئەسڵا کاری ڕستەکە ( ڕێگا گرتن)ە .

تێبینی // هەندێک کاری لێکدراو هەیە کە بەشی یەکەمیان (ناو)ە و دەتوانیت هەمیشە بیێتە بەرکار ، ( یاری کردن ، مەلەکردن )

منداڵەیان یاری دەکەن .   کە لێرەدا کارەکە ( یاری کردنە ) نەک بەتەنها (دەکەن ) وە ( یاری ) ئەرکی بەرکاری بینیوە .

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٧٢

کاری لێکدراو بە چەند ڕێگە دروست دەکرێ بۆ هەریەکەیان دوو نموونە بهێنەوە بە ڕستەوە

کاری لێکدراو بە چوار ڕێگە دروست دەکرێ

١- ناو+ چاوگ .   ( ڕیزبوون ، ئاودا )  ( گوڵەکانم ئاودا )  (خوێندکارەکان ڕیزبوون)

٢- هاوەڵناو + چاوگ   ( نەخۆش کەوت ، تازە کردەوە)  ( منداڵەکە نەخۆش کەوت )  (یاریگاکەمان تازەکردەوە )

٣-هاوەڵکار +چاوگ   ( لەناوبرد ، لەناڤچوو )  (دووژمنیان لەناوبرد )  ( میکرۆبەکە لەناڤچوو)

٤-وشەیەک واتای سەربەخۆی نیە +چاوگ   ( نقووم بوو ، هاندا)( کەشتیەکە نقووم بوو ) ( یاریزانەکانمان هاندا)

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ٧٢

لەم کارانەی خوارەوەدا کاری لێکدراو دروست بکەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە. پاشان چۆنیەتی دروست بوونەکەیان ڕوونبکەوە .

| کار | کاری لێکدراو | چۆنیەتی دروست بوونی | ڕستە |
|---|---|---|---|
| کەوت | پەککەوت | وشەی بێ واتا+ کاری سادە | سەیارەکە پەکی کەوت. |
| هەڵگرت | دەست هەڵگرت | ناو + کاری دارڕژاو | کرێکارەکان دەستیان لە کار هەڵگرت |
| دا | ئاو دا | ناو + کاری سادە | گوڵەکانم ئاودا |
| بوو | نەخۆش بوو | هاوەڵناوی دارڕژاو+کاری سادە | منداڵەکە نەخۆشبوو |
| کردەوە | گەرم کردەوە | هاوەڵناوی سادە+کاری دارڕژاو | خواردنەکەم گەرم کردەوە |
| هەڵبڕێ | دەست هەڵبڕێ | ناو+ کاری دارڕژاو | لە پۆلەکەدا دەستم هەڵبڕی |
| گرت | دەست گرت | ناو +کاری سادە | ئەو دەستی هەژارەکەی گرت |

## ڕاهێنانی سێیەم  لاپەڕە ٧٣

لەم دێڕە هۆنراوانەدا هەر کارێکی لێکدراو هەیە دەری بهێنەو چۆنیەتی دروست بوونەکەشی دیاری بکە.

| هۆنراوە | کاری لێکدراو | چۆنەتی دروست بوونی |
|---|---|---|
| -١ | بەخت ئەکا | نــــاو +کاری سادە |
| -٢ | خۆشبکت | هاوەڵناو +کاری سادە |
| -٣ | ناڵەکر | ناو +کاری سادە |
| -٤ | ئاونەدرێ | ناو + کاری سادە |
| -٤ | بەرناگرێ | ناو+کاری سادە    ( بەر واتا بەرهەم ) |
| -٤ | سەرناگرێ | ناو + کاری سادە |
| -٥ | گەش بوو | هاوەڵناو + کاری سادە |
| -٥ | شین بوو | هاوەڵناو + کاری سادە |

## ڕاهێنانی چوارەم  لاپەڕە ٧٣

ئەم ڕستانە شی بکەوە.

| ١- ڤی خەباتکەری دێ خەلاتکەن | ٢- ئەزێ خانی ئاڤا دکەم |
|---|---|
| ڤی-ی // هاوەڵناوی نیشانەیە / دیارخەری ناوە<br>خەباتکەر// ناوی بکەری لێکدراوە ، گشتییە ، بەرکارە.<br>دێ خەلاتکەن// کاری ڕانەبردووی تێپەڕی ئایندەی لێکدراوە<br>ن// جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ، بکەرە | ئەز // جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە<br>ێ // نیشانەی ڕەگەزی نێرە.<br>خانی // ناوە ، گشتیە ، بەرکارە<br>ئاڤا دکەم // کاری ڕانەبردووی تێپەری لێکدراوە |

## چەند پرسیارێک دەربارەی کاری دارِژاو کاری لێکدراو

پرسیار// یاسای دروست بوونی ئەم کارە دارِژاو لێکدراوانە بنووسە: ( بەخێوکرد ، پێ کرد ، هەڵمالی ، رادا ، سەوزبوو ، تاقیکردەوە، زۆرکرد)

| کـــــار | جۆری کار | چۆنیەتی دروست بوونی |
|---|---|---|
| بەخێوکرد | کاری لێکدراو | گرێی ناوی + کاری سادە |
| پێکردەوە | کاری دارِژاو | پێشگری ( پێ ) + کاری سادە + پاشگری ( ەوە ) |
| هەڵمالی | کاری دارِژاو | پێشگر + کاری سادە |
| رادا | کاری دارِژاو | پێشگر + کاری سادە |
| سەوزبوو | کاری لێکدراو | هاوەڵناوی سادە + کاری سادە |
| تاقیکردەوە | کاری لێکدراو | وشەی بێ واتا + کاری دارِژاو |
| زۆرکرد | کاری لێکدراو | هاوەڵکاری سادە + کاری سادە |

پرسیار // بەچەند رێگا لە وشەی ( بەهێز ) کاری لێکدراو دروست دەکرێ

وەڵام // بە دوو رێگـــــا .

١- هاوەڵناوی دارِژاو ( بەهێز) + کاری سادە)   وەکو   بەهێز کرد

٢- هاوەڵناوی دارِژاو ( بەهێز ) + کاری دارِژاو   وەکو   بەهێزکردوە

پرسیار // جیاوازی نێوان کاری دارِژاو کاری لێکدراو چییە ؟

وەڵام // پێناسەکانیان جیاوازیەکانیانە

## چۆنیەتی جیاکردنەوەی ( کاری تێپەڕ لە کاری تێنەپەڕ )

بۆ جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ لە کاری تێنەپەڕ پەیڕەوی ئەم ڕێگایە دەکەین ( ئەوان ) دادەنێین و ئینجا ( چاوگەکە )ی بەدوادا دەنووسین ، بەم شێوەیە ( ئەوان + چاوگ ) بەم شێوەیە ڕستەیەکمان بۆ دروست دەبێ ، ئەگەر هاتوو ڕستەکە واتای هەبوو ئەوا کاری ڕستەکە کارێکی تێنەپەڕە ، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕستەکە واتای نەبوو ئەوا کاری ڕستەکە کارێکی تێپەڕە ، ئەگەر چاوگەکە (سادە یان دارژاو یان لێکدراو) بێ جیاوازی نییە ، وە چاوگەکە ڕێک وەکو خۆی لەناو ڕستەکەدا دادەنێین. بەم شێوەیە.

( کەوتن ، مردن ، دەرچوون ، دانیشتن ، سەرکەوتن ، ڕێککەوتن ) ئەم چاوگانە بەم یاسایەی سەرەوە بەکار دەهێنین تاکو بزانین ( تێپەڕن یان تێنەپەڕ ) ، وە ئەم چاوگانە هەرکاتێک لە ڕستەدا بەکارمان هێنان چاوگ نامێنن و دەبن بە کار .

ئەوان کەوتن . ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( کەوتن ) کارێکی تێنەپەڕە

ئەوان مردن . ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( مردن ) کارێکی تێنەپەڕە

ئەوان دەرچوون . ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( دەرچوون) کارێکی تێنەپەڕە

ئەوان دانیشتن. ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( دانیشتن ) کارێکی تێنەپەڕە

ئەوان سەرکەوتن. ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( سەرکەوتن ) کارێکی تێنەپەڕە

ئەوان ڕێککەوتن. ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( ڕێککەوتن ) کارێکی تێنەپەڕە .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم چاوگانەی نووسیمانن هەموویان ( تێنەپەڕ)ن چونکە تەنها لەگەڵ ( بکەر) ( ئەوان) واتای ڕستەکە تەواودەکەن.

وە لە چاوگەکانی ( خوێندن ، خواردن ، هەڵگرتن ، ڕاکێشان ، بانگکردن ، ئاودان ) ئەمانەش بەپێی یاساکەی سەرەوە بەکار دەهێنین تاکو بزانین ( تێپەڕن یان تێنەپەڕ) بەم شێوەیە

ئەوان خوێندن. ڕستەکە واتای نییە کەواتە کارەکە کارێکی ( تێپەڕە) چونکە پێویستی بە بەرکار هەیە بۆ تەواوکردنی واتای کارەکە

ئەوان خواردن ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( خوارد) کارێکی تێپەڕە

ئەوان هەڵگرتن ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( هەڵگرتن) کارێکی تێپەڕە

ئەوان ڕاکێشان ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( ڕاکێشان) کارێکی تێپەڕە

ئەوان بانگکردن ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( بانگکردن) کارێکی تێپەڕە

ئەوان ئاودان ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( ئاودان) کارێکی تێپەڕە

ئەم کارانەی سەرەوە تێپەڕن چونکە کاتێک لەگەڵ یاساکە بەکاریان دەهێنین ڕستەکە واتای تەواو نادات بەدەستەوە ، وە بۆ ئەوەی واتای تەواو بدەن بە دەستەوە دەبێت وشەیەکی تر بهێنین کە بەو وشەیە دەگوترێت بەرکار ، چونکە کاری تێپەڕ هەمیشە پێویستی بە بەرکار هەیە وە هەرکاتێک بەرکار لە ڕستەکەدا نەبێت واتای ڕستەکە تەواو نییە ، وە بە هێنانی بەرکار بۆ ناو ڕستەکە ڕێک واتای ڕستەکە تەواو دەبێت بەم شێوەیە

**ئەوان وانەکانیان خوێند** واتای ڕستەکە تەواوە چونکە ( وانەکان) مان بۆ زیادکردووە کە ئەرکی بەرکاری بینیوە.

**ئەگەر ڕستەکە واتای هەبوو = کاری تێنەپەڕ ( ئەوان چوون ) ڕستەکە واتای هەیە**

**ئەگەر ڕستەکە واتای نەبوو = کاری تێپەڕ ( ئەوان خوێندن ) ڕستەکە واتای نییە**

تێبینی // ئەگەر هـاتوو کـارەکە ڕانەبردوو بوو دەیگێڕینەوە بۆ چاوگـە ئەسڵەکەی ئینجـا بە پێی یـاسـاکـە تـاقی دەکەینەوە. ئەگەر هـاتوو ڕستەکە واتـای هەبوو ئەوا ( تێنە پەڕە ) وە ئەگەر واتـای نەبوو ئەوا ( تێپەڕە) ، وە ئەگەر چاوگەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت ئەوا ڕانەبردووەکەشی هەر تێپەڕە، وە بە پێچەوانەشەوە. وەکـو.

پێشمەرگە ئێمە دەپارێزێت .    لێرەدا کـارەکە (دەپارێزێت) ە. ڕانەبردووە، بۆ ئەوەی بزانین دەیگێڕینەوە بۆ چاوگە ئەسڵەکەی ( دەپارێزێت ) لە چاوگی ( پاراستن ) ەوە هاتووە ، بۆیە ئێمە ( پاراستن) بەکار دەهێنین لەگەڵ یاساکە. چونکە ئەگەر ( پاراستن ) تێپەڕ بێت ئەوا ( دەپارێزێت) یش هەر تێپەڕە. چونکە کاری تێپەڕ و کاری تێنە پەڕ پەیوەندی بەکاتەوە نیە کە ڕابردوو بێت بڵێی تێپەڕە و ڕانەبردووبێت بڵێی (تێنە پەڕ)ە کە بەشێکی زۆری خوێندکار ئاوا تێگەیشتووە، بەڵکو ئەمە پەیوەندی بە هێزەوە هەیە کە ئایا (بەرکار ) وەردەگرێ یان نـا ، بۆیە ئێمە لێرەدا ( پاراستن ) بەکاردەهێنین، بەم شێوەیە.

( ئـەوان پـاراستن )    ڕستەکە واتای نیە کەواتە ( پاراستن ) کارێکی ( تێپەڕە ) بۆیە دەڵێین ( دەپارێزێت) یش تێپەڕە .

من لەسەربان دەخـەوم .   لێرەدا کارەکەمان ( دەخەوم ) ە و کارێکی ڕانەبردووە نابێت ڕێک یاساکەی بەسەردا جێبەجێ بکەین بەڵکو دەیگێڕینەوە بۆ چاوگە ئەسڵەکەی کە ( خەوتن) ە، چونکە ئەگەر خەوتن تێنە پەڕ بێت ئەوا (دەخەوم) یش هەر تێنە پەڕە . وەکو    ( ئـەوان خەوتن )   ڕستەکە واتای هەیە کەواتە( خەوتن ) تێنە پەڕە بۆیە دەڵێین (دەخەوم )یش تێنە پەڕە .

تێبینـی : کۆمەڵێک کاری شازمان هەیە کە ئەوانە بەر ئەم یاسایە ناکەون کە ژمارەیان کەمە.

( ڕاکـردن ، داکردن ، وازهێنان ، ڕوانین .. .هتد )

## کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ

**کاری تێپەڕ :-** ئەو کارەیە ئیشێک یان حاڵ و بارودۆخی کەسێک یان شتێک پیشان دەدات لە کاتێکی دیاری کراودا ، وە هەمیشە کاریگەریەکەی لە بکەری ڕستەکەوە تێدەپەڕێتە سەر کەسێک یان شتێک کە ئەویش بەرکاری ڕستەکەیە. منداڵەکە سێوەکەی خوارد

**کاری تێنەپەر :-** ئەو کارەکە ئیشێک یان حاڵ و بارودۆخی کەسێک یان شتێک پیشان دەدات لەکاتێکی دیاری کراودا، وە پێویستی بە هیچ وشەیەکی تر نیە بۆ تەواو کردنی واتای ڕستەکە بەڵکو تەنها لەگەڵ بکەری ڕستەکە واتای ڕستەکە تەواو دەکەن . ئازاد هات

### بۆ ناسینەوەی کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ ئەم ڕێگایانە دەگرینە بەر .

١- کاری تێپەڕ ئەو کارەیە کە هەمیشە بەرکاری پێویستە بە بێ بوونی بەرکار واتایی ڕستەکە تەواو نیە ،بە پێچەوانەوە کاری تێنەپەڕ پێویستی بە بەرکار نیە. وەکو

ئازاد نان دەخوات ← بکەر ، بەرکار ، کاری تێپەڕ

ئازاد هات ← بکەر ، کاری تێنەپەڕ

٢-جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ( م —مان ، ت- تان ، ی-یان ) دەچنە سەر کاری ڕابردووی تێپەڕ ، ئەگەر کارەکە سادە بوو ئەوا دەچنە کۆتایی بەڵام ئەگەر دارێژاو یان لێکدراو بوو ئەوا دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە ، وەکو

| خوارد (سادە) | وەرگرت ( دارێژاو ) | بانگ کرد (لێکدراو) |
|---|---|---|
| خوارد م ____ خوارد مان | وەر م گرت ____ وەر مان گرت | بانگم کرد ___ بانگمان کرد |
| خوارد ت ____ خواردتان | وەر ت گرت ____ وەرتان گرت | بانگت کرد ____ بانگتان کرد |
| خوارد ی ____ خواردیان | وەری گرت ____ وەریان گرت | بانگی کرد ____ بانگیان کرد |

بەڵام کاری ڕابردووی تێنەپەڕ جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم( م- ین ، یت —ن ، Ø -ن ) وەردەگرن ، ئەگەر کارەکە سادە بێت یان دارێژاو یان لێکدراو جێناوە لکاوەکان هەمیشە دەکەونە کۆتایی کارەکەوە، (تێبینی ) ( Ø ) واتا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک نیە کۆمەڵەی بەتاڵە .)

| هات (سادە) | دەرچوو (دارێژاو) | سەرکەوت (لێکدراو) |
|---|---|---|
| هاتم ____ هاتین | دەرچووم ____ دەرچووین | سەرکەوتم ---- سەرکەوتین |
| هاتیت ____ هاتن | دەرچوویت ____ دەرچوو ن | سەرکەوتیت ____ سەرکەوتن |
| هات Ø ____ هاتن | دەرچوو Ø ____ دەرچوون | سەرکەوت Ø ____ سەرکەوتن |

ئەگەر سەیری ئەو کارانەی سەرەوە بکەین دەبینین کارەکانی ( خوارد ، وەرگرت ، بانگکرد ) کاری تێپەڕ ن چوونکە جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەمیان وەرگرتووە بەڵام کارەکانی ( هات ، دەرچوو ،سەرکەوت ) کاری تێنەپەڕ ن چوونکە جێناوە لکاوەانی کۆمەڵەی دووەمیان وەرگرتووە.

وەئەگەر جێناوەکانی کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کارەکانی کۆمەڵەی یەکەم بەکاربهێنین ناگونجێن وە بە پێچەوانەشەوە. وەکو

هاتم --- هاتمان ( هەڵەیە چونکە مانای نابێ ) یان ( خواردم ---- خواردین ) مانای نیە کەواتە ئەمەش ناگونجێ .

٣- کاری تێپەڕ دەتوانێ ( بەرکار و تەواوکەری بەیاریدە و هاوەڵکار) وەربگرێ   بەڵام کاری تێنەپەڕ تەنها ( تەواوکەری بەیاریدەو هاوەڵکار ) وەردەگرێ ناتوانێ بەرکار وەربگرێ بەهیچ جۆرێک وەکو

ئەمڕۆ کرێکارەکان نانیان لە بازاڕ خوارد   ئەمڕۆ کرێکارەکان   بە بازاڕ دا هاتن.

هاوەڵکارە   بەرکار   تەواوکەری بەیاریدە   کاری تێپەڕ   هاوەڵکار   تەواوکەری بەیاریدە   کاری تێنەپەڕ

٤- کاری تێپەڕ دەتوانرێ بکەر نادیاری لێ دروست بکرێ بەهۆی پاشگری ( را ،رێ )وە ، بەڵام کاری تێنەپەڕ ناتوانرێ بکەر نادیاری لێ دروست بکرێ.

خوێندن --- خوێنرا – دەخوێنرێ ----- بوو بە بکەر نادیار کەواتە ( خوێندن ) کارێکی تێپەڕە.

چوون --- چوورا – دەچوورێ ....   هیچ مانای نیە ئاوا کەواتە نابێتە بکەر نادیار بۆیە کارێکی تێنەپەڕە.

ڕستەی بکەر نادیار بەم شێوەیەیە .

ئەوان وانەکەیان خوێند –بۆ بکەر نادیار--   وانەکە خوێنرا   ---   وانەکە دەخوێنرێ.

* ئەگەر کارەکە ڕانەبردوو بوو جا چ تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ واباشترە بیگێڕینەوە بۆ چاوگە ئەسڵیەکەی ئەوسا جێناوە لکاوەکانی لەگەڵ بەکار بهێنین ئەگەر چاوگە ئەسڵەکە کۆمەلەی یەکەمی وەرگرت ئەوا (کارێکی تێپەڕە)  بەڵام ئەگەر کۆمەڵەی دووەمی وەرگرت ئەوا( کارێکی تێنەپەڕە) وەکاری ڕانەبردوو بە تێپەڕ و تێنەپەڕەوە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم وەردەگرن ئەویش ئەمانەن

| | | |
|---|---|---|
| م ________ ین | دەخۆم ____ دەخۆین | دەچم _____ دەچین |
| یت ________ ن | دەخۆیت____ دەخۆن | دەچیت_____ دەچـن |
| ات – ا ____ ن | دەخوات____ دەخۆن | دەچێت ____ دەچـن |
| ێت – ێ | | |

ئەگەر سەیری ئەو کارانەی سەرەوە بکەین دەبینین کاری ( دەخۆم ، دەچم ) هەردووکیان کاری ڕانەبردوون، وە هەردووکیان جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەمیان وەرگرتووە کە تایبەتن بە کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ ، کە ئەمە وادەکات خوێندکاری سەری لێ تێکبچێت نەزانێ کامە کاری تێپەڕە و کامە کاری تێنەپەڕە لەبەر ئەوەی هەردوو جۆرەکارەکە لە ڕانەبردوودا کۆمەڵەی سێیەم وەردەگرن ، بۆیە وای بە باش دەزانین کارەکە بگێڕدرێتەوە سەر چاوگە ئەسڵەکەی ئەوسا جێناوی لکاوی کۆمەلەی یەکەم و کۆمەڵەی دووەمی لەگەڵ بەکار بهێنرێت ، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا کارەکان ڕانەبردوون

١-ئێمە وڵات دەپارێزین  .  لێرەدا کاری ڕستەکە ( دەپارێزین)ە کارێکی ڕانەبردووە، ئێمە دێین کاری دەپارێزین دەگێڕینەوە سەر چاوگە ئەسڵەکەی کە ئەویش ( پاراستن ) ئنجا جێناوە لکاوەکانی لەگەڵ بەکار دەهێنین وەکو

پاراستـم ____ پاراستمـان

پاراستـت____ پاراستـــان

پاراستـی ____ پاراستیـان

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کاری ( پاراستن ) لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی (کۆمەڵەی یەکەم) بەکاردێت کە تایبەتن بە کاری( تێپەڕ) بۆیە لێرەوە بڕیاری ئەوە دەدەین کە کاری ( دەپارێزین) کارێکی تێپەڕە چونکە چاوگە ئەسڵەکەی دەتوانێ جێناوی لکاوی کۆمەلەی یەکەم وەربگرێ.

٢ – خوێندکارەکان بۆ سەیران دەچن . لێرەدا کاری ڕستەکە ( دەچن)ە کارێکی ڕانەبردووە، ئێمە دێین کاری ( دەچن) دەگێڕینەوە سەر چاوگە ئەسڵەکەی کە ئەویش ( چوون ) ئنجا جێناوە لکاوەکانی لەگەڵ بەکار دەهێنین وەکو

چووم ______ چووین

چوویت______ چوون

چوو _____ چوون

ئەگەر سەیر بکەن دەبینین کاری ( چوون ) لەگەڵ جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم بەکار هاتووە کە تایبەتە بەکاری تێنەپەر بۆیە لێرەوە بڕیاری ئەوە دەدەین کە کاری ( دەچن ) کارێکی تێنەپەڕە چونکە چاوگە ئەسڵەکەی جێناوە لاکوەکانی کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێت.

تێبینی // کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ پەیوەندی بە کاتەکەوە نیە کە تێپەڕبێت یان تێنەپەڕبێت بەڵکو ئەو کاتە پەیوەندی بە ڕابردوو و ڕانەبردووەوە هەیە . بەڵام کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەر پەیوەندی بە هێزەوە هەیە کە تێدەپەڕێتە سەر وشەیەکی تر یان تێناپەڕێت .

٦- هەموو ئەو خاڵانەی نووسیمان لەگەڵ پێناسەکانیان دەتوانی وەکو جیاوازی نێوان کاری تێپەر و کاری تێنەپەڕ بەکاری بهێنیت .

## چەند تێبینیەک وەک زانیاری بۆ خوێندکار

تێبینی یەکەم : مەرج نیە هەموو ڕستەیەکی کاری تێپەڕ بەرکار تێدابێت چونکە هەندێک جار بەرکارەکە لای گوێگر ڕوونە کە چییە بۆیە ئەگەر لە ڕستەشدا ئاماژەی پێنەکەین کاریگەری نابێت لەسەر واتای ڕستەکە . ڕستەکە بە ڕستەیەکی بەرکار نادیار دادەنرێت وەکو

* براکەی ئـــازاد بەجوانی دەنووسێت .

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین کە کاری ڕستەکە ( دەنووسێت) کارێکی (تێپەڕە) وە پێویستمان بە شتێکە کە بنووسرێ کە ئەویش بەرکاری ڕستەکەیە بەڵام لەم ڕستەیەدا هیچ کام لەو شتانەی کە دەنووسرێن نەهاتوون تا ببن بە بەرکار وەکو ( پەخشان ، هۆنراوە ، نامە ) چونکە لای گوێگر ڕوونە کە ئەو شتەی ئەو دەینووسێ یەکێکە لەم شتانە بۆیە هەرکاتێک یەکێک لەم وشانە دابنێین لە ڕستەکەدا دەبنە (بەرکار)ی ڕستەکە وەکو

*براکەی ئازاد بەجوانی هۆنراوە دەنووسێت.     ( هۆنراوە ) بەرکارە.

تێبینی دووەم // گرنگ ترین خاڵ بۆ جیاکردنەوەی کاری تێپەر و کاری تێنەپەڕ  بوونی بەرکارە یان دەبێت کارەکە بەرکار وەربگرێت ئەگەر نەیتوانی بەرکار وەربگرێ کارێکی تێنەپەڕە.

تێبینی سێیەم // هەندێک کار هەیە کە هەرچەندە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرن بەڵام تێنەپەڕن چوونکە ناتوانن بەرکار لەڕستەکەدا پەیدا بکەن بۆیە خاڵی سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەر بوونی بەرکارە .

کارەکانیش ئەمانەن ( ڕاکردن ، داکردن ، ڕوانین ، وازهێنان )   ئەمانە شازن ،

ئەم سێ تیبینیە بەس بۆ زانیارییە.

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٧٦

لەم کارانەی خوارەوەدا کاری تێپەر و کاری تێنەپەر جیابکەوەو کارە تێپەڕەکان لە ڕستەدا بەکار بهێنە.

| کار | کاری تێپەڕ | کاری تێنەپەڕ | ڕستەی کاری تێپەڕ |
|---|---|---|---|
| ١-سەربڕی | سەر بڕی | | مریشکەکەم سەربڕی |
| ٢-کەوتبوو | | کەوتبوو | |
| ٣-دەنووسێت | دەنووسێت | | ئەیوب چیرۆک دەنووسێت |
| ٤-دەفڕێت | | دەفڕێت | |
| ٥-هەڵگرتووە | هەڵگرتووە | | پەرتووکەکانم هەڵگرتووە |
| ٦-ڕاخست | ڕاخست | | جێگاکانم ڕاخست |
| ٧-ڕۆیشت | | ڕۆیشت | |
| ٨-دەمرد | | دەمرد | |
| ٩-نووست | | نووست | |

## ڕاهێنانی دووەم

| وشە | ڕستە بۆ بکەر | ڕستە بۆ بەرکار |
|---|---|---|
| ١-کۆتر | کۆترەکە فڕی | کۆترەکەم فرۆشت |
| ٢-گوڵ | گوڵەکە وشکبوو | گوڵەکەم ئاودا |
| ٣-دیوار | دیوارەکە ڕووخا | دیوارەکەم پاککردەوە |
| ٤-پیاو | پیاوەکە هات | پیاوەکەم بینی |

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ٧٦

لەم پارچە هۆنراوەیەدا کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ دەربهێنە .

| هۆنراوە | کاری تێپەڕ | کاری تێنەپەڕ |
|---|---|---|
| ١- | ئەڵێن<br>ڕێگا دەگرێ<br>ئەبڕێ<br>غارەتکرد | ئەڕوانێ ( شازە) (م –مان ) وەردەگرێ بەڵام بەرکار نا بۆیە تێنەپەڕە.<br>دەرناچێ<br>زەردهەڵگەڕابوون<br>ئەسووتان، پێدەکەنین |

## ڕاهێنانی پێنجەم لاپەڕە ٧٧

ئەم ڕستانە شی بکەوە.

| ١- ئاشەوان گەنم دەهارێت | ٢- کەروێشکەکە لە دەوەنەکەوە دەرپەڕی |
| --- | --- |
| ئاشەوان // ناوە ، تاکە ، گشتییە ، بکەرە<br>گەنم // ناوە ، گشتیە ، بەرکارە<br>دەهارێت // کاری ڕانەبردووی تێپەرە<br>ێت // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەم تاک بۆ بکەر دەگەڕێتەوە. | کەروێشک // ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بکەرە<br>ەکە // نیشانەی ناسراوییە.<br>لەدەوەنەکەوە // هاوەڵکارێکی شوێنیە ، تەواوکەری کارە<br>دەرپەڕی // کاری ڕانەبردووی تینەپەڕە<br>Ø // جێناوی لکاو بۆ کەسی سییەمی تاک دەرنەکەوتووە. |

| ٣- ئاسنگەر پاچ و بێڵ دروست دەکات | ٤-منداڵەکە لەبێشکەکەدا نووستووە. |
| --- | --- |
| ئاسنگەر // ناوە ، گشتیە ، بکەرە<br>پاچ و بێڵ // گرێی ناوییە ، بەرکارە<br>دروست دەکات // کاری ڕانەبردووی تێپەڕی لێکدراوە | منداڵەکە// ناوە ، بکەرە<br>لە - دا // ئامرازی پەیوەندی<br>بێشکە // ناوە و تەواوکەری بەیاریدەیە<br>نووستووە // کاری ڕابردووی تەواوی تێنەپەڕی سادەیە. |

## چەن پرسیارێک دەربارەی ( کاری دارِژاو + کاری لێکدراو +کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ + کاری یاریدەدەر)

پرسیار// بە پێی ئەم ئاسایانە کاری دارِژاو و کاری لێکدراو دروست بکە

١- پێشگر + کاری سادە ، ٢- ناوی لێکدراو + کاری سادە. ٣- وشەی بێواتا+ کاری دارِژاو . ٤- هاوەڵناوی دارِژاو+کاری سادە

وەڵام، هەڵگرت ماڵئاوای کرد تاقیکردەوە نەخۆش کەوت

پرسیار// یاسای دروست بوونی ئەم کارە دارِژاو لێکدراوانە بنووسە.

١- هەڵواسی ٢- نقووم بوو ٣-بەخێوکرد ٤-لەناو نا

وەڵام/ پێشگر + کاری سادە ٢- وشەی بێواتا + کاری سادە ٣- گرێی ناوی + کاری سادە هاوەڵکاری دارِژاو+ کاری سادە)

پرسیار// بە چەند رێگا لە هاوەڵناوی دارِژاوی ( نەخۆش ، بەهێز ) دەتوانی کاری لێکدراو دروست بکەی ؟

وەڵام // بە دوو رێگا دەتوانین کاری لێکدراو لە هاوەڵناوی دارِژاوی ( نەخۆش ، بەهێز ) دروست بکەین ، بەم شێوەیە

نەخۆش کەوت ( هاوەڵناوی دارِژاو + کاری سادە) ، نەخۆش کەوتەوە ( هاوەڵناوی دارِژاو + کاری دارِژاو )

بەهێزبوو ( هاوەڵناوی دارِژاو + کاری سادە) ، بەهێزبووەوە ( هاوەڵناوی دارِژاو + کاری دارِژاو)

پرسیار// ئایا هەموو چاوگە تێنەپەڕەکان کاتێک پاشگری ( اندن) یان دەچێتە سەر دەبن بە چاوگێکی تێپەڕ ؟

وەڵام / نەخێر / چاوگە دەنگیەکان هەرچەندە پاشگری ( اندن) یان دەچێتە سەر بەڵام نابن بە چاوگێکی تێپەڕ وەکو ( قیژاندن = تێنەپەڕ)

پرسیار// لەم کارانەی خوارەوەدا کاری تێپەر و کاری تێنەپەر جیابکەوە و تێنەپەڕەکانیش بکە بە تێپەڕ

| کار | کاری تێپەر | کاری تێنەپەڕ | گۆڕینی تێنەپەڕ بۆ تێپەر |
|---|---|---|---|
| کەوت | | کەوت | کەواند |
| مرد | | مرد | مراند |
| هێنا | هێنا | | |
| دەکرم | دەکرم | | |
| دەپارێزم | دەپارێزم | | |
| دەخنکا | | دەخنکا | دەخنکاند |
| دەکێشێت | دەکێشێت | | |
| دەخەوێت | | دەخەوێت | خەواند |
| شکا | | شکا | شکاند |

## گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بـــــۆ کاری تێپـەڕ

※ سێ ڕێگامان هەیە بۆ گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ ، کە دەتوانین بە هۆی ئەو ڕێگایانەوە کاری تێنەپەڕ بکەین بە کاری تێپەڕ ئەوانیش ئەمانەن.

١- ( ڕەگی کاری تێنەپەر + پاشگری (اندن) = چاوگی تێپەڕ

٢- (قەدی چاوگی تێنەپەڕ+ پاشگری (اندن) = چاوگی تێپەڕ

٣- ( دەنگی سروشتی + پاشگری (اندن) = چاوگی تێنەپەڕ

کاری یاریدەدەر + چاوگی تێنەپەڕ = چاوگی تێپەڕ

١- (( ڕەگی کاری تێنەپەر + پاشگری (اندن) = چاوگی تێپەڕ ))

ئەگەر سەیری ئەم یاسایە بکەین دەبینین لێرەدا پێویستمان بە (ڕەگی کارە) بۆ ئەوەی کارەکە لە تێنەپەڕەوە بکەین بە کاری تێپەڕ بۆیە ڕەگی کاری تێنەپەڕ دەهێنین و پاشگری (اندن) دەخەینە سەر بۆ ئەوەی بیکەین بە کاری تێپەڕ وەکو

| چـــاوگی تێنەپەڕ | ڕەگـــــــی کـــار | پاشگـــــر (اندن) | چاوگـــی تێپەڕ |
|---|---|---|---|
| نووستن | نـــوو | انـــــدن | نوواندن |
| گەیشتن | گـــە + یـ (ناوبەند) | انـــــدن | گەیـــاندن |
| بەزین | بــــەز | انـــــدن | بــــەزاندن |
| مردن | مـــــر | انـــــدن | مـــراندن |
| خەوتن | خــــەو | انـــــدن | خــــەواندن |
| تەپین | تــــەپ | انـــــدن | تەپـــاندن |
| کەوتن | کـــــەو | انـــــدن | کـــەواندن |

٢- (قەدی چاوگی تێنەپەڕ+ پاشگری (اندن) = چاوگی تێپەڕ ))

لێرەدا پێویستمان بە قەدی چاوگی تێنەپەڕە ، وە بە لێکردنەوەی (ن ) ی چاوگ قەدی چاوگمان دەست دەکەوێت بەم شێوەیە

چـــاوگ – ن = قەدی چاوگ       وەکو . شکان – ن = شکا       ( شکا = قەدی چاوگ)

| چاوگـــی تێنەپـــەڕ | قەدی چـــاوگ | پاشگـــری ( اندن) | چاوگـــی تێنەپەڕ |
|---|---|---|---|
| شـــکان | شـــکا | انـــدن | شـــکاندن |
| ڕووخان | ڕووخـا | انـــدن | ڕووخـــاندن |
| ترســـان | ترســا | انـــدن | ترســـاندن |
| گریـــان | گریـــا | انـــدن | گریـــاندن |
| برژان | بـــرژا | انـــدن | برژانـــدن |
| ڕژان | ڕژا | انـــدن | ڕژانـــدن |

٣- ڕێگەی سێیەم جیاوازە لە ڕێگەکانی تر واتە ئەم ڕێگەیە بەهۆی پاشگری (اندن)ەوە نابێت بە تێپەڕ بەڵکو ئەم پاشگرە تەنها دەنگی سروشتیمان بۆ دەکات بە تێنەپەڕ واتە بەهۆی ئەم پاشگرەوە دەنگە سروشتیەکان دەکرێن بە چاوگی تێنەپەڕ ، وەکو

( ناڵە+اندن= ناڵاندن ) ( ڤیژە+اندن= ڤیژاندن ) هەریەک لە ( ڤیژاندن ، ناڵاندن ) هەرچەندە پاشگری ( اندن) یان چووەتە سەر بەڵام بە چاوگی تێنەپەڕ دادەنرێن چونکە ئەم پاشگرە چووەتە سەردەنگ بۆیە بە تێپەڕ دادەنرێن وە ناشتوانن بەرکار لە ڕستەدا وەربگرن ،

بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەم چاوگە دەنگە سروشتیە تێنەپەڕانە بکەین بە تێپەڕ دەبێت کاری یاریدەدەر بهێنین و بیخەینە پێش چاوگە دەنگە سروشتیە تێنەپەرەکە ئینجا چاوگەکە دەبێت بە چاوگێکی تێپەڕ ،

کاری یاریدەدەرەکانیش ئەمانەن ( هێنایە ، خستە ) بۆ ڕابردوو ، ( دەهێنێتە ، دەخاتە ) بۆ ڕانەبردوو . بەم شێوەیەی خوارەوە.

(( دەنگی سروشتی + اندن = چاوگی دەنگی سروشتی تێنەپەڕ)

کاری یاریدەدەر + چاوگی دەنگی سروشتی تێنەپەڕ = چاوگی تێپەڕ .

| دەنگـی سروشتی | پاشگری (اندن) | چاوگی تێنەپەڕ | کاری یاریدەدەر | چاوگی تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|
| ناڵـــە | انـــدن | ناڵاندن | هێنایە ، خستە | هێنایە ناڵاندن ، خستە ناڵاندن |
| بارە | انـــدن | باڕاندن | دەهێنێتە ، دەخاتە | دەهێنێتە باڕاندن ، دەخاتە باڕاندن |
| بـــۆڕە | انـــدن | بۆڕاندن | هێنایە ، خستە | هێنایە بۆڕاندن ، خستە بۆڕاندن |
| ڤیـــژە | انـــدن | ڤیژاندن | هێنایە ، خستە | هێنایە ڤیژاندن ، خستە ڤیژاندن |
| زیـــکە | انـــدن | زیکانـدن | دەهێنێتە ، دەخاتە | دەهێنێتە زیکاندن ، دەخاتە زیکاندن |

تێبینی // ئەگەر ڕەگی کار یان قەدی چاوگ یان دەنگی سروشتی بە پیتی ( بزوێن) کۆتاییان هاتبوو ، ئەوا یان پیتێکی نەبزوێنی بۆ زیاد دەکەین یان پیتە بزوێنەکە لادەبەین ، چونکە دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکتردا نایەن لە زمانی کوردیدا . وەکو

گەیشتن ،،، گە+ یـ ناوبەند + اندن = گەیاندن ( یـ ناوبەندی بۆ زیاد دەکرێت)*

سوتان ،،، سوتا + اندن = سوتاند ( ا ) لەناودەچێ

ڤیژە ،،، ڤیژە + اندن = ڤیژاندن ( ە ) لەناودەچێ

تێبینی // مەرج نیە هەموو کارێکی تێنەپەڕ بکرێت بە کاری تێپەڕ ، چونکە هەندێک کار هەیە بە هیچ کام لەم یاسایانە نابن بە تێپەر بۆیە ناتوانین بیانکەین بە کاری تێپەڕ. وەکو

( هاتن ، گەڕان ،مانەوە ، کشانەوە .... هتد )

تێبینی // هەندێک کاری تێنەپەرمان هەیە ناکرێن بە تێپەڕ و لە بەرامبەریاندا کاری تێپەڕ هەیە وەکو

| کاری تێنەپەڕ | کاری تێپەر |
|---|---|
| گۆڕان | گۆڕین |
| هاتن | هێنان |
| سڕانەوە | سڕینە وە |
| گەڕان | گێڕان |

تێبینی // هەندێک کاری تێنەپەڕمان هەیە بەرامبەریشیان نیە و ناشتوانین هیچ کات بیانکەین بە تێپەڕ وەکو ( سرەوتن ، گەنین ، زان ) هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەمانە لە دەسەلاتی مرۆڤەوە دوورن ، واتە تۆ دەتوانی ( خەوتن ) بکەیت بە تێپەڕ ( خەواندن) بلێی ( منداڵەکەم خەواند ) بەلام ناتوانی بلێی ( مانگاکەم زاند ) واتە ( زان ، گەنین ،سرەوتن ) ئەوانە بەدەستی خوای گەورەن نەک مرۆڤ.

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٨١

چۆن کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ لێک جیادەکەیتەوە ؟ بەنموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

| کاری تێپەڕ | کاری تێنەپەڕ |
|---|---|
| ١- کاری تێپەڕ پێویستی بە بەرکار هەیە.<br>٢- کاری تێپەڕ جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرێت.<br>٣- کاری تێپەڕ دەتوانرێ بکەرنادیاری لێ دروست بکرێ .<br>وەکو : من نانـــم خوارد<br>من : بکەر<br>نان : بەرکار<br>م : جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ،بۆبکەردەگەڕێتەوە. لە کۆمەڵەی یەکەمە<br>خوارد : کاری ڕابردووی تێپەڕ | ١- کاری تێنەپەڕ پێویستی بە بەرکار نیە .<br>٢- کاری تێنەپەڕ جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێت.<br>٣- کاری تێنەپەڕ ناتوانرێ بکەر نادیاری لێ دروست بکرێ<br>وەکو : من هاتم<br>من : بکەر<br>هات : کاری ڕابردووی تێنەپەڕ<br>م : جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک بۆ بکەر دەگەڕێتەوە ، لە کۆمەڵەی دووەم . |

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ٨١

بە چەند ڕێگا کاری تێنەپەڕ دەگۆڕێت بۆ کاری تێپەڕ ؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

وەڵام// دەتوانین بە سێ ڕێگا کاری تێنەپەڕ بگۆڕین بۆ کاری تێپەڕ کە ڕێگاکانیش ئەمانەن .

١- ( ڕەگی کاری تێنەپەر + پاشگری (اندن) = چاوگی تێپەڕ وەکو // خەوتن -- خەو+ اندن = خەواندن

٢- (قەدی چاوگی تێنەپەڕ+ پاشگری (اندن) = چاوگی تێپەڕ وەکو // شکان -- شکا +اندن = شکاندن

٣- ( دەنگی سروشتی + پاشگری (اندن) = چاوگی تێنەپەڕ وەکو // ناڵە -- ناڵە+اندن = ناڵاندن = چاوگی دەنگی سروشتی تێنەپەڕ

کاری یاریدەدەر + چاوگی تێنەپەڕ = چاوگی تێپەڕ // هێنایە + ناڵاندن = هێنایە ناڵاندن = چاوگی دەنگی سروشتی تێپەڕ

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ٨١

چۆن لە دەنگی سروشتی کاری تێپەڕ دروست دەکرێت ؟ بە چەند هەنگاو ؟ بەنموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

وەڵام // دەتوانین بە دوو هەنگاو لە دەنگی سروشتی چاوگی تێپەڕ یان کاری تێپەڕ دروست بکەین بەم شێوەیە

سەرەتا دەنگە سروشتیەکە دەهێنین ئینجا پاشگری ( اندن )ی دەخەینە سەر بۆ ئەوەی بیکەین بە چاوگی تێنەپەڕ دواتر کاری یاریدەدەر لە پێش چاوگە دەنگە سروشتیەکەوە دادەنێین بۆ ئەوەی بیکەین بە کاری تێپەڕ وەکو:

( دەنگی سروشتی + پاشگری (اندن) = چاوگی تێنەپەڕ وەکو // ناڵە -- ناڵە+اندن = ناڵاندن = چاوگی دەنگی سروشتی تێنەپەڕ

کاری یاریدەدەر + چاوگی تێنەپەڕ = چاوگی تێپەڕ // هێنایە + ناڵاندن = هێنایە ناڵاندن = چاوگی دەنگی سروشتی تێپەڕ.

بەم دوو هەنگاوە دەتوانین دەنگی سروشتی بکەین بە کاری تێپەڕ

## ڕاهێنانی چوارەم لاپەڕە ٨٢

ئەم کارە تێنەپەڕانەی خوارەوە بکە بە کاری تێپەڕ و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

| کاری تێنەپەڕ | کاری تێپەڕ | ڕستە |
|---|---|---|
| ١- تێپەڕی | تێپەڕاند | ئۆتۆمبیلەکەم تێپەڕاند |
| ٢- خشی | خشاند | یاریزانەکە خۆی خشاند |
| ٣- کەوت | کەواند | منداڵەکەم کەواند |
| ٤- برژا | برژاند | ماسیەکەم برژاند |
| ٥- سووتا | سووتاند | نامەکانم سوتاند |
| ٦- وەری | وەراند | بایەکە گەڵای دارەکانی وەراند |
| ٧-چوو | چوواند | وانەکەم چوواند |
| ٨- ڕەڤی | ڕەڤاند | ئەو ئەمامەکی ڕڤاند ( ڕواندن ) |
| ٩- هەڕمی | هەڕماند | خانووەکەی هەڕماند ( ڕووخاند) |

## ڕاهێنانی پێنجەم لاپەڕە ٨٢.

ئەم ڕستانە شی بکەرەوە.

| پێشمەرگەی کوردستان لەشکری دووژمنی بەزاند | کارەساتەکە مرۆڤەکەی هێنایە ڤیژاندن |
|---|---|
| پێشمەرگە // ناوە ، گشتییە ، دیارخراوە | کارەساتەکە // ناوە ، ناسراوە ، گشتیە ، بکەرە |
| ی // ئامرازی خستنەسەرە ( دانەپاڵە ) | مرۆڤەکە // ناوە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| کوردستان // ناوە ، دیارخەری ناوە | ی // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک بۆ بکەر دەگەڕێتەوە |
| پێشمەرگەی کوردستان // گرێی ناوی بکەر | هێنایە // کاری یاریدەدەرە |
| لەشکر // ناوە ، دیارخراوە | هێنایە ڤیژاندن // کارێکی ڕابردووی تێپەڕە |
| ی // ئامرازی خستنەسەرە | |
| دووژمن // ناوە ، دیارخەری ناوە | |
| لەشکری دووژمن // گرێی ناوی ، بەرکار | |
| ی // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە | |
| بەزاند // کاری ڕابردووی ڕاگەیاندی تێپەڕە | |

## هاوەڵکاری چـــــــــۆنیەتی

هاوەڵکاری چۆنیەتی :- ئەو هاوەڵکارەیە لە وشەیەک یان زیاتر ( دارژاو ، لێکدراو ) پێکدێت و وەسفی چۆنیەتی رووداني کاری ڕستەکە دەکات و تەنها یەک ئەرکی هەیە لە ڕستەدا ئەویش تەواوکەری کارە.

### هاوەڵکاری چۆنیەتی لە رووی دروست بوونەوە سێ جۆرە

١- هاوەڵکاری چۆنیەتی سادە : لەیەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێک دێت وەکو ( خێرا ،توند ، پاک ، باش ، چاک ، گورج ، ئازا ...هتد)

٢- هاوەڵکاری چۆنیەتی دارژاو : لە وشەیەکی سادەو زیادەیەک پێکدێت زیادەکەش یان پێشگرە یان پاشگر یان هەردووکیان بەیەکەوە دەبن .
وەکو (بەپەلە ، بەسواری ، شێرانە ، بەباشی ، بەئازادی .. پیاوانە ، دلێرانە ، مەردانە ، بەچاکی ، بەخێرایی ... هتد)

٣- هاوەڵکاری چۆنیەتی لێکدراو : لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت. وەکو ( بە سەربەرزی ، بەدڵشکاوی ، پشتاو پشت ، دەماودەم ، بەدڵسۆزی )

تێبینی // هاوەڵکاری چۆنیەتی سادە بە تەنها دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە، بەڵام هاوەڵکاری چۆنیەتی دارژاو ، لێکدراو وەکو گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنیەتی دەبنە تەواوکەری کاری ڕستەکە، وەکو

وانەکانم باش خوێندووە. ( باش : هاوەڵکاری چۆنیەتی سادەیە ، تەواوکەری کارە)

گەلی کورد بەسەربەرزی دەژی. ( بەسەربەرزی : گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە)

* هاوەڵکاری چۆنیەتی دەبێت وەسفی کاری ڕستەکە بکات ، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو وشانەی هاوەڵکارن و وەسفی ناو یان جیناویان کرد لە ڕستەدا ئەوا دەبنە ( هاوەڵناوی چۆنیەتی ) و هاوەڵکار نامێنن . بە، شێوەیەی خوارەوە.

* هاوەڵکاری چۆنیەتی هەمیشە وەسفی کاری ڕستەکە دەکات و دەبێتە ( تەواوکەری کارەکە)

منداڵەکە جوان هات . لێرەدا ( جوان) هاوەڵکارە چونکە چۆنیەتی هاتنی منداڵەکەی بۆ روون کردووینەوە)

* هاوەڵناوی چۆنیەتی وشەیەکە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات لە ڕستەدا دەبێتە ( دیارخەری ناو یان جێناو ، تەواوکەری کاری ناتەواو) واتە لەم دوو ئەرکە زیاتری نیە. وەکو

منداڵێکی جوان هات . لێرەدا ( جوان ) هاوەڵناوی چۆنیەتییە و دیارخەری ناوی منداڵە چونکە وەسفی منداڵەکەی کردووە.

* هاوەڵناوی چۆنیەتی دوو ئەرکی هەیە بۆئەرکی (دیارخەری ناو) بە دوو شێوەدێت لە ڕستەدا.

١- نـــاو یان جێناو + ی ( ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنیەتی . وەکو : خوێندکارێکـــــــی زیرەکـم بینی.

ناو ← (ی)ئامرازی خستنەسەر ← هاوەڵناوی چۆنیەتی و دیارخەری ناو

٢- ((ناو یان جێناو + ( ە) ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنیەتی + (ەکە) نیشانەی ناسراوی ))

وەکو : خوێندکارە زیرەکەکەم بینی . منداڵە جوانەکەم بینی

ئامرازی خستنەسەر ← هاوەڵناوی چۆنیەتی ئا.خستنەسەر ← هاوەڵناوی چۆنیەتی

ب// هاوەڵناوی چۆنەتی وەکو تەواوکەری کاری ناتەواو:

منداڵەکە جوانە ،،    خوێندکارەکە زیرەکبوو .    ( جوان ، زیرەک ) هاوەڵناوی چۆنیەتین و تەواوکەری کاری ناتەواون.

## چەند نموونەیەک بۆ هاوەڵکاری چۆنیەتی

١- گوڵەکانم بەجوانی ئاودا.
٢- کوردستان بەدڵرەقی وێران کرا .
٣- گەلی کورد شێرانە ڕاپەری.
٤- گۆڤارەکەم بەباشی خوێندەوە.
٥- پیاوەکە بەپەلە هات.
٦- ڕۆژنامەکەم بە پاڵەوتنەوە خوێندەوە.

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

### ڕاهێنانی یەکەم   لاپەرە ٨٥

ئەم وشانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک جارێک بین بە هاوەڵکاری چۆنیەتی و جارێک بین بە هاوەڵناوی چۆنیەتی.

| وشـــــــــــە | هاوەڵناوی چۆنیەتی | هاوەڵکاری چۆنیەتی |
|---|---|---|
| ١- بەگورجـی | پیاوەکە گورجە. ڕۆشتنی بەگورجی خراپە | ئەو بەگورجی کارەکانی ئەنجامدەدات |
| ٢- خراپ | خۆت لە هاوەڕێی خراپ بپارێزە. | منداڵەکە خراپ کەوت |
| ٣- بەسەربەستی | گەلی کورد سەربەستە | ئەوان بەسەربەستی دەژین. |
| ٤- زۆربەپەلە | بڕیاردانی زۆر بە پەلە خراپە | منداڵەکە زۆربەپەلە هات |
| ٥- بەهێواشی | ڕۆیشتنی بەهێواشی جوانە. | کارەکانی بەهێواشی ئەنجامدا |
| ٦- گەورە | پیاوی گەورە لێبووردەیە. | قوتابخانەکەمان گەورە دروستکراوە. |

### ڕاهێنانی   دووەم   لاپەرە ٨٥

ئەم وشە سادانەی خوارەوە بکە بە هاوەڵکاری چۆنیەتی

| وشەی ســـــادە | هاوەڵکاری چۆنیەتی داڕژاو |
|---|---|
| هێمـــن | هێمنانە ، بەهێمنی |
| سارد | بەساردی |
| فێنـــک | بەفێنکی |
| خـــۆش | بەخۆشی |
| زیرەک | زیرەکانە ، بەزیرەکی |
| پـــاک | بە پاکی |
| سەوز | بەسەوزی |
| مەرد | مەردانە ، بەمەردی |
| تـــاڵ | بەتاڵی |
| چـــاک | بەچاکی |

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ٨٥

ئەم ڕستانە شی بکەرەوە.

| ١- چێشتەکە بەگەرمی مەخۆ | ٢- قوتابی ژیر ، ژیرانە وەڵام دەداتەوە. |
|---|---|
| چێشتەکە// ناوە ، ناسراوە ، گشتییە، بەرکارە<br>بەگەرمی // گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە<br>مە // ئامرازی نەرێکردنە بۆ کاری داخوازی<br>مەخۆ // کاری داخوازی تێپەڕە<br>ە // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک ،بکەرە و دەرنەکەوتووە چونکە ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتووە. | قوتابی// ناوە ، گشتییە ، بکەرە<br>ی // ئامرازی خستنەسەرە<br>ژیر// هاوەڵناوی چۆنیەتی و دیارخەری ناوە<br>ژیرانە // هاوەڵکاری چۆنیەتی و تەواوکەری کارە<br>وەڵام دەداتەوە// کاری ڕانەبردووی تێپەڕە. |

| ٣- ئێمە بە دڵسۆزی کار دەکەین |
|---|
| ئێمە // جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ، بکەرە<br>بەدڵسۆزی // گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتییە و تەواوکەری کارە<br>کار ، بەرکارە<br>کاردەکەین // کاری ڕانەبردووی تێپەری لێکدراوە.<br>تێبینی // بەشی یەکەمی کارەکە ( کار) دەتوانێت ببێت بە بەرکار وەکو لە کاری تێپەڕ و تێنەپەر ئاماژەمان پێداوە وەکو ( یاری کردن ، مەلە کردن ) وایە . |

## کاری یاریدەدەر

**کاری یاریدەدەر:-** ئەو کارەیە کە لەپاڵ کارێکی سەرەکی سەربەخۆ یا چاوگێک دێت ، بۆ دیاریکردنی مەبەستێک و دەبێتە هۆی تەواوکردنی واتای کارەکە یان چاوگەکە.

**کارە یاریدەدەرەکان ئەمانەن:** ( دەبوو ، دەبێت ، بوو ، هێنایە ( ئینایە ) ، هاتە ، دهێتە ، خستە ، دەخاتە، ویست ، دڤێت ، دەوێت ، دەتوانی ، دشێت ، دەوێرم ، دێ ، دەڵێی ، دەشێت ، دەگونجێت ، دەلوێت ، دا ، دابوو ، دایە)

تێبینی // هەرکاتێک ڕستەیەکی سادە دوو کاری تێدابوو ئەوا ئەم کارانەی سەرەوە دەبن بە کاری یاریدەدەر ، واتا کاتێک کاری یاردەدەر لەڕستەدا بوونی دەبێت کە دوو کار هەبێت لە ڕستەکەدا. وەکو

دەبوو کارەکانم تەواوکردبا . ( دەبوو: کاری یاریدەدەر، تەواوکردبا کاری سەرەکی )

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین ئەوەی کە کاری سەرەکییە ( تەواوکردبا )یە چونکە ئەوە کارە واتای ڕستەکەی بە تەواوی کەوتووەتەوە سەر ، بەڵام ( دەبوو ) تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیە و بۆ ئەوەیە واتایی ڕستەکە تەواوبێت.

**شوێنی کاری یاریدەدەر لە ڕستەدا.**

کاری یاریدەدەر لەڕستەدا دەکەوێتە دوو شوێنەوە .

١- بەشی هەرە زۆری کارە یاریدەدەرەکان دەکەونە سەرەتای ڕستەوە ، وە لەم کاتەدا کاری سەرەکی ڕستەکە کارێکی (دانانییە) واتە هەرکاتێک کاری یاریدەدەر کەوتە سەرەتای ڕستەوە ئەوا کاری ڕستەکە کارێکی ( دانانییە) بەم شێوەیە

**دەبێت بۆ سەیران بچین**
کاری یاریدەدەر — کاری سەرەکی(دانانی)

**ویستم هۆنراوەیەک بنووسم**
کاری یاریدەدەر — کاری سەرەکی(دانانی)

**دەمەوێت لە ڕووبارەکە بپەڕمەوە**
کاری یاریدەدەر — کاری سەرەکی (دانانی)

٢- دەکەوێتە پێش چاوگەکەوە لە کۆتایی ڕستەکەدا ئەمیش لە دوو حاڵەتدا:-

آ: لە کاتی گۆڕینی چاوگی دەنگی سروشتی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ پێویستمان بە کاری یاریدەدەر هەیە بۆ ئەوەی چاوگەکەی پێبگۆڕین لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ ، کارە یاریدەدەرەکانی ئەم شێوەیەش ئەمانەن( هێنایە ، دەهێنێتە ، خستە ، دەخاتە ) وەکو

**منداڵەکەی خستە پێکەنین**
کاری یاریدەدەر — چاوگ

**کارەساتەکە مرۆڤەکەی هێنایە ڤیژاندن**
کاری یاریدەدەر — چاوگ

**منداڵەکە دەهێنێتە ڤیژاندن.**
کاری یاریدەدەر — چاوگ

٢- لە بکەرنادیاردا لە کرمانجی ژووروودا کاری یاریدەدەر دەکەوێتە پێش چاوگەکەوە . کارەیاریدەدەرەکانیش ئەمانەن ( هاتە ، دهێتە ) وەکو

| | | |
|---|---|---|
| دز هاتە گرتن | دزەکە دهێتە گرتن | نامە هاتە نڤیسین |
| کاری یاریدەدەر چاوگ | کاری یاریدەدەر چاوگ | کاری یاریدەدە چاوگ |

تێبینی // هەر کاتێک ئەم کارانەی سەرەوە بە تەنها لە ڕستەیەکدا بەکار هاتن ئەوا نابن بە کاری یاریدەدەر بەڵکو دەبن بە کاری سەرەکی وەکو :

| | | |
|---|---|---|
| کوڕەکە دەبێت بە ئەندازیار | پەرتووکەکە بۆ خوێندنەوە دەشێت | منداڵەکە هاتە ماڵەوە |
| (دەبێت) کاری سەرەکی | (دەشێت) کاری سەرەکی | (هات) کاری سەرەکی |

تێبینی // هەندێک جار نیشانەی ڕابردووی دوور ( بوو) دەبێتە کاری یاریدەدەرو دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە ( منداڵەکە هاتـــــبوو)

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٩٠

ئەم کارە یاریدەدەرانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکار بهێنە.

| کاری یاریدەدەر | ڕستە |
|---|---|
| دەتوانین | دەتوانین کارەکان تەواوبکەین |
| دەبوو | دەبوو وانەکانمان ئامادەکردبا |
| دەگونجێت | دەگونجێت یارمەتی هەژاران بدەین |
| دەوێرم | دەوێرم لە رووبارەکە بپەڕمەوە |
| دەڵێم | دەڵێم نهێنییەکە بدرکێنم . |
| دهێتە | ئەڤ گوندە دهێتە ئاڤاکردن |
| هاتبوو | خوێندکارەکە بۆ قوتابخانە هاتبوو. |

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ٩٠

ئەم کارانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک جارێک کاری سەرەکی بن و جارێک کاری یاریدەدەر بن.

| کار | کاری یاریدەدەر | کاری سەرەکـــی |
|---|---|---|
| دەبێت | دەبێت بچم بۆ بازاڕ | ئازاد دەبێت بە ئەندازیار |
| دەمەوێت | دەمەوێت پەرتووکێک بکرم | کتێبەکەم دەوێت |
| هێنایە | منداڵەکەی هێنایە پێکەنین | پەرتووکەکەی بۆ من هێنایە ماڵەوە |
| دڤێت | دڤێت وانە بخینم | مە دادپەروەری دڤێت |
| خستە | منداڵەکەی خستە پێکەنین | دایکم جلەکانی خستە خوارەوە |
| دهات | پەرتووک دهاتە چاپکرن | وی براکردن دهات |
| دەبوو | دەبوو کارەکەمان تەواوکردبا | گوڵەکە بۆ دیاری دەبوو |

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ٩١

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەوە:

| ١- دەبێت ڕۆمانەکە بخوێنمەوە | ٢- دەمەوێت یارمەتی هەژارەکە بدەم |
|---|---|
| دەبێت // کاری یاریدەدەرە<br>ڕۆمانەکە// ناوە ، ناسراوە ، بەرکارە<br>بخوێنمەوە// کاری ڕانەبردووی دانانییە، تێپەڕە ، دارِژاوە<br>م// جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە | دەمەوێت // کاری یاریدەدەرە<br>یارمەتی // ناوی واتاییە ، بەرکارە،<br>ی // ئامرازی دانەپاڵە ( خستنەسەرە)<br>هەژارەکە// ناوە ، ناسراوە ، گشتییە ، دیارخەری ناوە.<br>یارمەتی بدەم // کارێکی ڕانەبردووی لێکدراوی دانانییە، تێپەڕە<br>م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە.<br>لێرەدا بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە ( یارمەتی) ناوەو ئەرکی بەرکاری بینیوە ، وە کارە لێکدراوەکە بە دوو بەش هاتووە. |

## چەند پرسیارێک دەربارەی کاری یاریدەدەر:

١- وشەی (دەگونجێت) لە دوو ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک جارێک کاری یاریدەدەر بێت و جارێک کاری سەرەکی بێت.

وەڵام ١ // ڕستە بۆ کاری یاریدەدەر: دەگونجێت گەلی کورد یەکبگرێت

ڕستە بۆ کاری سەرەکی : ڕۆمانەکە بۆ خوێندنەوە دەگونجێت.

٢-لەم ڕستەیەدا کاری ڕستەکە دەربهێنەو دواتر کارەکە لە ڕستەیەکی تردا وەکو کاری یاریدەدەر بەکار بهێنە.

( ئازاد دەبێت بە مامۆستا) وەڵام ٢// کاری ڕستەکە (دەبێت)

وەکو کاری یاریدەدەر ( دەبێت یەکریزی گەل بپارێزین)

٣- کاری یاریدەدەر بەزۆری لەگەڵ چ جۆرە کارێکدادێت؟ ئەو جۆرە کارە چۆن دەناسێتەوە.

وەڵام ٣// کاری یاریدەدەر بەزۆری لەگەڵ کاری دانانیدا دێت و لەگەڵ ئەو جۆرە کارەشدا هەمیشە دەکەێتە سەرەتای ڕستەوە، وە کاری دانانی بەوە دەناسرێتەوە کە ( ب ، با ، بوو ، بێت )ی پێوەیە. وەکو

دەبێت بۆ بازاڕ بچین دەبوو کارەکەتان تەواوکردبا دەبێت پەرتووکەکەتان چاپکردبێت .

٤- چ کاتێک لە ڕستەدا کاری یاریدەدەر بوونی دەبێت؟ یان ئایا لە هەموو ڕستەیەکدا کاری یاریدەدەر هەیە؟

وەڵام ٤// هەر کاتێک لە ڕستەیەکدا دوو کار هەبوو ئەوا کارێکیان کاری یاریدەدەرە و کارە یاریدەدەرەکانیش دیارن کامانەن.

وەکو // ویستم هۆنراوەیەک بنووسم . دەمەوێت لە نەورۆزدا سەردانی هاوڕێکانم بکەم

# هەڵبژاردەکانی ڕێزمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دەیەمی ئامادەیی

## ئامرازی بانگکردن

١- ( داپیرە پێنووسێکم بۆ بکڕە ) بزوێنی (ە ) ی دوای (داپیرە) چییە ؟ ( ئا.لێکدەرە ، ئا.بانگکردنە ، ئا.ناساندنە ، ئا.پەیوەندییە ) .

٢- ( خزمینە وەرن با قوربانی وەتەن بین ) لەم ڕستەیەدا ( ینە ) چییە ؟ ( ئا.بانگکردنە . جێناوی لکاوە ، نیشانەی کۆیە ، ئا.پەیوەندییە).

٣- ئامرازی بانگکردنی (ە) هەمیشە لەکۆتایی ئەم جۆرە ناوانەدا دێت ( تاکی نێر ، تاکی مێ ، تاکی نێر و مێ ، تاک و کۆی نێر و مێ ) .

٤- ( خەڵکینە، کوردستان بپارێزن ) ناوە بانگکراوەکە ناوێکی ( تایبەتی ، گشتی ، تاک ، گرێی ناویی)ە.

٥- ( کوردینە یەکبگرن ) ناوی بانگکراو ناوێکی ( کۆی ناسراو ، کۆی نەناسراو ، تاکی ناسراو ، تاکی نەناسراو)ە .

٦- لە کرمانجی ژووروودا ئامرازی بانگکردنی ( هۆ ) بۆ ڕەگەزی ( نێر ، مێ ، نێرو مێ ، هیچیان ) بەکاردێت .

٧- ( کوردینە ، بۆ سەرخستنی نیشتیمان تێبکۆشن ) لەم ڕستەیەدا ( ە ) دەبێتە ( ئا.پەیوەندی ، ئا.بانگکردن ، جێناوی لکاو ، کاری ناتەواو) ە.

٨- ( هۆ برای کوردم بە یەکگرتن سەردەکەوین ) بانگکراو ( ناوێکی تاک ، گرێی ناوی ، ناوێکی کۆ ، وشەیەکی سادە) ە.

٩- یەکێک لەمانە دوو ئامرازی بانگکردنن کە دەچنە دوای ناوی بانگکراو ( هۆ – ئەی ، ئۆ – ئا ، ە - ێ ، هێ – ئەرێ ) .

١٠- ئەو نیشانەیەی کە لە دوای ناوی بانگکراوەوە دادەنرێت ( خاڵ ( . ) ، سەرسوڕمان ( ! ) ، فاریزە ( ، ) – هێڵ ( __ ) ) .

١١- ( براینە یەکبگرن ) ( ە ) لە کۆتایی پەیڤی ( براینە ) ( بانگکراوە ، جێناوە ، کاری ناتەواوە ، ئامرازی بانگکردنە ) ..

١٢- ئامرازی بانگکرنی ( ێ ) بۆ کام لەم ناوانە بەکاردێت ( تاکی نێر ، تاکی مێ ، تاکی نێر و مێ ، تاک و کۆی مێ ) .

١٣- لە کام لەم ڕستانەدا ( ە ) ئامرازی بانگکردنە؟

(کوڕە هات ، دایکە ، کەلوپەلەکانم بۆ ئامادە بکە ، پەنجەرەکە دابخە ، دەچینە سەیران ).

١٤- کام لەم ڕستانە ئامرازی بانگکردنی تێدا یە ؟

( خویندکارێ یارمەتی هەژارەکان دەدا ، مامۆستاکە بانگ بکە ، کیژێ بخوێنە ، هەر دەوەنەو دەبێت بە دار ) .

# ئا. لێکدەر ، جێناوی لێکدەر ، ڕستەی ئاوێتە

١٣- ( زانست و زانیاری گەل پێشدەخەن ) گرێی (زانست و زانیاری ) ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ، نیهاد ، جێگری بکەر) ە.

١٤- ( کە بەهار هات ، دەچینە سەیران ) (کە ) ( وشەی پرس ، ئامرازی لێکدەر ، جێناوی لێکدەر ، ئامرازی ناساندن) ە .

١٥- ( هاورێکەم ڕۆیشتە زانکۆ ) (ە ) ی دوای ( ڕۆیشت ) ( ئامرازی پەیوەندی ، ئامرازی بانگکردن ، ئامرازی لێکدەر ، کاری ناتەواو)ە .

١٦- ( برا لە پشت برابێ مەگەر قەزا لە لای خودا بێت ) ( مەگەر ) ( ئا.بانگکردن ، ئا.لێکدەر ، جێناوی لێکدەر ، بانگکراو)ە .

١٧-ئامرازی لێکدەر یەکێک لەمانە بەیەکەوە نابەستێت ( دوو وشەی سادە ، دوو پیت ، دوو گرێ ، دوو ڕستە ) .

١٨- ( گەنم و جۆیان چاند ) ( گەنم و جۆ ) ئەرکی ( جێگری بکەر ، بکەر ، نیهاد ، بەرکار ) .

١٩- ( خوشک و براکە دەستگیردەگرێن ) گرێی ( خوشک و برا ) ئەرکی ( بکەر ، نیهاد ، جێگری بکەر ، نیهاد ) ە.

٢٠- ( ئاشکرایە ، کە پەتی درۆ کورتە ) شاڕستەی ئەم ڕستەیە بریتییەلە

( کە پەتی درۆ کورتە ، ئاشکرایە ، ئاشکرایە پەتی درۆ کورتە ، ئاشکرایە کورتە )

٢١- لە ڕستەی لێکدەردا وشەی لێکدەر هەمیشە دەکەوێتە ( دوای شاڕستە ، دوای پاڕستە ، پێش شاڕستە ، پێش پاڕستە ) .

٢٢- ( ئەو ڕەزێ کو تە کێڵای ، یێ بابێ منە ) ( کو ) چییە ( جێناوی لکاوە ، جێناوی لێکدەرە ، ئامرازی لێکدەر ، ئامرازی بانگکردن)ە .

٢٣- (کەچویتە هەولێر کتێبێکم بۆبکرە) (پارستە)ی ئەم ڕستەیە کامەیە؟

(چویتە هەولێر ، کتێبێکم بۆبکرە ،کەچویت کتێبێکم بۆبکرە ،کەچویتە هەولێر)

٢٤- (ئەوخوێندکارەی کەهەول بدات سەردەکەوێت)( شارستەکە ) بریتییە لە

(ئەوخوێنکارەی کەهەول بدات، خوێنکارەکە سەردەکەوێت ، کەهەول بدات ، ئەو خوێندکارە سەردەکەوێت)

٢٥- ( سەرمای زستان نەما کەبەهار هات ) (کە ) بووە بە ( ئامرازی ناساندن ، ئامرازی بانگکردن، جێناوی لێکدەر، ئامرازی لێکدەر )

٢٦- ( بڵندێتی ، دۆستایەتی ، دانایی ، گەشبینی ) یەکێک لەم وشانە بە پێی یاسای ( هاوەڵناوی چۆنیەتی + پشگر ) دروست بووە .

٢٧- ( وڵات بە ئازادییەوە جوانە ) ( ئازادی ) ئەرکی ( بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە ، نیهاد ، تەواوکەری کاری ناتەواو) ە .

٢٨- وشەی ( ڕەفتار ) پێکهاتووە لە ( قەدی چاوگ + پاشگر ، ڕەگی کار + پاشگر ، هاوەڵناو + پاشگر ، ناو + پاشگر ) .

٢٩- ( سەرکەوتن بەدەست هێنرا ) ناوی واتایی (سەرکەوتن )ئەرکی چییە ( بکەر ، نیهاد ، دیارخەری ناو ، جێگری بکەر ) ە .

٣٠- کام لەم ناوە واتاییانە بەهۆی ئەم یاسایەوە دروست بووە (هاوەڵناوی بکەری لێکدراو +پاشگر ) (ترسناکی ، خۆڕاگری ، کوشتار ، بڵندی ) .

٣١- چ کاتێک وشەی لێکدەری ( کو ، کە ) دەبنە جێناوی لێکدەر؟

( ئەگەر کەوتنە پێش ناوێک ، ئەگەر کەوتنە سەرەتای ڕستە ، ئەگەر لە جێی ناو بەکار هاتن ، ئەگەر دوو ڕستەی بەیەکەوە بەستەوە ) .

# ناوی واتایی

٣٢- ناوی واتایی ( هێز ) چۆن دروست بووە ( ناوی واتایی دروستکراوە ، ناوی واتایی بنجییە ، رەگی کارە ، هاوەڵناو + پاشگر ) .

٣٣- ( کرێکارەکان رەنج دەدەن ) ( رەنج ) وەکو ناوێکی واتایی ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ، نیهاد ، تەواوکەری کاری ناتەواو) ە .

٣٤- پارستە لە رستەی ناوێتەدا دەکەوێتە ( پێش شارستە ، دوای شارستە ، پێش و دوای شارستە ، پێش و دواو و ناوەراستی شارستە).

٣٥- یەکێکە لە چاوگە دەنگییەکان  (گرین ، کۆخین ، رۆیشتن ، فرۆشتن )

٣٦- ئەو ناوەی کە ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە بیبینێت هەمیشە یەکێک لە ئامرازە ( خستنەسەر ، پەیوەندی ، لێکدەر ، بانگکردن)ی لە پێشە .

٣٧- کام لەم ناوە واتاییانە بەهۆی ئەم یاسا یەوە دروست بووە ( هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگر ) ؟

( سەرما ، پیاوەتی ، تەقە ، گەرما )

٣٨- ناوێکی واتاییە و لە ( هاوەڵناوی چۆنییەتی + پاشگر ) دروست بووە . ( مەلەوانی ، دزێتی ، کارەبایی، سەرما )

٣٩- ناو لەرووی هەبونەوە دەکرێ بە ( دارێژراو ولێکدراو ، نێرو مێ ، گیاندارو بێگیان ، بەرجەستەو واتای )

٤٠- ناوێکی واتای بنجییە ( شەرم ، گەرما ، وەرە ، حەپە )

٤١- وشەی (کردار ) پێک هاتووە لە ( ناو + پاشگر ، رەگی کار + پاشگر ، قەد + پاشگر ، هاوەڵناو + پاشگر )

٤٢- لەرستەی ( برسییەتی مرۆڤ تورە دەکات ) ، وشەی ( برسێتی ) دروست کراوە لە

( هاوەڵناو + ەتی ، ناو + ەتی ، هاوەڵنای بکەر دارێژراو + ەتی ، هیچیان )

٤٣- ( هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگر ) رێگەی دروست بونی یەکێک لەمانەیە  ( کردار ، کورێتی ، زانیاری ، ئازایەتی )

٤٤- ناوی واتای ( نوسەری ) بەیەکێک لەم یاسایانە دروست کراوە

(ناوی بەرجەستە + پاشگر ، هاوەڵناوی بکەر دارێژراو + پاشگر ، رگی کار + پاشگر ، قەدی کار + پاشگر )

# هاوەڵناوی ژمارەیی

٤٥-  (----) بەیەکێک لەم شێوانە دەخوێنرێتەوە (پێنج سێیەکی ، سێ پێنج یەکی ، سێ لەسەر پێنج ، سێ پێنجی )

٤٦- ( وێ چار پێنج خانی ل دهۆکێ فرۆتن ) وشەی ( چار پێنج)

( هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی ، هاوەڵناوی ژمارەی بنجی ، هاوەڵناوی ژمارەی رێکخستن ، هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لێکدراوی بێ ئامراز )

٤٧- ئەو پەیڤەی کەبەکاردێت بۆ ژماردنی جلکو نوێن ( چاوە ، بەرگ ، پارچە ، دەست )

٤٨( خانیا چارێ ماڵی هەڤاڵێ منە ) (چارێ) هاوەڵناوی ژمارەی ( بنجییە ، ڕێکخستنە ، کەرتییە ، ڕێژەییە )

٤٩- بەژمارە (١١) دەوترێت ( هاوەڵناوی ژمارەی بنجی ، هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن ، ژمارەی سروشتی ، ژمارەی دەیی )

٥٠- هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی ( لەپێش ناو ، دوای ناو ، پێشو دوای ناو ، هیچیان ) دێت .

٥١- ئەگەر ها (ژ ) بنجی کۆتای بەپیتی بزوێن هاتبوو کاتێک پاشگری (هەم) وەردەگرێت پێویستی بەناوبەندی

( ی ، و ، ێ ، هیچیان ) دەبێت .

٥٢- ( هاوڕێکەم هەژدا کۆپلە شیعری خوێندەوە) پەیڤی (هەژدەکۆپلە ) (ها.ژ. بنجی سادەیە ، ها.ژ.بنجی لێکدراوە ، ها.ژ. ڕێکخستنە ، دیارخراوە )

٥٣- پەیڤی (ئەوەندە ) ژمارە ( ١تا ٩ ، ٣ تا٩ ، ٣ تا ٥ ، ٥ تا ٩ ) دەگرێتەوە .

٥٤- یاریزانێ پێنجا هەڤاڵێ منە . ( پێنجا ) ( ژمارەی بنجی سادەیە ، ژمارەی کەرتییە ، ژمارەی ڕێکخستنە ، ژمارەی بنجی لێکدراوە )

٥٥- (-----)    دەوترێ ( بیست سێیەکی ، سێ یەکی ، یەک بیست سێ ، سێ بیست یەکی )

٥٦- (دوو بنە دارم چاند ) (دوو بنە )

( هاوەڵناوی ژمارەی ڕیکخستنە ، ناوێکی لێکدراوە ، هاوەێڵناوی ژمارەی کەرتی لێکدراوە ، ژمارەی بنجی لێکدراوە)

٥٧- لەڕستەی ( چل پەنجا کەس لەکۆرەکەدا دانیشتبون ) (چل پەنجا )

( هاوەڵناوی ژمارەی بنجی سەر گرێیە ، هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لێکدراوە ، هاوەڵناوی ژمارەی بنجی سادەیە ، هەرسێکیان )

٥٨- ناوی تەواو کراو لەهاوەڵناوی ژمارەی کەرتی هەمیشە دەکەوێتە

( پێش هاوەڵناوەکە ، پیش ئامرازی دانە پاڵ ، دوای هاوەڵناوەکە ، هیچیان نییە )

٥٩- لەڕستەی ( پێنجی ئازار شاری رانیە ئازاد کرا ( پەنجی ئازار )

( گرێی هاوەڵناوییە ، ناوی تەواو کراوە ، گرێی ناوییە ، گرێی هاوەڵکارە )

٦٠- ( یەکی ئایار جەژنی کرێکارانە ) (یەکی ئایار ) گرێی ( ناوی ، هاوەڵناوی ، هاوەڵکاری ، هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لێکدراو )

٦١- ( منداڵەکە دوسێوی خوارد ) ئەکی (دوو ) (دیارخەر ، دیارخراو ، بکەر ، بەرکار )

٦٢-( کاروخ دوو سێ کراسی کڕی) (. ( دوو سێ ) ( هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی ، هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن ، هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی).

٦٣- ئەگەر هاوڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن لەدوای ناو هات دەبێت یەکێک لەمانە بکەوێتە نێوان ناوەکەو هاوەڵناوەکە ئامرازی

( لێکدەر ، پیوەندی ، ناساندن ، خستنەسەر )

٦٤- هاوەڵناوی ژمارەیی بەگشتی یەک ئەرکی هەیە ئەویش ( دیارخراوە ، بکەرە ، دیارخەرە ، نیهادە )

٦٥- ( ١٢ ، ٢٠ ، ٧ ، ٣٣ ) پێیدەڵێن ژمارەی بنجی سەرە گرێ.

٦٦- هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی لەڕوی پێکهاتنەوە هەمیشە یەکێک لەمانەیە ( سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ، ناوێتە )

٦٧- هاوەڵناوە ژمارەییە بنجییە کانی ( دە و دەجارەکانی ) پێی یان دەگوترێت ( سادە ، لێکدراو ، تێکەڵ ، سەرە گرێ )

٦٨- هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنی ( بیست و یەکەم ) لەڕوی پێکهاتنەوە یەکێک لە مانەیە ( سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ، تێکەڵ )

٦٩- لەرِستەی ( خوێندکارێ ئێکی هاتە خەلآت کرن ) هاوەڵناوی ژمارەی ( ئێکی ) بۆ ناوی

( تاکی نێر ، تاکی مێ ، کۆی نێر ، کۆی مێ ) بەکار هاتووە .

٧٠- هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی ( -------- ) چۆن دەخوێندرێتەوە ؟ ( هەشت دوویەک ، دوو هەشت یەک ، هەشت لەدوو ، دوولە هەشت )

٧١- ئەگەر لەنێوان هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی و ناوە ژمێردراوەکەدە ( ی ) ئامرازی خستنە سەر هەبوو ئەوا یەکێک لەم گرێیانە

( ناوی ، هاوەڵناوی ، هاوەڵکاری ، کاری ) دروست دەبێت .

٧٢- یەکێک لەم هاوەڵناوە ژمارەییانە لە رووی دروست بوونەوە یان دارِژاوە یان لێکدراوە ( کەرتی ، ڕێکخستن ، بنجی ، هیچکامایان ).

٧٣- هاوەڵناویژمارەیی (ڕێکخستن لە کرمانجی خواروودا ، کەرتی ، بنجی ، ڕێکخستن لەکرمانجی ژووردا ) دەکرێت لە پێشو لەدوای

ناوە دیارخراوە کەوە بێت .

٧٤- دووەمین ڤیستیڤاڵ بەسترا . ( دووەمین ) هاوەڵناوی ژمارەیی (ڕێکخستن ، کەرتی ، سادە بنجی ، لێکدراو )

٧٥- دوازدە رۆژنامە نوس خەلآت کران . (دوازدە ) هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی

( سادەی سەر گرێ ، لێکدراوی بێ ئامراز ، لێکدراوی تێکەڵ ،لێکدراوی بەئامراز )

٧٦- خوێندکارا سێیێ ژ زانکۆ دەر چویە . ( سێیێ ) هاوەڵناوی ( نادیار ، ژمارەی کەرتی ، ژمارەیی بنجی ، ژمارەیی ڕێکخستن ) ە

٧٧- ئەو هاوەڵناوە کەرتییە چۆن دەخوێندرێتەوە ( ) ( پێنج دو یەک ، پێنج یەک دوو ، دوو پێنج یەک ، یەک دووپێنج )

٧٨- ( خوێندکارە دووەمەکە هات ) بزوێنی دوای (خوێندکار ) ( ئامرازی پەیوەندییە ، ئامرازی بانگکردنە ، ئامرازی خستنە سەرە ، نیشانەی ناساندنە )

٧٩- ( کچەسازدە سالآنەکە بەشودرا ) ( شازدە سالآن ) چییە ؟ ( گرێی ناوییە ، وشەی لێکدراوە ، گرێی هاوەڵکارییە ، گرێی هاوەڵناوییە )

٨٠- سێ یەکی زەویەکەی خوی فرۆشت. ( سێیەک ) هاوەڵناوی ژمارەیی ( بنجی سادەیە ، بنجی لێکدراوە ، کەرتی ، ڕێکخستنە )

٨١- لەرِستەی ( هەزاران کەس لە دژی گەندەڵی ڕاپەڕین) ( هەزاران ) هاوەڵناوی ژمارەیی

( بنجی سادە ، ڕێکخستنی سادە ، ڕێکخستنی لێکدراو ، بنجی کۆکراوەیە )

٨٢- لەدیالێکتی کرمانجی خواروودا ئەگەر هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکختن لەرِستەا کەوتە دوای ناوە دیار خراوەکە ئەوا پێویستە لەنێوان ناوە دیار خراوەکەو ئاوەڵناوە

ژمارەییە ڕێکخستنەدا چی هەبێت ( ( ی )ئامرازی خستنە سەر ، ( ی ) ناوبەند ، ( ێ ) ئامرازی خستنەسەر ، ( ا ) ئامرازی خستنەسەر )

٨٣- ( ا ، ێ ) پاشگر دەچێتە سەر چی لەژمارەیی ڕێکخستندا ( ناو ، جێناو ، ژمارە ، ناو وجێناو )

٨٤- سێ یەکی کتێبەکەم خوێندەوە . بەکەرتی چۆن دەنوسرێ؟ ( ، ، ، )

٨٥- مانای ڕاوەستانێکی تەواو دەگەیێنێ ( خاڵ ، بۆر ، تەقەڵ ، بۆرو خاڵ )

٨٦- بۆ دەر برینی زنجیرە وشەیەک بەکار دێت ( بۆرو خاڵ ، دوخاڵی لەسەر یەکتر ، بۆر ، خاڵ )

٨٧- لەڕستەی ( پەشێو لەساڵی ١٩٤٦ لە دایک بووە ) هێڵ بەژێردراوەکە یەکێک لەم هێمایانەی بۆ بەکاردێت

( جووت کەوانەی گەورە ( ) ، جووت کەوانەی بچوک ( ) ، هێڵ (-) ، هیچیان )

٨٨- ( دووخاڵ ، یەک خاڵ ، چەند خاڵێک ، بۆرو خاڵ ) یەکێک لەمانە نیشانەی لێکدانو ڕاڤە کردنە لە پێشناخاوتن یان هێنانەوەی نمونە بەکاردێت.

٨٩- شارەوانی بلدییە خزمەتی گەل دەکات. کام لە هێمای خاڵبەندی بۆ دەبێت ( (( )) ، ! ، - ، ( ) ) .

٩٠- ( ئۆخەی لەدەست دەرە بەگ ڕزگارمان بوو) پێویستە لەدوی وشەی ( ئۆخەی) نیشانەی ( . ، ؟ ، - ، ! ).

٩١- بۆر ( ، ) بەکاردێت لە ( پێش هێنانەوەی نمونە ، لەکۆتای رستەدا ، لەدوی ناوی بانگکراو ، بۆجیاکردنەوەی دوکەسی گفتوگۆکەر ).

٩٢- بۆجیاکردنەوەی دوکەسی گفتوگۆکەر بەکاردێت { ( ) ، .......... ، - ، : }.

٩٣- (:) دووخاڵ ( لەڕستەی لێکدراو ، لەدوی وشەیەک پێویستی بە لێکدانەوە بێت ، لەدوای ناوی بانگکراو ، لەکۆتای ڕستەیەکی واتادار ) دادەنرێت.

٩٤- ئۆخەی لەدەست دووژمن ڕزگارمان بوو   یەکێک لەم نیشانەی خاڵبەندیانەی بۆ دادەنرێت ( خاڵ ، بۆر، سەر سوڕمان ، بۆرو خاڵ ).

٩٥- ئەو کەسانەی وڵات دەپارێزن نیشتیمان پەروەرن . ئەم ڕستەیە ( خاڵ ، بۆرو خاڵ ، کەوانەی گەورە ، بۆرێ کەمە ).

٩٦- لەڕستەی ( چند درەنگ هاتیت ) نیشانەی ( پرس ، سەر سوڕمان ، بۆر ، هێڵ کەمە ).

٩٧- بۆ جیاکردنەوەی قسەی دوکەسی گفتوگۆکار یەکێک لەم هێمایانە { بۆرو خاڵ ، یەک خاڵ ، بۆر ، هێڵ }.

٩٨- لەدوی وشەی { بۆنمونە } یەکێک لەم هێمایانە بەکار دێت { دووخاڵ لەسەر یەک ، سێخاڵلەدوای یەک ، بۆر ، تەقەڵ }.

٩٩- کەسی شەرمن مافی دەخورێت { دیارخەرە ، بکەرە دیار خراوە بەرکارە }.

١٠٠- ئەگەر هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی کۆتای هاتبووبە پیتێکی نەبزوێن ئەوا ڕاستەو خۆ پاشگرەکانی ڕێک خستنی { ەم- ەمین ، هەم- هەمین ، هەر چواریان } وەردەگیرێت..

# هەلبژاردەکانی ڕێزمان وەرزی دووەم

۱۰۱-( هەموو خوێندکارەکان سزا دران ) وشەی ( هەموو ) چییە ؟(هاوەڵکاری چەندێتی،هاوەڵناوی نادیار ،هاوەڵناوی چۆنیەتی ،جێناوی نادیار )

۱۰۲-( ڕۆژگار هەموو مرۆڤێک دەردەخات ) وشەی ( هەموو) چییە ؟ ( هاوەڵناوی نیشانە ، هاوەڵناوی نادیار ، جێناوی نیشانە ، جێناوی نادیار )

۱۰۳ - لە ڕستەی ( هەموو خوێندکارەکان لە تاقیکردنەوەکاندا بەژدارییان پێ کرا )ئەرکی ( هەموو ) چییە ؟

( بکەر ، بەرکار ، جێگری بکەر ، دیارخەری ناو ) ە .

۱۰٤-( چەند گۆڤارێکم خوێندەوە ) وشەی ( چەند ) ئەرکی چییە ؟ ( دیارخراوە ، دیارخەرە ، نیهادە ، جێگری بکەرە )

۱۰٥- یەکێک لەم وشانە هەمیشە بە شێوەی نادیار دەمێنێتەوە ( ئەختێک ، کەمێک ، هەر ، کابرا ) .

۱۰٦- لە ڕستەی ( هەر شتێک کە درەوشایەوە زێڕ نییە ) ( هەر ) بووە بە ( دیارخراو ، دیارخەر ، بەرکار ، نیهاد ) .

۱۰۷- وشەیەک لە ڕستەدا وەسفی ناوێک یان جێناوێک بکات دەبێتە ( هاوەڵکار ، کاری یاریدەدەر ، هاوەڵناو ، جێناوی نادیار ).

۱۰۸- لە ڕستەی ( هەندێک کەس ڕۆیشتن ) وشەی ( هەندێک ) بووە بە ( هاوەڵکاری چەندێتی ، جێناوی نادیار ، هاوەڵناوی نادیار ، کار ) .

۱۰۹- لە ڕستەی ( هەموو بەڕێزن ) ( هەموو ) بووە بە ( بکەر ، بەرکار ، جێگری بکەر ، نیهاد ) .

۱۱۰- لە ڕستەی ( هاتن بۆ هەمووانە ) ( هەموو ) بووە بە

( دیارخەری ناو ، تەواوکەری کاری ناتەواو ، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو ، بەرکار ) .

۱۱۱- هاوەڵناوی نادیار دەتوانێت ببێت بە ( بکەر ، بەرکار ، دیارخەری ناو ، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو ) .

۱۱۲- هاوەڵناوی نادیار کاتێک پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر هەیە ئەگەر هاتوو کەوتە

( دوای ناوەکە ، پێش ناوەکە ، پێش و دوای ناوەکە ، هیچ کامیان ) .

۱۱۳- لە ڕستەی ( لە فڵانم دا ) ( فڵان ) بووە بە ( بکەر ، بەرکار ، دیارخەری ناو ، تەواوکەری بەیاریدە ) .

۱۱٤- لە ڕستەی (فڵان خوێندکار خەڵاتکرا ) (فڵان) ئەرکی ( دیارخەری ناو ، جێگری بکەر ، بکەر ، نیهاد ) ە .

١١٥- وشەیەکە لەبری ناوی کەسێک یان شتێک بەکاردێت و بێ ئەوەی بزانی کەسەکە یان شتەکە چییە ؟

( هاوەڵناوی نادیار ، جێناوی نادیار ، کاری یاریدەدەر ، هاوەڵناوی چۆنیەتی ) .

١١٦- ( گشت زیرەکن ) (گشت ) چییە ؟ ( نیهاد ، بکەر ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ) .

١١٧- -( برای کابرا یەکەم بوو ) وشەی ( کابرا ) چییە ؟ ( جێناوی نادیار ، هاوەڵناوی نادیار ، جێناوی هەیی ، هاوەڵناوی چۆنیەتی ) .

١١٨- -( یەکێک لە مامۆستاکان خەڵات کرا ) (یەکێک) چییە ؟ (جێناوی پرس ، هاوەڵناوی پرس ، جێناوی نادیار ، هاوەڵناوی نادیار )

١١٩- لە ڕستەی ( هیچم بە هیچ نەکرد ) وشەی ( هیچ ) ی یەکەم ئەرکی ( بەرکار ، نیهاد ، دیارخەری ناو ، بکەر ) ە .

١٢٠- کاری دارِژاو بەچەند رێگە دروست دەکرێ ( سێ ڕێگە ، دوو ڕێگە ، چوار ڕێگە ، شەش ڕێگە ) .

١٢١- پێشگری ( وەر ) واتای چی دەگەیەنێت ؟ ( سەرەوە ، خوارەوە ، شوێن گۆڕین ، تەنیشت ) .

١٢٢- کام کارە دارِژاوە لە ( پێشگر + کاری تێپەڕ ) دروست کراوە ؟ ( دانیشت ، هەڵفڕی ، ڕۆچوو ، وەرگرت ) .

١٢٣- ( اند ، هەر ، ەوە ، ی ) کاتێ دەچێتە سەر کاری سادەی بێ واتا ، کاری دارِژاوی واتادار دروست دەکات .

١٢٤- کاری یەکێک لەم ڕستانە پێکهاتووە ( پێشگر + کاری سادە + پاشگر )

( ژوورەکەی پاککردەوە ، سەیارەکە هەڵبووەوە ، کەشتیەکە نقووم بووەوە ، ڕانەکەی ئاودایەوە .

١٢٥- لە ڕستەی ( دارەکانی سوتاند ) کاری ڕستەکە پێکهاتووە لە

( ڕەگ + پاشگر ، دەنگی سروشتی + پاشگر ، قەدی چاوگی تێنەپەڕ + پاشگر ، قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگر ) .

١٢٦- لە کاری ( دا ماڵی ) پێشگرەکە بەمانای چی دێت ( بۆ بەرزی ، شوێن گۆڕین ، بۆ خوارەوە ، بزووتنەوەیەکی ڕاستەوخۆ ) .

١٢٧- لە ڕستەی ( پێنووسەکەم دادا ) کاری ڕستەکە بەیاسای ( پێشگر + کاری سادە ، کاری سادە + پاشگر ، کارەکە سادەیە ) پێکهاتووە.

١٢٨- بە چەند ڕێگا کاری لێکدراو دروست دەکرێت ( سێ ڕێگا ، چوار ڕێگا ، دوو ڕێگا ، شەش ڕێگا ) .

١٢٩- کام لەم کارانە بەم یاسایە پێکهاتووە ( هاوەڵناوی لێکدراو + کاری سادە )

( خۆشکرد ، گەورەبوو ، بەکرێ دا ، دڵخۆش کرد ).

١٣٠- یاسای دروستکردنی کاری ( جەخت کرد ) بریتییە لە

( ناوی سادە + کاری سادە ، ناوی دارِژاو + کاری سادە ، هاوەڵناوی سادە + کاری سادە ، هاوەڵناوی دارِژاو + کاری سادە ).

١٣١- لە ڕستەی ( کارەساتەکامان لە یادکرد) کاری ڕستەکە بە یاسای

( ناو + کاری سادە ، گرێی ناوی + کاری سادە ، هاوەڵناوی دارِژاو + کاری سادە ، ناوی دارِژاو + کاری سادە ) .

١٣٢- کاری دارِژاوی ( دۆزییەوە) بە یاسای ( پێشگر + کاری سادە ، وشەی بێ واتا + کاری سادە ، کاری سادە + پاشگر ) پێکهاتووە.

١٣٣- پاشگری (اندن) دەچێتە سەر کار و چەند گۆرانکارییەک دروست دەکات

( سادە دەکات بە دارِژاو ، دارِژاو دەکات بە لێکدراو ، سادە دەکات بە دارِژاو و تێپەر ، تەنها تێنەپەر دەکات بە تێپەرِ ) .

١٣٤- بە یەکێک لەم یاسایانە ( رەگی کار + اندن ، دەنگی سروشتی ، قەدی چاوگ + اندن ، هێنایە + چاوگی تێنەپەر ) دەنگە سروشتیەکان دەبن بە تێپەر .

١٣٥- لە رستەی ( سەگەکە منداڵەکەی هێنایە قیژاندن) هێڵ بەژێرداهاتووەکە ( کاری یاریدەدەرە ، کاری تێپەر ، کاری تێنەپەر ، کاری سادە) ە.

١٣٦- کارێکی لێکدراو بەیاسای ( وشەی بێ واتا + کاری سادە ) دروست بووبێ ( نقووم بوو ، سواربوو ، دانیشت ، لەبیرچوو ) .

١٣٧- ( خوێندنگەکەیان نوێ کردەوە ) کاری ( نوێ کردەوە ) بە کام یاسا دروست بووە ؟

( ناو+کاری سادە ،  هاوەڵناو +کاری دارِژاو ، هاوەڵکار + کاری دارِژاو ، گرێی ناوی +کاری دارِژاو ).

١٣٨--( پارمەتی هەژارەکەی دا ) کاری رستەکە لەرووی دارِشتن و پێکهاتنەوە چۆنە ؟ ( سادە . دارِژاو ، لێکدراو ، هیچیان ).

١٣٩--( ئۆتۆمبیلەکەمان پەکی کەوت ) کاری ( پەک کەوت ) بەپێی کام یاسا پێکهاتووە ؟

(ناو+کاری سادە ،وشەی بێ واتا+کاری سادە، ناو+ کار ، هاوەڵکار + کاری سادە ).

١٤٠- دەکرێ بەشی یەکەمی کاری لێکدراو ( ناو ، هاوەڵناو ، هاوەڵکار ، هەموویان ) بێت .

١٤١- کاری ( بەهێز بوو ) چۆن دروست بووە ؟

( ناوی دارِژاو+کاری سادە ، هاوەڵناوی سادە+کاری سادە ، گرێی ناوی+کاری سادە، هاوەڵناوی دارِژاو+کاری سادە ).

١٤٢- کاری ( سەربرِی ) بەیاسای ( کاری سادە + پاشگر ، ناو + کاری سادە ، هاوەڵناو + کاری سادە ، هاوەڵکار + کاری سادە ) دروستبووە.

١٤٣- لە هاوەڵناوی دارِژاوی ( نەخۆش ) بە چەند ریگا دەتوانین کاری لێکدراو دروست بکەین ( سێ ، دوو ، یەک . چوار ) .

١٤٤- یەکێک لەم چاوگانە ( چوون ، گەیشتن ، تەقین ، گریان ) بە دانانی ( یـ ) ناوبەند دەکرێت بە کاری تێپەرِ .

١٤٥- ( ناڵە ) دەنگی سروشتیە و ئەگەر بیکەین بە ( تێپەرِ) بەم شێوەیەی لێدێت ( ناڵاند ، ناڵاندن ، هێنایە ناڵاندن ، ناڵاندی ) .

١٤٦- کاری ( تێپەرِ ، تێنەپەرِ ، ناتەواو ، یاریدەدەر ) دەتوانێت تەنها بە ( بکەر و کار ) واتای کاری رستەکە تەواو دەکات .

١٤٨- ( منداڵەکە دەگەرِێنرێتەوە بۆ ماڵی باوکی ) جۆری کاری رستەکە چیەە ؟

( تێپەرِی نادیار ، تینەپەرِی نادیار ، کاری ناتەواو ، کاری داخوازی تێنەپەرِ )

١٤٩- کاری یەکێک لەم رستانە تێپەرە ؟

( منداڵەکەمان خەوتەوە ، منداڵەکەمان خەواندەوە ، منداڵەکەمان خەوت ، منداڵەکەمان دەخەوێت )

١٥٠- ( بەرکار ) لەکام رستەدا هەیە ؟

( لەمنداڵەکەم دا ، بە ئۆتۆمبیل لە منداڵەکەم دا ، ڕێگامان لە کاروانەکە گرت ، دیوارەکە بەسەر کرێکارەکاندا کەوت)

١٥١- کام لەم چاوگانە تێنەپەڕە ( کڕین ، گەیاندن ، ناڵاندن ، هەڵواسین ) .

١٥٢- بە چەند ڕێگا کار تێنەپەڕ داکرێت بە تێپەڕ ؟ ( دوو ڕێگا ، سێ ڕێگا ، یەک ڕێگا ، پێنج ڕێگا ) .

١٥٣- پاشگری (اندن )کە دەچێتە سەر دەنگی سروشتی چی دروست دەکات ؟ ( چاوگی تێپەڕ ، چاوگی تێنەپەڕ ، کاری ناتەواو ، کاری یاریدەدەر ).

١٥٤-( باڵندەکایان هەڵفڕاند ) کارەکە بە چ یاسایەک کراوەتە تێپەڕ ؟ ( کاری یاریدەدەر+اند ، قەد+اند ،ڕەگ+اند ، دەنگی سروشتی+اند )

١٥٥- کاری ( مرد ) بە کام ڕێگا دەبێت بە تێپەڕ ؟ (قەد + پاشگر ، ڕەگ + پاشگر ، کاری یاریدەدەر + چاوگ ، پێشگر + ڕەگ ) .

١٥٦- چاوگی ( تەپین ) ئەگەر بیکەین بە تێپەر بەم شێوەیەی لێ دێت ( تەپا ، تەپیوو ، تەپاندن ، تەپان ) .

١٥٧- کام لەم چاوگانە تێپەڕە ( دەچێت ، ڤیژاندن ، دەنووێت ، نوواندن ).

١٥٨- ئەم یاسایە ( کاری سادە + اندن ) هی کام لەم چاوگانەیە ( کەواندن ، خەواندن ، برژاندن ، ڤیژاندن ) .

١٥٩- کاری ( گەیاندن ) چۆن بووە بە کاری تێپەڕ ؟

( قەدی چاوگ + ی + اندن ، دەنگی سروشتی + یـ + اندن ، کاری یاریدەدەر + یـ + چاوگی تێنەپەڕ ، ڕەگی کار + یـ + اندن ) .

١٦٠- بەرکار تەنها لەو ڕستانەدا هەیە کە کارەکانیان ( ناتەواوە ، تێنەپەڕە ، تێپەڕە ، یاریدەدەرە )

١٦١- بەرکار واتای کاری ( تێنەپەڕ ، یاریدەدەر ، ناتەواو ، تێپەڕ ) تەواودەکات .

١٦٢- لە ڕستەی ( کەلوپەلەکانی پێگەیشتەوە) کاری رستەکە کارێکی ( تێپەڕە ، یاریدەدەرە ، ناتەواوە ، تێنەپەرە ) .

١٦٣- لە رستەی ( منداڵەکەی خستە گریان ) کاری ( خستە گریان ) کارێکی ( داخوازی ، تێپەڕ ، تێنەپەڕ ، یاریدەدەر) ە .

١٦٤- ( نمرەیەکی باشی هێنا ) وشەی ( باش ) چییە ؟ (کاری یاریدەدەر ، کاری دارِژاو ، هاوەڵکاری چۆنیەتی ،هاوەڵناوی جۆنیەتی ).

١٦٥- ( تاقیکردنەوەکان ئەنجام دران ) وشەی ( تاقیکردنەوەکان ) ئەرکی چییە ؟ ( بکەر ، بەرکار ، جێگری بکەر ، نیهاد ) .

١٦٦- لە ڕستەی ( مامۆستاکە مامۆستایەکی زیرەک بوو ) ( زیرەک ) بووە بە ( دیارخەر ، تەواوکەری کاری ناتەواو ، تەواوکەری کار ، بەرکار )
.١٦٧- لە ڕستەی ( بەجوانی گوڵەکانی ئاودا ) ( ی ) دوای (گوڵەکان ) بووە بە

( ئامرازی خستنەسەر ، ئاوبەند ، جێناوی لکاو ، نیشانەی ڕەگەزە).

١٦٨- هاوەڵکاری چۆنیەتی لە ڕووی پێکهاتنەوە چەند جۆرە ( پێنج ، سێ ، دوو ، چوار ) .

١٦٩-(دەمەوێت کارەکە زوو ئەنجام بدەم )کاری (دەمەوێت ) چییە ؟ ( کاری داخوازی ، کاری ڕانەبردوو ، یاریدەدەر ،کاری سەرەکی ) .

١٧٠- وشەیەکە لە پاڵ کاری سەرەکی ڕستەدا دێت و دەبێتە هۆی تەواوکردنی واتای کارەکە ؟

( کاری تێپەڕ ، کاری لێکدراو ، کاری تێنەپەڕ ، کاری یاریدەدەر ) .

١٧١- لە ڕستەی ( ڕۆمانەکەمان بۆ خوێندنەوە دەگونجێن ) کاری ( دەگونجێن ) کاری ( سەرەکی ، یاریدەدەر ، لاوەکی ، ناتەواو) ە .

١٧٢-( دەمەوێت پەیامەکەتان بگەیەنم ) کاری سەرەکی کامەیە ؟ ( دەمەوێت ،بگەیەنم ، پەیامەکە ، کاری سەرەکی تێدا نییە ) .

١٧٣- ( ڕۆمانەکەی بەخێرایی چاپکرد ) ( بەخێرایی ) بووە بە

( هاوەڵناوی نادیار ، هاوەڵناوی چۆنیەتی ، هاوەڵکاری جۆنیەتی ، جێناوی پرس ) .

١٧٤- کام لەم ڕستانە کاری یاریدەدەری تێدا نییە

( پارەکەم دا بە لانە بۆ کرینی کەلوپەل ، دەمەوێت بخەوم ، ویستم هۆنراوەیەک بنووسم ، دەبێت یەکریزی گەل بپارێزین) .

١٧٥- دەبێت لە کام لەم ڕستانەدا کاری سەرەکییە ؟

( دەبێت کارەکان ئەنجام بدەین ، هەر دەوەنەو دەبێت بە دار ، دەبێت نهێنیەکان بپارێزین ، دەبێت نان بخۆم ) .

١٧٦- لە کاری بکەرنادیار دا لە کرمانجی ژووروودا کاری یاریدەدەر دەکەوێتە کوێوە ؟

( پیش ناو ، پێش چاوگ ، دوای چاوگ ، سەرەتای ڕستە ) .